ژنان گۆڤارێکی سیاسی ـ فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە
کە سێ مانگ جارێک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی
کوردستانی ئێران دەری دەکات

## ئازادی بۆ ژن
## بەختیاری بۆ کۆمەڵ





جۆزەردانی ١٣٩٢ـ ژوئەنی ٢٠١٣
ژمارەی ٤٠

سەرنووسەر : هێرۆ جەڵدیانی

دەستەی بەرێوەبەریی گۆڤار:
ئێلهام چایچی		چنوور قادری
ئازاد کوردی		سەفیە خالیدی

ژنان لەسەر سایت:
www.yjdki.org
www.kurdistanmedia.com
www.pdki.org
webmaster@yjdki.com

ئیمەیلی گۆڤاری ژنان:
gowarijinan@gmail.com
ئیمەیلی بەرنامەی رادیۆیی
« بۆ بەختیاریی کۆمەڵ»
radiojinan@gmail.com


نامە و نووسراوەکانتان لە رێگای کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنکە و نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، بۆ گۆڤاری ژنان بنێرن.


دیزاینی بەرگ و مونتاژ : مەهتاب مەعروفی
تایپ: مەحبووبە ئیبتکار



سەروتار ٢



لە پەراوێزی روداوەکانی... ٦



مێژووی مافی دەنگدان... ٧



ژنان لە کۆماری ئیسلامیدا... ١٠



ژیان چیە؟ ١٤



هاوسەرگیری نێوان... ١٦

# سەروتـار

کاتێك بریاری دەرچوونی گۆڤاری ژنان درا، بەڕێوەبەری هەستی بەوەکرد ئەرکێکی قوورسی کەوتۆتە سەرشان و دەبێ شانی وەبەر بدەن و گۆڤارەکە سەری هەر ماوەیەی بۆی دیاری کراوە دەربچێت.

ئێستا کە چلەمین ژمارەی گۆڤارەکەمان لە بەر دەست دایە و ئامادە دەکرێت بۆ دەرچوونی، بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بە شادی و هەست بە بەرپرسایەتی و وزەیەکی پتر لە جاران، وێڕای ڕێزگرتن لە تێکۆشانی چەند ساڵەی ڕێبەرایەتی یەکیەتیی ژنان و بەتایبەتی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنان لە لایەك وهاوکاری و ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی ئەندامانی ژنان، دڵسۆزان و خوێنەرانی گۆڤارەکەمان کە هەموو پێکەوە توانیویانە بێ‌پسانەوە بە هەول و ماندوویییەوە سەرەڕای ئەو هەموو گرفتانەی کە لەسەر ڕێی خەبات و تیکۆشانمان بووە، سەرکەوتوانە یەك بە دوای یەكدا ژمارەکانی گۆڤار چاپ و بڵاو بکەین. سەرەڕای ئەمانەش رەخنەی بە جێ و دڵسۆزانەی دۆستان و لایەنگران بوونەتە هۆی تێکۆشان و تین و گووری تایبەتی و هاندەر بوونە بۆ دۆزینەوەی بابەت و سووژەی نوێی و خۆماندووترکردنی دەستەی نووسەران.

وێڕای پیرۆزبایی کردن لە دەستەی بەڕێوەبەری و نووسەرانی گۆڤارەکەمان، هیوارداریــن خوێنەران باشتر لە پێشوو هاوکار و ڕێنوێنی دەرمان بن.

سالی ١٣٩٢ی هەتاوی لە لایەن ئایەتوولڵا خامنەییەوە بە ساڵی (حەماسەی سیاسی ـ حەماسەی ئابوویی) ناودێرکرا، لەسەرەتادا کۆر و کۆمەڵگای جیهانی و ناوچەیی و ئێرانی بۆچوونیان لەسەر ئەو دروشمە ئەوەبوو کە بە هێنانە گۆری ئەو درووشمە، وا پێدەچێت ئایەتوولڵا خامنەیی بیهەوێت گۆرانێك بە سەر سیاسەت و ئابووری وڵات و دەسەڵاتەکەی دابێنێت! بەڵام بەرەبەرە کە لە یازدەهەمین خوولی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران نیزیك بووینەوە، واتای درووشمەکە کاتێك دەردەکەوێت کە ئایەتوولڵا خامنەیی لە دانیشتنێکی کە لە مانگی گوڵاندا بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ڕێژیمەکەی گرتی، ئاوا باسی ئەو دوو حەماسەیەی بۆکردن:

«حەماسەی سیاسی» یانی بەشداریکرنی خەڵك لە هەڵبژاردندا، «حەماسەی ئابووری» یانی بەشداری کردنی خەڵکی دەوڵەمەند بۆ یارمەتی دان بە فەقیر وهەژاران و بۆ ئەوەی ڕێژیم لە گوشاری گەمارۆکان رزگاریی بێت.

بەدوای ئەم شیکردنەوەی خامنەیی، هەموو کاربەدەستان، بەرپرسان، سەرۆك کۆمار و نوێنەرانی خامنەیی لە مزگەوتەکان و لەهەر شوێنێك کە دەرفەتی پێکهێنانی کۆبوونەوەیان هەبووبێت باسی نەخشی خەڵکیان لە هەڵبژاردنەکاندا زەقکردووەتەوە و هەموو گیر و گرفت و کێشەکانی نێو ڕێژیم و نێو نەتەوییان خستووەتە سەر شانی خەڵك و تەنیا ڕێگای رزگار بوون لەم دۆخەی، بەشداریی چالاکانەی هەموو چین و توێژەکانی خەڵك لە هەڵبژاردن پیشان دراوە.

ساڵانێکی زۆرە کە کۆماری ئیسلامی ئێران، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەوەی خەڵك بێنێتە پێی سندووقەکانی دەنگدانەوە و لە دەزگا راگەیاندنەکانی بە تایبەتی لە تلەویزیۆندا تەبلیغی پێوە بکات و بە دونیا نیشان بدات کە خەڵك بە پێچەوانەی تەبلیغاتی دوژمن هەر لەگەڵ ڕێژیمن، ئەم شانۆگەریە بەڕێوە دەبات.

لە یاسای بنەرەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا چەند مەرجیان بۆ ئەو کەسانەی خۆیان بۆ سەرۆك کۆماری کاندید دەکەن داندراوە، یەکێك لەو یاسایانە (پیاو بوونە)، بۆ ئەم خولەی هەڵبژاردنیش کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵك خۆیان کاندید کرد بوو، ١٢ کەسیان ژن بوون کە رەدی سەلاحییەت کرانەوە و لە نێوان پیاوەکانیشدا تەنیا ٨ کەس تەئید کران.

ئێمە وەك یەکیەتیی ژنان بە دیاری کردنی سەلاحییەتی ئەو دەستە لە پاڵێوراوان و هەڵبژاردنی هەر یەك لەوانە، لامان وایە هیچ ئاڵوگۆرێك لەو ڕێژیمەدا پێك نایەت، چوونکە تا یاسای بنەرەتیی ڕێژیم گۆرانی بەسەردا نەیە، نابێ چاوەڕوانی ئاڵوگۆر لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا بین. بە تایبەتی هیچ کام لەو ٨ کەسە بۆ لابردنی گیروگرفتی ژنان هیچ چەشنە پرۆگرامێکیان نییە!

سەرەنجام لە بەرەبەیانی رۆژی هەینی، ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی لە سەرانسەری ئێران هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری و شووراکانی شار و گوندەکان لە کەش و هەوایەکی فێڵاوی و موهەندیسی کراو تا تێپەربوونی کاتێ لە شەو بەرێوە چوو، دوای نزیك ٢٤ کاتژمێر ئاکامی دەنگەکان بە قازانجی ئاغای حەسەن رووحانی ژمێردران و بوو بە یازدەهەمین سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران. کە بە قەولی خۆی گوتەنی: هیوادارین بە قەولەکانی عەمەل بکات!

هێرۆ جەڵدیانی

بیرەوەرییەك لە دەورانی سەرۆك كۆماریی محەممەد خاتەمی دا

# ڕۆڵی ژنان لە هەڵبژاردنی ۲ی جۆزەردانی ۱۳۷٦ و هاتنە سەركاری خاتەمی

لە نێوان كۆنفرانسی دووهەم و سێهەمی یەكیەتی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران، شاهیدی هێندێك ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە ناوخۆی وڵاتدا بووین یەكێك لەم ڕووداوە گرینگانە هەڵبژاردنی خولی حەوتەمی سەرۆك كۆماری، لە ۲ی جۆزەردانی ۱۳۷٦دا بوو.

لە ئاكامی ئەم هەڵبژاردنەدا، سەید محەممەد خاتەمی، كاندیداتۆری قۆڵی ناسراو بە ڕێفۆرمخواز وەك سەرۆك كۆماری داهاتووی وڵات هەڵبژێردرا، پێویستە بەم مەسەلەیە ئاماژە بكەین كە بە دوای ڕاوەستانی شەڕ لە نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراق كە ئاكامەكەی بێجگە لە كوژران، ماڵوێرانی، ئاوارەیی، فەقرو گرانی هیدی دیكە بۆ خەڵك بە دواوە نەبوو، هەروەها بە دوای مردنی خومەینی لە ساڵی ۱۳٦۸دا، بەربەرەكانی لە نێوان ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی بو وەدەستهێنانی هەرچی زیاتری دەسەڵات دەستی پێ كرد.

بە دوای ۸ ساڵ سەرۆك كۆماریی هاشمی ڕەفسەنجانی و پێشگرتنی سیاسەتی زەبروزەنگ و پێشیلكردنی مافی مرۆڤ، قەتڵ و تیرۆر و زۆر سیاسەتی هەڵەی ئابووری بە پێچەوانەی قەوڵ و بەڵێنییەكانی ڕێبەرانی ڕێژیم، بارودۆخی وڵات ڕۆژ بە دوای ڕۆژ بەرەو خرابتر بوون ڕۆیشت، هەر بۆیە نەفرەت و بێزاری خەڵك لە كۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی بەوپەڕی خۆی گەیشت.

هەر ئەم مەسەلەیەش بوو بە هۆی ئەوە كە خەڵكی ئێران لە هەڵبژاردنی ۲ی جۆزەردانی ۷٦دا و لە ڕێگای دەنگدانەوە بە شێوەیەكی سەرانسەری، ڕق و تووڕەیی خۆیان دەربڕن. هەڵبژاردنی ۲ی جۆزەردانی ۱۳۷٦، لاپەڕەیەكی نوێ لە خەباتی خەڵكی ئازادیخوازی ئێران بە دژی حاكمییەتی ویلایەتی فەقی و نیزامی كۆماری ئیسلامی كردەوە.

هەر لە دەورەی دووهەمی سەرۆك كۆماری هاشمی ڕەفسەنجانیدا، قۆڵی پاوانخواز و لە سەرەوەی هەموویانەوە خامنەیی و داروودەستەكەی هەوڵیان دەدا كە «ناتقی نووری» وەك سەرۆك كۆماری داهاتووی وڵات بە سەر خەڵكدا بسەپێنن. تا بەرەبەری هەڵبژاردنی دەورەی حەوتەمیش ڕەنگە زۆر كەس وا بیری دەكردەوە كە «ناتقی نووری» سەرۆك كۆماری داهاتووی وڵات دەبێ و دەنگدانی خەڵك هیچ ئاكامێكی نابێ و وەك تەواوی هەڵبژاردنەكانی پێشوو ویستی ویلایەتی فەقیە و كاربەدەستانی نیزام لە سەرەوەی بیروبۆچوونی خەڵك دەبێ.

پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، شوورای نیگابان سەڵاحییەتی زۆربەی ئەو كەسانە كە دەیانەویست خۆیان كاندید بكەن ڕەت كردەوە و تەنیا چوار كەس وەك كاندیدا پەسند كران و لەم چوار كەسەش ململانێی سەرەكی لە نێوان «سەید محەممەد خاتەمی» و «ناتق نووری»دا بوو.

ڕۆژی ۲ی جۆزەردانی ۱۳۷٦ پیاوان و ژنان و لاوانی وڵات لە هەڵبژاردندا بەشدارییان كردو لە ئاكامدا «سەید محەممەد خاتەمی» كاندیدای ناسراو بە ڕێفۆرمخواز بە وەدەستهێنانی زیاتر لە ۲۲ میلیون دەنگ سەركەوتنێكی گەورە و چاوەڕوان نەكراوی وەدەست هێنا.

خاتەمی، هەتا پێش هەڵبژاردنەكانی خولی حەوتەم،



کەسایەتییەکی زۆر ناسراوی ڕێژیم نەبوو، دیارە لە ماوەیەکی کورت کە پۆستی وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی بەدەستەوە بوو بە دانی هێندێك ئازادی چاپەمەنی و نووسین توانی خۆی وەك کەسایەتییەکی میانەڕەو نیشان بدات، بەڵام لەم ماوە کورتەدا لە لایەن زۆربەی خەڵکی ئێران نەناسراو بوو. دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی خاتەمی دوو هۆکاری سەرەکیی هەبوو: یەکەمیان ئەوە بوو کە خەڵك بە پشتیوانی لە ئەو، دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ویست و داخوازەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم بەم شێوەیە دەربڕی و لەم ڕێگایەوە وڵامێکی مەنفییان بە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە و کاربەدەستانی ڕێژیم داوە. هۆکاری دیکەش، شێوەی خەباتی ئینتخاباتی خاتەمی و هەڵبژاردنی هێندێك دروشمی تەبلیغاتی خۆش ڕەنگ و ئاودار وەك تەوسەعەی سیاسی، پێکهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە ئازادییەکانی خەڵك لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و داکۆکی لە مافەکانی ژنان و لاوانی وڵاتدا بوو.

بە بڕوای هێندێك لە زانایانی سیاسی، پشتیوانی ژنان و لاوانی ئێران لە بەرنامەکانی خاتەمی، ڕۆڵێکی زۆر گرینگی لە سەرکەوتنیدا هەبوو. ئەم دوو چینە زۆربەی حەشیمەتی ئێران پێك دێنن کە لە درێژایی ٣٤ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین زوڵم و زۆریان لێ چووە. ژنان لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە دوو شێوە چەوساونەتەوە، لە یەك ڕوانگەوە ئەوان وەك باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵ گیرۆدەی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری ئاخوندی هاتوون و لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ناوەڕۆکی یاساکانی دژ بە ژنانی ڕێژیم و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی پیاوسالارانە کە ئامانجی ڕێبەرانی ڕێژیمە، بووەتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانیان. هەر بۆیەش کاتێك خاتەمی لە بەرنامەکانی خۆیدا باسی دیفاع لە مافی ژنان دەکات، ژنانی ئێران بۆ یەکەم جار کە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا دەبینن و پشتیوانیی بەربڵاوی خۆیان لەو دروشمانە دەردەبڕن، ئەوەی کە جێگای پرسیارە ئەوەیە کە بە دوای تێپەڕبوونی نزیك بە یەك دەورە سەرۆك کۆماریی خاتەمی چ گۆڕانکارییەکی ئەساسی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا پێك هاتووە؟ ڕیفۆرمخواز! کە خۆی بە لایەنگری مافی ژنان دادەنێ چ ئاڵوگۆڕێکی لە بارودۆخی ژنانی ئێراندا پێك هێناوە؟ هەڵسەنگاندنی کارنامەی کاریی خاتەمی لە ماوەی چوار ساڵ دەسەڵاتداریی خۆیدا نیشان دەدات کە لە نێوان دروشمەکان و کردەوەکانیدا جیاوازییەکی ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت. ئەوەی کە لەم ماوەیەدا بە ئاشکرایی ڕوون بووەتەوە ئەوەیە کە قوڵی ڕیفۆرمخواز ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرامبەری هێرشەکانی قوڵی پاوانخواز و بە نیسبەت

دروشمەکانی‌یان پاشگەز دەبنەوە و بەرەو دواوە هەنگاو هەڵدەگرن.

قوڵی ریفۆرمخواز لە لایەکەوە خۆی بە لایەنگری داکۆکی لە ئازادییەکان دەناسێنێ و لە لایەکی دیکەوە بە راشکاوی باس لە مەشروعییەتی ئەسڵی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە دەکات کە دژی هەر چەشنە ئازادییەکە، ئەوان خۆیان بە لایەنگری دەسەڵاتی یاسا لە وڵات دەزانن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە مەبەستیان لە یاسا چیە؟ ئایا دەیانهەوێت ئازادی و مافەکانی خەڵك لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا پێك بێنن کە لە هەر کوێ باسی ئازادی و مافەکانی خەڵك کراوە بە هۆی مادە، یان بەندێك لە ژێر ناوی دژایەتی لەگەڵ ئەمنییەتی میللی یان موخالیفەت لەگەڵ یاساکانی ئیسلامی بە شێوەیەکی ئاشکرا موخالیفەتی خۆیان دەربڕیوە و لە راستیدا ناوەرۆکی ئەم یاسایانە لە هەر چەشنە ئازادی و مافێك بێبەرییە.

سەبارەت بە بارودۆخی ژنانیش جیاوازی نێوان درووشمەکانی خاتەمی و ئاکارەکانی شتێکی زەق و ئاشکرایە، خاتەمی و لایەنگرانی لە بەرنامەکانیدا باسی بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسی وڵاتیان کردبوو، بەڵام لە کاتی هەڵبژاردنی کابینە و دابەکردنی پۆستەکانی سەرەوەی دەوڵەتیدا شاهید بووین کە تەنیا یەك ژن وەك جێگری سەرۆك کۆمار و بەرپرسی ژینگە هەڵبژێردرا کە لەچاو قەول و بەڵێنییەکانیان شتێکی زۆر بەرچاو نەبوو. خاتەمی بە راشکاوی باسی ئەوە دەکا کە گەورەترین هەڵەی وڵاتانی پێشکەوتوو بەتایبەت وڵاتانی رۆژئاوا ئازادی بێ‌سنووری ژنان بووە و ئەم مەسەلەیە بۆتە هۆی تێك رووخانی ئەساسی بنەماڵە یان باسی ئەوە دەکات کە لە ماڵ مانەوەی ژنان بە مانای بەرتەسك کردنیان نیە و نابێ وابیر بکەینەوە کە تێکۆشانی ژنان لە کۆمەڵدا بە مانای تێکۆشانیان لە دەرەوەی ماڵە.

هەر لە ماوەی سەرۆك کۆماری خاتەمیدا بوو کە شوورای بەرزی ئینتیخابی فەرهەنگی لە ژێر سەرۆکایەتیی ئەو لەگەڵ کۆنواسیۆنی هەڵگرتنی هەر چەشنە جیاوازیی رەگەزی کە لە لایەن سازمانی میلەلەوە پێشنیار کرابوو و یەکێك لە گرینگترین بەڵێن نامەکانی نێونەتەوەییە بوو دژایەتیی لەگەڵ کرا.

بە دوای سەرکەوتنی قوڵی ریفۆرمخواز لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٧٦دا، دەبینین کە جووڵانەوەیەکی نوێ ژنان لە ژێر درووشمی فیمینیزمی ئیسلامی دەستی پێکردوە و تێکۆشانی ئەوەیە کە خۆی وەك جووڵانەوەیەکی نێوخۆیی بناسێنێ، لایەنگرانی ئەم حەرەکەتە باوەڕیان بەوەیە کە مەسەلەی ژنان لە ئێران بە روانگەیەکی نۆی بە نیسبەت یاساکانی مەزهەبی کۆماریی ئیسلامییەوە دەتوانێ چارەسەر بکرێ. رەنگە لە پێکهاتنی ئەم حەرەکەتە لە ژێر ناوی فیمینیزمی ئیسلامی هۆکاری جۆراوجۆر دەستی هەبووبێت. بەڵام لە هەموو گرینگتر دەتوانین بە سێ خاڵ ئیشارە بکەین. یەکێك لەم هۆیانە شکستی بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژنان بوو. خاڵی دووهەم کاریگەریی هۆکارەکانی نێونەتەوەیی لە سەر بارودۆخی نێوخۆیی ئێران و خاڵی سێهەم گوشارێکە کە لە دوو لاوە بە سەر خاتەمی و قوڵی ریفۆرمخواز بە تەواوی هێزەوە بەربەرەکانێیان لەگەڵ دەکات. لەم ساڵانەی دوایی هێندێك پێکهاتە و رێکخراوی ژنان لە نێوخۆی وڵات بە هۆی زەقبوونەوەی مەسەلەی ژنان درووست بوون کە دەیانهەوێ لە ژێر دروشمی فێمینیزمی ئیسلامیدا خەبات بکەن، دیارە کار و تێکۆشانی ئەم رێکخراوانە شتێکی ئەرێنیە، بەڵام لە راستیدا ئەوان هیوایان بە پێشکەوتن و سەرکەوتن لە نیزامێك بەستووە کە تێدەکۆشێ سەرەرۆیی فەرهەنگی، سیاسی، ئەمنیەتیی پیاوسالارانە و دژی ژنان نیشان بدات کە ئینسان مافی دەستێوەردانی نیە. کەسانێك کە دڵیان بە فێمینیزمی ئیسلامی خۆش کردووە لەوانەیە لەم قۆناغەدا بتوانن ئاڵوگۆڕی بە رواڵەتدا پێك بێنن بەڵام لە درێژخایەندا بە لەبەر چاوگرتنی ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامی یان دەبێ بێدەنگی بپارێزن یان ئەوەی کە چاویان بە سەر راستی‌یەکان ببەستن و دەست بە داوێنی تەوجیهات بن، لە لێکدانەوەیەکی گشتی‌دا دەتوانین بڵێن کە بە دوای هاتنە سەر کاری خاتەمی و دەستپێکردنی بەرنامەکانی ئیسلامی بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە بەرنامەکانیدا خۆی بە لایەنگری مافی ژنان دەناساند، ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لەسەر بارودۆخی ژنانی ئێران پێك نەهاتووە.

شکۆفە قوبادی

# لە پەراوێزی ڕووداوەکانی شاری مەریوان

بە درێژایی مێژوو و هەتا چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر یەکێک لە شێوەکانی بێحورمەتی کردن بە پیاوان و ئازاردانی دەروونی ئەوان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەوە بوو کە بە پیاوێک بڵێن: دەبا دەرپێی ژنانی لە پێ بایە.

ئەو ڕەستەیە نیشاندەری ئەو بیر و فکرەیە کە ژنان لە بەر چاوی پیاواندا کەم بایەخ یان باشتر بڵێم بێبایەخن. بە داخەوە یاساکانی پەسەندکراوی کۆماری ئیسلامی کە سەرچاوە لەو بیر و باوەرە دەگرێت کە ژن مرۆڤێکی تەواو نییە و کەم عەقڵە، ئاکامەکەی ئەوەیە کە ژن نیوەی پیاو مافی هەیە و وەکوو ملکی پیاو چاوی لێ دەکرێت.

ئەو یاسایانە ڕەنگدانەوەیەکی قووڵیان لە سەر شیوازی بیر و هەڵسووکەوتی پیاوان لەگەڵ ژنان داناوە. ئاکامی ئەو شێوە بیرکردنەوە و ئەو یاسایانە بۆتە هۆی خۆسووتاندن و خۆکۆشتنی ژنان کە هیچ دەرەتانێک بۆ ڕزگاری و ژیانێکی باشتر شک نابەن. تێکەڵاوی یاساکانی ئیسلامی و کولتووری پیاوسالارانە، بووە بە هۆی پەرەئەستاندی بیری بێبایەخی گیان و ژیان و کەسایەتی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا. هەر بۆیە بەرپرسانی هێزی ئینتیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری مەریوان بۆ سزادانی پیاوێک جلی ژنانەی لە بەر دەکەن و لە نێو شار دەیگەڕێنن و بە خەڵکی نیشان دەدەن.

هەڵوێستی قارەمانانە و کەم وێنەی ژنانی شاری مەریوان بەو کردەوەیە و سەرکوت کردنیان لە لایەن هێزە ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بوو بە هۆی ئەوە کە باوەرمەندانی ڕاستەقینە بە ئەرزشی بەرابەری ژن و پیاو لە هەڵمەتێکی بێوێنە بە لە بەر کردنی جل و بەرگی ژنانە وێڕای پشتیوانی لە ژنانی پێشکەوتووی شاری مەریوان، بە بیرورای گشتی کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆماری ئیسلامی ئێران نیشان بدەن کە عەقلییەتی ئەندامانی کۆمەڵگەی ئێمە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بە سەر هاتووە و شێوازی بیرکردنەوە وەکوو جاران نەماوە.

بەڕای من جیا لەوەی کە ئەو حەرەکەتە بۆ بە زەنگێکی خەتەر بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکات ئەو کردەوە سنووربەزێن و تابۆ شکێنە دەستپێکی شۆرشێکی فەرهەنگی گەورە و بێوێنەیە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا.

ئاڵوگۆر لە شێوازی بیرکردنەوە بەردی بناغە و ئەساسی هەموو ئاڵوگۆرەکانی دیکەیە لە کۆمەڵگادا. کاتێک کە بیری یەکسانبوونی ژن و پیاو لە نێو کۆمەڵگادا ئەوەندە پەرەی بستێنێت کە ئیدی نەتوانن بۆ تانە و تەشر لە پیاوان بە ژنیان حیسێب بکەن، ئەو کاتەیە کە ئەو باوەرمەندان دەتوانن داهاتوویەکی باشتر بۆ ژنان لە کۆمەڵگا بخۆلقێنن. شێوازی بیر کردنە کە دەبێتە هۆ و بەردی بناغەی ئاڵوگۆرەکان و گۆرینی نۆرم و یاسا لە کۆمەڵگادا. دیارە هەتا ئەو کات خەباتێکی دوور و درێژ و ڕێگایەکی پر لە تەنگ و چەڵەمەمان لە پێشدایە بەڵام ئەم کردەوە ڕەچەشکێنە دەسپێکێکە کە دەبێتە هۆی دڵخۆش بوون و هیوا بە داهاتوویەکی باشتر و ڕوونتر بۆ نەسڵەکانی داهاتوو. ئێوە بەو کردەوەتان ڕەوتی مێژووتان بە شێوەی ئەرینی گۆری.

بۆیە سپاس و پێزانینی خۆم پێشکەشی تاک تاکی ئێوە دەکەم کە سنوور بەزێنن، بە تایبەت ئەوانەی کە لە نێوخۆی وڵات و کوردستانی باشوور زۆر ئازایانە و بوێرانە لە بەرامبەر بیر و کولتووری دواکەوتوو ڕاوەستان. نێوی ئێوە تێکەڵی مێژووی خەباتی یەکسانی خوازی گەلەکەمان بووە. من و ئەوانەی کە وەکوو من بیر دەکەنەوە و نەسلەکانی داهاتوو خۆمان بە قەرزداراتان دەزانین و شانازیتان پێوە دەکەین. دڵنیا بن کە ڕەنگدانەوەی ئەو کردەوە هەر ڕۆژ زیاتر لە ڕۆژی پێشتر لە کۆمەڵگادا خوێ دەنوێنی.

ئا: ئیلهام چاپچیا

# مێژووی مافی دەنگدان بۆ ژنان لە ئێران

دیسان خولێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك كۆماری بەرێوەچوو و بوو بە بیانوویەك بۆ چاوخشاندنێك لە سەر مێژووی مافی دەنگدان بۆ ژنان لە وڵاتی ئێراندا. ژنانی ئێرانیش وەك ژنانی هەموو جیهان بۆ وەدەست هێنانی مافی دەنگدان خەباتیان کردووە، ٥٧ ساڵ هەوڵ و كۆشش و قوربانی دان لە پێناو وەدەست هێنانی مافی دەنگدان، مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ ژنانی ئێرانی دروست کردووە.

مێژووی شەپۆلاوی وەدەست هێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان، لەگەڵ دژایەتی گرووپ، حیزب و کەسانی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بووە. ئەم گرووپانە کە لە زۆربەی بوارەکاندا ناكۆك بوونە، لەسەر بێبەش کردنی ژنان لە مافی دەنگدان كۆك و هاودەنگ بوون.

بۆ یەکەم جار لە ١٥ی ڕەزبەری ١٢٨٥ی هەتاوی، دوای پەسند کردنی یاسای هەڵبژاردن لە لایەن یەکەمین مەجلیسی شوورای میللی و بێبەش کردنی ژنان لە مافی دەنگدان، خەبات و تێكۆشانی ژنان بۆ گەیشتن بە مافی دەنگدان دەستی پێکرد.

وەك یەکەم هەنگاوەکانی خەبات، دەکرێ ئاماژە بە کاروتێکۆشانی «ئەنجومەنی غیبی نسوان» بە سەرۆکایەتیی «سەدیقە دەوڵەت ئابادی» وەك یەکەمین ئەنجومەنی ژنان کە بە نیسبەت ئەم بابەتە ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی و لە گۆڤاری «زمانی ژنان» وەك تریبونێك بۆ داكۆکی لە مافی دەنگدان بۆ ژنان کەڵکی وەردەگرتن، بکەین. ئەم هەڵوێستە لە هەلومەرجێکدا بوو کە پەژارە و نیگەرانیی سەرەکیی ژنان مافی دەنگدان و بەشداریی سیاسی نەبوو، بەڵکوو هێزی خۆیان بۆ ئامووزش و مافی خوێندن بۆ ژنان تەرخان کردبوو.

لەگەڵ هەموو ناڕەزایەتیەکان کە بەو مەبەستە شکڵی گرتبوو، دوای یەك ساڵ، لە ١٤ی ڕەزبەری ١٢٨٦،



مەجلیسی شوورای میللی یاسای بنەڕەتیی پەسند کرد و بە پێی ئەو یاسایە ژنان لە مافی دەنگدان بێبەش کران.

لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٢٨٨دا مەجلیس تۆپباران کرا و داخرا، بەڵام سەر لە نوێ کرانەوەی مەجلیس هیچ کەڵکێکی بۆ ژنان نەبوو. لە ساڵی ١٢٨٩ کە یاسای هەڵبژاردن سەر لە نوێ پەسند کرا، دیسان ژنان لە مافی دەنگدان بێبەش کران و لەگەڵ کەسانی دواکەوتووی فیکری لە یەك ریز هەژمار کران. بەڵام لەگەڵ هەموو بێڕێزیەکان، ژنان دیسان کۆڵیان نەداو و بە پشتیوانیی هێندێك لە پیاوانی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە، (بۆ نموونە «وکیل الرعایا» نوێنەری خەڵکی هەمەدان) هەنگاوەکانیان توندتر و بەهێزتر کرد. دیارە بێڕێزییەکی زۆریان پێکرا، بۆ نموونە «سەید حەسەن مودەڕیس» لە مەجلیس گوتی: «خوای گەورە



هیچ تایبەتمەندییەك بۆ ئەمانە (ژنان) دانەناوە کە شیاوی مافی دەنگدان بن».

پاشان کە حکومەتی رەزاشا هاتە سەر کار، هێندێك چاکسازی کرا کە هێندێك لەم چاکسازیانە لە بواری بارودۆخی ژیانی ژنان بوو، بۆ نموونە ئازادیی هاتتوچوو بۆ سەیرانگا و شوێنی حەسانەوە، ئازادکردنی زانکۆ و ئەندامەتی لە رێکخراوە ئامووزشیەکان بۆ ژنان، باشتر کردنی دۆخی یاسای پێوەندی‌دار بە جیابوونەوە و زەواج (تەمەنی زەواج بۆ کچان کرا بە ١٥ ساڵ و بۆ کوڕان ١٨ ساڵ)، بەڵام لەگەڵ هەموو ئاڵوگۆڕەکان دیسان مافی دەنگدان بە ژنان نەدرا.

پاش رەزاشا، کوڕەکەی محەممەد رەزاشا هاتە سەرکار و لە ساڵی ١٣٢١، فاتمە سەیاح و سەفیە فیرۆز، حیزبێکیان پێك هێنا بە ناوی حیزبی ژنانی ئێران. ئەم حیزبە کاری سەرەکیی خۆی تەرخان کردبوو بە هەوڵ و تێکۆشان بۆ وەرگتنی مافی دەنگدان بۆ ژنان.

ساڵی ١٣٢٥، لە کۆماری ئازەربایجاندا بۆ یەکەم جار مافی دەنگدان درا بە ژنان و ژنانی ئازەری یەکەم ژنانی ئێرانی بوون کە ئەزموونی هەڵبژاردنیان تاقی کردەوە.

دوای هاتنە سەرکاری موسەدیق، لە ساڵی ١٣٣٠ حکومەتی دوکتۆر محەممەد موسەدیق، گەڵاڵەی ئیسلامی یاسای هەڵبژاردنی پێشکەشی مەجلیس کرد. لەم گەڵاڵەیەدا ژنانیش مافی دەنگدانیان هەبوو. لە بەفرانباری ١٣٣١دا، خومەینی بە وتووێژێك لە گۆڤاری «ترقی» بە ئاشکرا دژایەتیی خۆی سەبارەت بە دەنگدانی ژنان دەربڕی.

بە هەر حاڵ لە دوای کودتای ٢٨ی گەلاوێژ و بێ‌هێزبوونی هێزە سیاسیەکان، رێکخراو و چالاکانی مافی ژنان بەهێز بوون و تەنانەت لەم دەرفەتەدا پێکهاتە و رێکخراوی نوێ دروست بوون. لە ساڵی ١٣٣٩ هەڵبژاردنەکانی بیستەمین خولی مەجلیسی شوورای میللی بوو بە دەرفەتێك بۆ وروژاندنی سەرلە نوێ بێ‌مافیی ژنان بە تایبەت لە بواری هەڵبژاردندا. بۆیە ژنان بە شێوەیەکی یەکگرتوو بڵاوکراوەیەکیان دەرکرد و داوای بەشداری لە هەڵبژاردنیان کرد، بەڵام لەگەڵ دژایەتی بەرەوڕووبوون و ئەم هەڵبژاردنەش بە بێ‌بەشداریی ژنان بەڕێوەچوو. ئەم هەڵبژاردنە ئاکامی نەبوو و بە هۆی هێندێك گەندەڵی و کێشە، هەڵوەشا و بۆ ١٩ی سەرماوەزی ١٣٣٩دا سەرلەنوێ هەڵبژاردنی دەوری بیستەم راگەیەندرا.

بەڕێوەچوونی سەرلەنوێ هەڵبژاردنەکان، دەرفەتێکی باش بوو بۆ ژنان کە دیسان باس لە داخوازیی خۆیان بکەن. بۆیە بۆ ئەومەبەستە گردبوونەوەیەکیان لە بەرامبەر مەجلیسی سینا رێك خست. لەم خۆپێشاندانەدا ژنان توانیان لەگەڵ «سەدرول ئەشراف» سەرۆکی سینا، دیدار بکەن، لە ئاکامی ئەم وتووێژەدا « سەدرول ئەشراف» سەرۆکی سینا گوتی: «لە بواری ئایینیەوە بەشداری کردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا



هیچ گرفت و کێشەیەکی نیە، بەڵام هیچ زەرووره‌تێکیش بۆ بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا نابینم»!

ساڵی ١٣٤١ کە «ئەسەدوڵاهی علم» بوو بە سەرۆك وەزیران، پەسندکراوێك تەنزیم دەکات کە نە تەنیا مافی بەشداری کردن لە هەڵبژاردن بە ژنان دەدرێت، بەڵکوو بە پێی ئەم پەسندکراوە ژنان مافیان هەبێ بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی ئەیاڵەتی و ویلایەتی خۆیان کاندید بکەن. بەڵام ئەم پەسندکراوە لەگەڵ دژایەتی مەلاکان و حۆزەکانی عیلمیە و لە سەرەوەی هەموویان خومەینی بەرەوڕوو بوو. خومەینی بە پشتیوانیی بازاڕییەکان و حەوزەکانی عیلمیە گوشاری خستە سەریان و لە نیهایەتدا دەوڵەتی «عەلەم» ناچار بە پاشەکشە کرا.

ئەنجومەنەکانی ژنان بۆ دەربڕینی ناڕزایەتی لە بەر ئەم پاشەکشەی دەوڵەت، رۆژی ١٧ی بەفرامباری ١٣٤١ لە بەرامبەر کۆشکی سەرۆك وەزیران خۆپێشاندانیان رێك خست. دوای دوو رۆژ، محەممەد رەزاشا فەرمانی شەش ماددەیی خۆی لەژێر ناوی «شۆڕشی سپی و میللەت» دەرکرد. لە بەندی پێنجەمی ئەم فەرمانەدا هاتبوو کە دەبێ پێداچوونەوە لەسەر یاسای هەڵبژاردندا بکرێت. رۆژی ٦ی بەفرامبار کە وەك رێککەوتی رێفراندۆم بۆ قبووڵ کردن یان نەکردنی ئەم فەرمانە دیاری کرابوو، هیچ روونکردنەوەیەك لەسەر بەشداری کردن و یان بە پێچەوانەی ئەو، بە ژنان نەدرا بوو. ئەمجارەش ژنان بێدەنگ دانەنیشتن و نوێنەری یەکیەتیی ژنانی یاساناسەکان بە سەرۆکایەتیی مێهرئەنگیز مەنوچێهریان، شەوێك پێش لە رێفراندۆم دانیشتنێکیان لەگەڵ «ارسنجانی» وەزیری کشت و کاڵ و بەرپرسی چاکسازی کە لە بەندی یەکەمی رێفراندۆمدا هاتبوو، بۆ باس کردن لەسەر بەشداریی ژنان لە رێفراندۆمدا، رێك خرا. لەو دیدارەدا «ارسنجانی» گوتی بە رای من هیچ کێشەیەك لە بەشداریی ژنان لە رێفراندۆم نیە.

بەم شێوازە بوو کە ژنان بۆ یەکەمین جار لە ٦ی بەفرامباری ١٣٤١دا، لە هەڵبژاردنەکانی بە ناو «رێفراندۆم» بەشدارییان کرد. بە دوای ئەو، لە ١٢ی رەشەمەی ١٣٤١دا، دەوڵەت بە شێوەی فەرمی رایگەیاند کە ماددەی ٣ی یاسای هەڵبژاردن کە پێش بە بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنەکان دەگرێتەوە، و هەروەها وشەی پیاو لە پێوەندیی بە بارودۆخی کاندیداکان هەبوو لە ماددەکانی ٦ و ٩دا، لاببردرێت.

بەم شێوەیە دوای دەیان ساڵ خەبات و رانەوەستان لە تێکۆشان، ژنان لە ٢٢ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٢دا، لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای میللی وەك دەنگدەر و پالێوراو بەشداریان کرد و لە ئاکامدا ٦ ژن هەڵبژێردران.

یەکیەتیی ژنانی یاساناس: لە ساڵی ١٣٤٠ دامەزراوە و بۆ یەکسانی مافی سیاسی هەوڵ دەدا. بەرپرسی ئەم رێکخراوە «مێهرئەنگیز مەنوچێهریان» بوو کە بە نیسبەت رێکخراوەکانی دیکە تا رادەیەك رادیکاڵتر دەجووڵا. ئەم رێکخراوە نەتەنیا داوای مافی دەنگدان بۆ ژنانی دەکرد، بەڵکوو لە یەکەمین کۆنفرانسی خۆیدا رایگەیاند، کە داوای مافی یەکسان لەگەڵ پیاو لە سیاسەت و کۆمەڵگا دەکەن.

سەرچاوە: ئینتێرنێت

هیوا میرزایی

# ژنان له کۆماری ئیسلامیدا و پرسی سەرکۆماریی



هەر چوار ساڵ جارێك که به ناو هەڵبژاردنی سەرکۆماری له ئێران دەکرێ، پرسی خۆپاڵاوتنی ژنان دەبێته یەکێك له پرسه سەرەکیەکانی ئەم هەڵبژاردنانه. به پێی یاسایی هەڵبژاردن ماددەی ١١٥ی یاسایی بنەڕەتی له ئێران ئەو کەسەی دەتوانێ خۆی بۆ سەرکۆماری بپالێوێ دەبێ له پێشدا، »رجل»ی رامیاری و ئایینی بن و پاشان پابەند به ڕێژیم و ئەسڵی ویلایەتی فەقیه و هەروەها شێعه مەزهەبی دوازده ئیمام بن، ئەوەی لەم باسەدا هێمای بۆ دەکرێ مەسەلەی «رجل»ی سیاسیه که هێشتا به روونی پێناسه نەکراوه و هەرچەند کاربەدەستانی ڕێژیم زۆرجار بانگەشەی ئەوه دەکەن که «رجل «لەم مادەدا به واتای کەسایەتی سیاسی دێ و ژنان بۆیان هەیه که خۆ بپالێون بۆ ئەم پۆسته و دەنگی خەڵك وەدەست بێنن، بەڵام وەك دەبینین هەر کات ژنانێك خۆیان پاڵاوتووه بۆ ئەم پۆسته، له لایەن شۆرای نیگابانەوه رەدی سەلاحییەت کراونەتەوه و ئەم رەدی سەلاحیەتەیان پێوەند داوه به نەبوونی پارامێترەکانی دیکەی سەر کۆماریەوه لەم کەسانەدا. ئەوه جێگای هیچ شك و گۆمان نیه که له کۆماری ئیسلامیدا پێگەی ژن و کەسایەتی ژن زۆر لاواز پێناسه کراوه و له بەنده یاساییەکان و کۆمەڵگای ئێراندا هەمیشه ژن وەك ملکی پیاو له بەرچاو گیراوه و مافەکانی وەك مرۆڤ بەردەوام پێشێل کراوه.وشەی «رجال» وشەیەکی عەرەبییه و مانایی» پیاوان» دەدا و له بەرانبەر وشەیی «نسا» هاتووه که مانای «ژنان» دەدا و ئەوەی که بەشێك له کاربەدەستانی ڕێژیم بانگەشەی ئەوه دەکەن که ژنان له کۆماری ئیسلامیی دا بۆیان هەیه ببن به سەرکۆمار جیا له ژێستێکی دێمۆکراتیك شتێکی دیکه نیه و هەر له سەرەتای هاتنه سەرکاری کۆماری ئیسلامی و ئەو کاتەی که یاسایی بنەڕەتی ئێران دەنووسرایەوه دژبەرانی خۆپاڵاوتنی ژنان بۆ بوون به سەرکۆمار، ئەم بەندەیان به تێبنیەوه داناوه تا ئێستایش هیچ شرۆڤەیەك به شێوەی فەرمی بۆ ئەم خاڵه له دەستووری ئێران نەکراوه. هەر چەند محەممەدی



یەزدی ئەندامی شورای نیگابان لە ڕێکەوتی ٢٦ی بانەمەڕ لە کۆبوونەوەیەك کە بۆ فەقیەکانی حوزەی علمیەی قوم گرتبووی زۆر راشکاوانە بەرپەرچی ئەو کەسانەی دایەوە کە لەو باوەڕەدا بوون کە لە کۆماری ئیسلامیدا ژنان بۆیان هەیە ببن بە سەرکۆمار و بەشێوەی گاڵتەئامێز وتی: فلانکەسیان لە گوند رێ نەدەدا، ناونیشانی ماڵی کوێخای دەپرسی و ئەمە ئاماژەیەکی روونە بەوەی کە لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا بۆ ژنان لە ئاستی بەرزی دەسەڵاتداری هیچ شوێنك لە بەرچاو نەگیراوە.ئەمە لە کاتێکدایە کە لە وڵاتانی دەوروبەری ئێران و تەنانەت وڵاتە موسڵمانەکانیش وەك وڵاتی پاکستان ژنان توانیویانە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتداری دا خۆببینەوە و لە وڵاتی ئەفغانستانیش بە پێی ماددەی ٦٢ی یاسایی بنەڕەتی ئەم وڵاتە هیچ بەربەستێك بۆ خۆ پاڵاوتنی ژنان بۆ سەرکۆماری دیاری نەکراوە و هەروەها لە یاسایی بنەڕەتی عێراق و لە ماددەی ٦٦یشدا هێمایەك بۆ ژن یان پیاو بوونی سەرکۆمار نەکراوە.تێکەڵاوی دین و حکوومەت و دەسەڵاتداری پیاوە ئایینیەکان و ئاستی فەرهەنگی لاواز ولە هۆکارە سەرەکییەکانی بە کەم گرتنی ژنان لە کۆماری ئیسلامییدایە و هەر ئەمەیش وای کردووە کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەموو کات کاربەدەستانی ئەم وڵاتە هەوڵیان داوە رێگر بن لە چالاکی و تێکۆشانی ژنان لە کۆمەڵگا و ژنی باشیان هەمیشە وەك ژنی نێو ماڵ پێناسە کردووە و توانا و لێهاتووی ژنانیان بۆ وەرگرتنی ئەرکی گەورەتر لە نێوکۆمەڵگادا بردووەتە ژێر پرسیارەوە ئەمەیش وای کردووە لە کۆماری ئیسلامیدا پۆستی دادوەری و سەرکۆماری بۆ ژنان قەدەغە بێ. وەرگرتنی پۆستە بەرز و گرینگەکانی دەسەڵاتداری لە جیهان لە لایەن ژنانەوە بووە بە دیاردەیەك و وەك دەبینین لە چەندین وڵاتی پێشکەوتوو و ناوچەیی رێگە دراوە بە ژنان کە توانا و لێهاتوویی خۆیان زیاتر دەربخەن و بە چاو خشاندنێکدا بە کارنامەی ئەو ژنانە بۆمان دەردەکەوێ کە توانایی بەڕێوەبەری وڵات ئەگەر لە پیاوان زۆرتر نەبێ لەوان کەمتر نیە.

مەهتاب فەیزی

# خەیانەت لە ژیانی هاوبەش دا

ئەورۆکە زۆربەی ئەو ژیانە هاوبەشانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێک دێ سەرەتاکەی بە خۆشی و شادیەوە دەست پێدەکا، بەڵام لە درێژدا تووشی کێشەو ئاریشەهایەک دەبێ و ئەو ژیانەی کە بە خۆشی و شادی دەستی پێکردووە، تاڵ و تووشی پشێوی و ئاڵۆزی دەبێ. تەنانت ئەو دوو تاکەی کە خۆیان یەکتریان پەسند کردووە و هێستا لە گەڵ یەکتر نامۆن و بەرامبەر بە یەکتردا رادەوەستن و لێرەدا کۆمەڵێک کەسی دیکە وەک دایک و باب و خەزم و کەس و کار بە خۆیان و کێشەکەیان سەر قاڵ دەکەن.

ژیان بەم شێوەیە مرۆڤ لە بەینی سێ راهییەک دادەنێ و وای لێ دەکا کە ئەو ژیانە تەحەممول بکات و بە واتایەک بسوتێت و بسازێت یا دەبی تەڵاق و جودایی هەڵبژێری و یا ئەوەیکە بە رووالەت و لە بەر چاوی خەڵک ژیان بەرنە سەرو و لە ناخیش دا خەیانت بکەن.

ئەوەی دەمانەوێ لەو بابەتە دا باسی لێ بکەین



خەیانەت لە ژیانی هاوبەش دایە.

یەکێک لە دیاردە دزێوەکانی کە هەر هێستا کۆمەڵگای ئێمەی خستۆتە مەترسیوە و بۆتە قەیرانێک بو کۆمەڵگا، خەیانەت لە ژیانی هاوبەشە. خەیانەت لە ژیان هاوبەش، لە چەند ساڵی رابردوودا بۆتە بە یەکێک لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان و بەلام هیچ ئامارێکی راستەقینە لەو دیاردە دزێوە لە بەر دەست دانییە.

کاتێک کە باس لە خەیانەت دەکرێ مەبەست پێوەندێکی شاراوەیە کە کەسێکی خێزاندار لە گەڵ کەسێکی دیکە کە هاوسەری یاسایی ئەو نییە پێک بێنێت و ئەو پێوەندی زۆر جار شاراوە دەمێنێتەوە و بە شێوەی خۆشەویستی لە ڕادەبەدر و پشتیوانی جنسی و ماڵیش خۆێ دەردەخا. کاتێک ئەو پێوەندی روون دەبێتەوە یا لەقاو دەدرێ دەبێتە هۆی دارمانی چوارچێوەی بنەماڵە و زۆر جار دیاردەی جۆراوجوری وەک تەڵاق، قەتڵی ناموسی، خۆکوژی، ڕاکردن لە ماڵەوە و هتد لێدەکەوێتەوە.

ژیانی هاوبەش یانی پابەندبوون و وەفادار بوون بە شەریکی ژیانت. ژیانی هاوبەش جۆرێک پێبەندبوون زوجین بەرامبەر بە یەک پێک دێنێ و ئەو پابەند بوونە دەبێ دوو لایەنە بێت. پێبەند بوون لە ژیان هاوبەشدا، بناغە و ئەساسی متمانە لە ژیانی هاوبەش دایە و لە ئەگەری لە ناو چوون و لە ژێر پێنانی ئەو پێبەندی لە لایان هەر کامێک «چ ژن و چ پیاو»، ژیانی هاوبەش تووشی تەنگ و چەلەمەی قەرەبوونەکراوە دەبێ و خەساری گەورەی لێدەکەوێتەوە.

زۆربەی دەروونناسان لەسەر ئەو باوەڕن کە خەیانەت چوار قۆناغ تێپەڕ دەکا: ١- بە فکر و مێشک ٢- بە دڵ ٣- بە قسەکردن ٤- بە کردەوە

کاتێک کە کەسێک دەیهەوێ خەیانەت دەست پێبکا هەوڵ جار لایەنەکەی دیکە لە مێشکی دا



دێنی و دەبا و بیری لێدەکاتەوە و زۆربەی فکری ڕۆژانەی بە بیر کردنەوە بەو تەرخان دەکا و لە قۆناغی دووهەم دا دڵی بۆی لە لێدان دەکەوێ و لە قۆناغی سێهەم دا تێدەکۆشی بە هەر شێوەیەک بێ دەرگای قسە لە گەڵ بکاتەوە و لە قۆناغی چوارەم دا زۆرتر لێک نزیک دەبنەوە و ئەو جارە بە شێوەی راستەوخۆ کاتەکەیان لە گەل یەک تێپەڕ دەکەن.

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە، بۆچی ئەو دوو کەسەی کە بەیەکەوە ژیانی هاوبەش پێک دێنن و بڕیاری وەفاداری دەبەستن کە لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و هەوراز و نشێوەکانی دا یاریدەر و پشتیوانی یەکتر بن، تووشی ئەو دیاردە دزێوە دەبن و دەبنە هۆی لە ناوچوونی متمانە بە خۆبوون، لێکترازان و ڕووخانی کەسایەتی و کێشەی دەروونی هەر کام لە لایەنی بەرامبەر.

ئەگەر چی لە ڕابردوودا کاتێک باس لە خەیانەت دەکرا زۆرتر خەیانەتی پیاو بەرامبەر بە ژن بەرچاو بوو و باسی لێدەکرا و لە هێندێک حالەت دا باسی خەیانەتی ژن بەرامبەر بە پیاو دەکرا بەڵام ئەورۆکە خەیانەت لە ژیانی هاوبەش لەهەر دوک لاوە ( ژن بە پیاو – پیاو بە ژن) لە ئارا دایە و دەتوانین بۆ خەیانەتی ئەوان هۆکار گەلێکی جیاواز یا هاوبەش دەست نیشان بکەین.

نەبوونی زانیارێکی تێر و تەسەل لە پرۆسەی هاوسەرگیری، نەوبوونی زانیاری لە سەر لایەنی بەرامبەر، فرەچەشنی (تنوع گلبی)، ناتەبایی و ناخۆشی‌یەکانی کە لە ژیانی هاوبەش دا دێنە پێش، ژنهێنانی(ازدواج) زۆرەملی، دابین نەبوونی پێویستی جنسی، کێشەی ئابووری، تۆڵەسەندنەوە، کێشەی عاتفی،نەبوونی ڕابردوویەکی باش لە قۆناغی گەنجی‌دا، کەم ڕەنگ بوونەوەی باوەری دینی، بینینی بەرنامە و فیلمهایەک کە هێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەسترسازی بو نەکراو، کەڵک وەرنەگرتنی دروست و بەجێ لە کەرەستەهایەک وەک موبایل،ئینترنت، فەیسبوک کە دەستڕاگەیشتنی هاسانتر کردۆتەوە، سەرجەم ئەو هۆکارانانەن کە دەتوانی ژیانی هابەش بخەنە مەترسیەوە و خەیانەتی لێبکەوێتەوە.

بێ‌وەفایی و خەیانەت هەمیشە بوونی بووە بەڵام هەنووکە ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگای ئێمە زۆرتر بەرچاو دەکەوێ و کاتی ئەوە هاتووە بە جێی خۆپاراستن لە باس‌کردنی بە عنوانی دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتی قەبووڵی بکەین و خەسارناسی بۆ بکەین و بە لەبەر چاو گرتنی هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە ڕێگاچارەی شیاوی بۆ بدۆزینەوە.

گەلاوێژ مێهفەر

# ژیان چیە؟

هەرکەس بەجۆرێك پێناسەی ژیانی کردوە. «کافگا» دەڵێ : هەرکات توانای داهێنانم نەبێ، ئەوکات دەمرم. «مامۆستا هەژار» دەڵێ: هەرکات بەرهەمەکانم پوك و چروك بوون و کەس نەیان خوێنێتەوە، ئەوکاتە مەرگی منە. «پێترۆس دوریان»ی شاعیر دەڵێ: هەرکات گۆڕم بێ ناونیشان بێ، ساتە وەختی مردنمە.

زۆر هاوڕێی ئازیزمان، ڕۆژانە مەرگ لێمان دەرفێنێ. ئەوانە بەجەستە ماڵئاواییمان لێ دەکەن، بەڵام یادو خۆشەویستیان، ڕێبازو تروسکەی هیوایان پرشنگی ژیان و ژیانەوەمان بەسەردا دەبارێنن. بەپێچەوانەش زۆر کەس لەنێوانماندا هەن کە بە جەستە زیندوون، بەڵام زۆر لەمێژە لەدڵماندا مردوون.

ئێمە دەژین و چێژ لەخۆشیەکانی زیندووبونمان وەردەگرین. ناخۆشیەکانیش وامان لێدەکەن کە بەهێز بین و بەرگری لەمانەوەی خۆشیەکان بکەین تاکوو لەژیان کردن بەردەوام بین. زۆرجار مرۆڤە ترسنۆکەکان پێش لەمەرگی خۆیان دەمرن. بۆیە ئێمە هەمیشە دەبێ بزانین کە بۆ دەژین؟ بۆچی دەژین؟ ژیان بەهەموو سەختیەکانیەوە نرخی ئەوەی هەیە کە لەگەڵی بین و زیندوو بمێنین؟

یەڵدا خاتونێکە لە تەلەفزیۆنێکدا ئیشی مۆنتاژ دەکا، ٢٨ساڵی تەمەنە، لێم پرسی ژیان چی فێرکردی؟.

لەوەڵامدا وتی: «ژیان فێری کردم کەهەر شتێك بەئەندازەی خۆی نرخی بۆ بدەم، بۆئێستام بژیم نەك بۆ داهاتوو. لەو باوەڕەدایە ژیان بۆ ئەوەی دەبێ شەڕی بۆ بکەین و بەرەنگاری مەرگ ببینەوە، بەڵام جەنگین لەپێناو هەموو شتێکدا نە. دەبێ بۆ شتێك بجەنگی کە بمێنێتەوە.»

بەڵێ، دەبێ لە هەموو ژیانماندا تا ئەو کاتەی کە بە یەکجاری لەم دنیایەدا دەڕۆین، کەسێکی گەشبین بین. ئەمڕۆمان پاك بێ و بۆ داهاتویەکی گەشیش هەوڵا بدەین. ژیانمان تەژی بکەین لە خۆشەویستی. ڕێزی دەوروبەرمان بگرین، بەخیل نەبین، ڕاستگۆ بین. ئەگینا هەمیشە دوودڵین و ویژدانمان ڕاحەت نیە. خەیاڵمان پەرت دەبێ و ئەوکاتیش ناتوانین بۆ ئێستای خۆمان بە دروستی بیر بکەینەوە.»

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ «کەم بژی و کەڵ بژی»، سوارەی شاعیریش دەڵێ «ژینی کورتی بە هەڵۆی مردن، نەك پەنا بۆ قەلی ڕوڕەش بردن». هێندێك کەس بۆ مانەوەی خۆیان لە ژیان، یا بۆ گەیشتن بە مەبەستێك، خۆیان لێ ون دەبێ و بۆیان گرینگ نیە بە چ ڕێگەیەك بەدەستی دێنن. تەنیا بەدەستهێنانی بۆیان گرینگە.

مرۆڤ هەرچەند تەمەنی بچێتە سەر، خۆزگە بۆ ڕابردوو دەخوازێ و حەزدەکا میلەکانی کاتژمێر لە بەردەستی دا مۆم بان و بەئاگری دەستی تواندبایەوە. ئەگەر بێتو تەمەنی بگەڕێتە دواوە، زۆرکار کەدەبوا کردبای، دەیکرد. یان هیچ کات ئەو کارانەی کەنەیدەویست بکرێ نەیدەکرد. بۆئەوەی هەمیشە ئاسودەبێ.

ڕووگەش خدر ژنی ماڵەوەیە و خاوەنی سێ منداڵە و تەمەنی ٣٣ ساڵە بەمشێوەیە دەستی بە قسەکردن کرد:

«دیارە ئێستا ژیانم خۆشە و لەگەڵ هاوسەرەکەم و منداڵەکانم ژیانێکی ئاراممان هەیە، بەڵام خۆزگە بۆ ئەوە دەخوازم منداڵ ببمەوە چووبام بۆ قوتابخانە، تا دەمتوانی دەرسم دەخوێند. پێم وایە مرۆڤ لە زۆر شت دا دەتوانێ قەرەبووی بۆ بکاتەوە، ئەگەر ڕۆژێك فەقیر بی، دڵت ناخۆش بێ، منداڵت نەبێ ...هتد دەتوانی ڕۆژێك هەر بە دەستیان بێنی و بە ئامانجەکەت بگەی، بەڵام خوێندن ناتوانی. کوا خوێندنی ٧ ساڵی و ٣٣ ساڵی وەك یەکە، ئەویش ماڵ و منداڵ و کێشە و سەختی ژیان کوا ئیزن دەدەن. بۆیە تکام وایە هەموو دایك و باوکێك گەر بە ئیجباریش بێ با بە منداڵەکانیان بخوێنن، با وەك ئێمە دنیای ڕوونیان لێ تاریك نەبێ.»



له ژیاندا، ناسینی مرۆڤەکان زۆر گرینگە. ئەوە بۆ من زۆر هاتۆتە پێش کە تەنیا دەرەوەی مرۆڤەکانم ناسیوە، تا بەئاگا هاتوومەوە زانیوەمە کە ناخی ئەو کەسە چی تێدایە، ئەو نەناسینە زۆر زیانی پێگەیاندووم.

ئەوە قسەی ئاشتیە کە خوێندکارە و ئێستا لە زانکۆ دەخوێنێ، لە وتەکانیرا دیاربوو کە لە ژیانیدا بە هۆی تێنەگەیشتن و باش نەناسینی مرۆڤەوە تووشی کێشە هاتووە و هەر وەك خۆی باسی کرد ماوەیەك تەواو لە ژیان بێزار ببوو.

ناسینی کەسێك، واتە پەی بردن بەنهێنیە جیاوازییەکان، دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی یەکتری و دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی پێکەوەبوون و وێناکردنی خەون و ئاواتەکانی سبەی، ئەمانە یارمەتیدەرمانن کە لەژیاندا سەرکەوتووبین.

ئەزموون کۆکردنەوە لەژیاندا زۆر گرینگە. چونکە وادەکا کە هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەکەینەوە و سەرکەووتوتر بین.

سەنگەر کورێکی چاو کاڵی باڵا مام ناوەندی تەمەن ٢٣ ساڵان بەمشێوەیە بۆمان باسی ژیانی خۆی دەکا:

«ژیانی ئەمرۆ کەمێك سەختە، دیارە هەموو شتێك ئەگەر زەحمەتت لەگەڵدا کێشا لەلات شیرینترە. بەڵام من بۆ ئەوەی ژیانم بە خۆشی بەرمە سەر هەمیشە رابردووی خۆم ، بەتایبەت هەڵەکانم وەك ئاوێنە لە بیرو مێشکمدا دادەنێم و سەیریان دەکەم تاوەکو جارێکی تر ئەو کارە هەڵەیە نەیەتەوە ناو بیرەوەری ژیانم. من هەمیشە گەشبینم و دڵم بە ژیان خۆشە. هەوڵدەدەم ژیانم لەوەی کە هەیە باشتر بێ. دەمهەوێ وەك هەموو کەسێکی ئاسایی بژیم و با زۆر شتم نەبێ، با پارەم زۆر نەبێ، گرینگ ئەوەیە دڵم خۆشە.»

کەواتە، ژیان وەك خواردنەوەی ئاوی سوێرە لەکاتی تونیبوونێکی زۆردا. کە هەرچەند بخۆیەوە تینوەتیت ناشکێنێ. بۆیە با بەیەکەوەبونمان، بەیەکەوە سازانمان ژیان بەرەو جوانیەکی هەتایی بەرین.

سامان سیوەیلی

# هاوسەرگیری نێوان مامۆستا و قوتابی، لەنێوان دروستی و نادروستیدا

(ڕوونکردنەوەیەکی پێویست: مەبەستم لە مامۆستا و قوتابی لەم وتارەدا مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی (١٠ — ١٢)، بێگومان لە دەرەوەی شارە گەورەکاندا یان بڵێین لە قەزا و ناحیە و گوندەکاندا خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی تێکەڵاوە واتە کوڕان و کچان تێکەڵاون، بەهەمان شێوە مامۆستایانی هەردوو ڕەگەزیش بوونیان هەیە لەو خوێندنگانەدا، وەک زانراوە دەرچووانی زانکۆکان کاتێک وەک مامۆستا دادەمەزرێن لەسەرەتادا و هەتا ماوەی چەند ساڵێک دەبێت لەدەرەوەی شار خزمەتی مامۆستایی بکەن، پاشان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکان و شوێنی نیشتەجێبوونیان)

بەهۆی ئەوەی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا هەستاوم بەسازدانی پتر لە ١٥٠ سیمینار بۆ قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان، لە ناوشاری سلێمانی و زۆرێک لە قەزا و ناحیە و گوندەکانی پارێزگای سلێمانی، بەمهۆیەوە چوومەتە ناو پتر لە (٥٠٠٠٠ — پەنجا هەزار) قوتابی و خوێندکار و چەند هەزار مامۆستایەک، بۆیە زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێم زیاتر لە وەزارەتی پەروەردە ئاشنام بە کەلێن و کەمکورتییەکانی بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو چالاکییانەی لەناو قوتابخانە و خوێندنگەکاندا ئەنجامم‌داون تەنها بریتی نەبووە لە قسە کردن و ڕێنمایی پێشکەشکردن، بەڵکو هاوکات گوێگرتنیش بووە لە پرسیار و ژانکۆی بەشداربووانی سیمینارەکان، ئەو پرسیار و ژانکۆیانەی کە بەئاشکرا لەناو هۆڵەکاندا قوتابیان و خوێندکاران دەریانبڕیبێت یاخود بەنهێنی و بەشێوەی تاک و گروپ ئاراستەم کرابێت، یاخود دواتر لەڕێی پەیوەندیە ئەلەکترۆنیەکانەوە ئاراستەم کرابێت.

ساڵانێکە لێرە و لەوێ باسوخوازی پەیوەندی سۆزداری یان هاوسەرگیریی نێوان مامۆستا و خوێندکارم دەبیست یان لێی ئاگادار دەکرامەوە لە قوتابخانە و خوێندنگە ئامادەییەکاندا، بەڵام هەستم دەکرد ئەم حاڵەتە دەگمەنە و ڕەنگە پێویست بەوە نەکات قسەی لەسەر بکرێت، هەندێجاریش لە خولی شیاندنی مامۆستایاندا لە هاویناندا کە بەندە وەکو وانەبێژی مادەی (سایکۆلۆژیای هەرزەکاری) ماوەی پێنج ساڵە لەو خولانەدا وانە دەڵێمەوە بە مامۆستایان، لە زمانی چەندین مامۆستاوە باس لە بوونی ئەو حاڵاتانە دەکرا، ئەم باسکردنانەی مامۆستایان بەهەردوو ئاراستەدا بوو، باسی ئەوە دەکرا کە هەندێجار خوێندکارانی کچ دەستپێشخەرن بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ مامۆستاکانیان، هەندێ حاڵەتیش هەیە کە مامۆستایان دەستپێشخەرن.

با واز لەو حاڵەتانە بهێنم کە پێشتر و لەساڵانی ڕابردوودا بیستوومە یان بینیومە، ئەوەی بووە پاڵنەرم بۆ نووسینی ئەم بابەتە، چەند حاڵەتێک بوو کە ئاماژەیان پێدەکەم لەم وتارەدا، لەهەموویان بەئازارتر بۆ من ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنیە بوو کە سێ ڕۆژ بەر لەئێستا لەلایەن کچە قوتابیەکی قۆناغی (١٢) لە یەکێک لە قەزاکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی پەیوەندی پێوەکردم، ئەمەش پوختەی پەیوەندی ئەو کچە خوێندکارەیە: (ساڵ و نیوێک پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستایەکی خۆماندا هەبوو، مامۆستا کوڕەکە بەڵێنی ئەوەی پێدام کە بمخوازێت و ببینە هاوسەری یەکتر، زۆرم خۆشدەویست، ئەویش خۆشەویستی زۆری بۆ دەردەبریم، کەچی لە وەرزی یەکەمی ئەمساڵدا پەیوەندی لەگەڵمدا بچڕاند و هێندەی نەبرد دەنگوباسی هاوسەرگیری ئەو مامۆستایە بڵاوبۆوە، زۆر نیگەران بووم بەم هەواڵە، کەوتمە سۆراخی مەسەلەکە، هەتا ئەو کچەم دۆزیەوە کە بووە دەستگیرانی خۆشەویستەکەم (مامۆستا کوڕەکە)، کاتێک قسەم لەگەڵ کچەکە کرد بۆم باسکرد کە من و ئەو کوڕەی دەستگیرانت خۆشەویستی یەکتر بووین و پەیمانی ئەوەمان لەنێواندا هەبوو کە دوای تەواوبوونی خوێندنی ئەمساڵم هاوسەرگیری بکەین، بەڵام ئەم قسەیەم کچەکەی تووشی شۆک کرد چونکە ئەوان واتە ئەم دوو دەستگیرانە ماوەی چوار ساڵە پەیوەندی سۆزداریان لەنێواندا هەبووە، واتە ئەم مامۆستایە لەهەمان کاتدا



پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ منیش و ئەو کچەشدا هەبووە کە ئێستا دەستگیرانیەتی، بەمهۆیەوە من بەتەواوی کشامەوە لە قسەکانم و بەدڵی شکاوەوە گەڕامەوە، هەر بەمهۆیەوە باری دەروونیم تێکچوو و چیتر نەمتوانی درێژە بەخوێندن بدەم، لە کۆتایی وەرزی یەکەمەوە (نیوەی ساڵەوە) لەماڵەوە دانیشتووم و بەدەست خەم و تێکچوونی خەو و لاوازبوونی جەستەمەوە دەناڵێنم).

ئەم کیژۆڵە هەرزەکارە وێرای باسکردنی ئەم ژانکۆیانەی دەیویست ڕاوێژم پێبکات دەربارەی مەسەلەیەک ئەویش بەمجۆرە باسی لێوەکرد: (چەند ڕۆژێک بەر لەئێستا کوڕێک هاتۆتە داوام، من بەهیچ جۆرێک ئەم کوڕەم بەدڵم نیە و ناچێتە دڵمەوە، بەڵام دەمەوێت لەداخی ئەو مامۆستایە ئەم هاوسەرگیرییە بکەم، چۆن ئەو داخی نا بەدڵی منەوە منیش دەمەوێت بەم هاوسەرگیریە داخ بنێمەوە بەدڵیەوە).

نامەوێت زیاتر درێژە بەوتەکانی ئەم کیژۆڵە بریندارە بدەم، هێندە هەیە بە سێ ئاڕاستە ڕێنماییم کرد کە خۆشبەختانە وەڵامدانەوەی زۆر ئەرێنی بوو:

١- دەستهەڵنەگرتن لە خوێندن و گەڕانەوە بۆ خوێندن لە ساڵی نوێی خوێندن.

٢- بەدەمەوە چوونی چارەسەری بارە دەروونییەکەی کە ئێمە هەموو ئامادەییەکمان بۆ دەربڕی.

٣- هاوسەرگیری نەکردن لەم کاتەدا، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەو تەمەنە کاتی هاوسەرگیریی نیە و ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە دەچێتە خانەی هاوسەرگیری پێشەوەختەوە و لەبەرئەوەی بەپاڵناری تۆڵەکردنەوەیە لە کەسێک ئەو هەنگاوە دەنرێت کە دواجار بۆ جارێکی تریش دەبێتەوە بەقوربانی.

ڕۆڵی مامۆستایان لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخەوە، ئەگەر لەڕابردوودا مامۆستایان لە کۆمەڵگەی کوردیدا تەنها ڕۆڵی فێرکردنیان لەئەستۆدا بووبێت، ئەوا لەم ڕۆژگارەدا چیتر ڕۆڵی مامۆستایان لە پرۆسەی فێرکردندا قەتیس نامێنێت بەڵکو دەبێت مامۆستایان شانبەشانی فێرکردن ڕۆڵی پەروەردەکار و ڕێنماییکار و ئاڕاستەکاریان هەبێت، بەڵام لەکاتێکدا ڕۆڵی مامۆستا پێچەوانەی ئەرکە پیشەیی و پەروەردەیی و مرۆییەکەی بێت ئەوا دەچێتە خانەی بەخراپ کەڵک وەرگرتن لە پۆست و پەیامە پەروەردەییەکەی.

لە سەردانێکمدا بۆ یەکێک لە ئامادەییەکان لە قەزایەکی سەر بەپارێزگای سلێمانی بەر لەچەند مانگێک، قوتابیان ڕاشکاوانە نیگەرانی خۆیان پێڕاگەیاندم کە حەوت حاڵەتی هاوسەرگیری ڕوویداوە

لەنێوان مامۆستایان و قوتابیە کچەکاندا کە لەقۆناغی ئامادەیی دەخوێنن. لەسەردانێکی ترمدا لەیەکێک لە ناحیەکانی سەر بەقەزایەکی پارێزگای سلێمانی ئاگادارکرام کە چەند پەیوەندیەکی سۆزداری نێوان مامۆستایانی کوڕ و قوتابیە کچەکان بوونی هەیە. ئەم حاڵەتانە و چەندانی تر لەکاتێکدا یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو سیمینارانەی پێی هەڵدەستین بۆ قۆناغی ئامادەیی بەتایبەتی ئامادەییەکانی کچان، هۆشیارکردنەوەی کچانی هەرزەکارە لە هاوسەرگیری نەکردن لەو تەمەنەدا کە دەچێتە خانەی هاوسەرگیری پێشوەخت، هەروەها خۆ بەدوورگرتن لەو پەیوەندیانەی بەناوی پەیوەندی سۆزداریەوە دەکرێت و مەرامی تری لەپشتە کە دواجار بەهۆیانەوە کچان دووچاری کێشە و گرفت دەبنەوە و ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

لەڕاستیدا مایەی نیگەرانیە و ڕەفتارێکی نابەرپرسانە و ناپەروەردەکارانەیە مامۆستایانی قۆناغی ئامادەیی هاوسەرگیری لەگەڵ قوتابیە کچەکانیاندا بکەن کە هێشتا لە ناوەڕاستی قۆناغی هەرزەکاریدان. لە یەکێک لە ئامادەییە تێکەڵاوەکاندا لە یەکێک لە قەزاکان چەند خوێندکارێکی کوڕ لەپاش تەواو بوونی سیمینارەکە هاتنە لام و نیگەرانی زۆری خۆیان پێڕاگەیاندم، قسەی یەکێک لەو قوتابیانە کاریگەر بوو کاتێک پێی وتم: (سەرەتای ساڵ مامۆستا کورەکان کە دێنە ناو پۆلەوە پێمان دەڵێن ئێوە کوڕ و کچی ئێمەن، ئێمە وەکو برا و باوکتانین، کەچی هێندە نابات هەر لەو مامۆستایانەی ئەم قسانە دەکات لەگەڵ قوتابیەکی کچدا پەیوەندی دەبەستێت یان هاوسەرگیری دەکات، ئەم حاڵەتانە خوێندکارە کورەکان تورە و نیگەران دەکات، ئەمەیە برایەتی و باوکایەتی و مامۆستایەتی؟!).

هاوسەرگیری پێشوەخت مەترسیەکی کۆمەڵایەتی و تەندروستییە کە چەندین ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، زۆرێک لەو حاڵەتانەی کە لەخوار تەمەنی (١٨) ساڵییەوە ئەنجامدەدرێت هەرزوو ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی خێزانی و هەڵوەشانەوە دەبنەوە، هەر بەهۆی هاوسەرگیری پێشوەختەوە بەشێکی بەرچاو لە کچان لە خوێندن دادەبڕێن و دەبنە کابانی ماڵ، جگە لەوەی کچان لەتەمەنی ناوەڕاستی هەرزەکاریدا (١٥ – ١٨) ساڵ لەڕووی تەندروستییەوە ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبنەوە کاتێک هاوسەرگیری بکەن، هەروەها بەهۆی ئەوەی بیرکردنەوە و لایەنی ژیری کچان لەقۆناغەکانی پاشتری تەمەنیاندا گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەمهۆیەوە هەموو ئەو بریارانەی لە قۆناغی ئامادەییاندا دەیدەن پاشتر دەکەوێتە ژێر ڕەخنەی خۆیانەوە و لەزۆرێکیان پەشیمان دەبنەوە لەناویشیاندا هەڵبژاردنی ئەو کەسەی کە هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەن و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری.

ڕەنگە کچان لەقۆناغی خوێندنی ئامادەییاندا لەئەنجامی سەرسامبوون بەکەسایەتی مامۆستا یاخود لەئەنجامی بوونی بۆشاییەکی سۆزداری و ڕۆحی لای ئاسایی بێت پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ مامۆستایەکی کوردا ببەستێت کە وانەی پێدەڵێتەوە، تەنانەت ڕەنگە خودی کچەکەش دەستپێشخەر بێت بۆ سەرنجراکێشانی مامۆستاکە و دروستکردنی پەیوەندییەکە، بەڵام دەبێت مامۆستا کەسێتیەکی زۆر بەهێزتری هەبێت لەوەی ڕێگە بەخۆی بدات خۆی بخاتە ناو بازنەی ئەمجۆرە پەیوەندییانەوە، دەکرێت مامۆستا ڕێنماییکارێکی دڵسۆز و ڕێپیشاندەرێکی خاوەن پەیام بێت لەمجۆرە ڕەوشانەدا، بەڵێ دەکرێت و دەبێت خودی مامۆستاکە بەرچاوڕوونی بداتە قوتابیە کچەکە بەوەی ئەم وەکو مامۆستا شیاو و ڕێگەپێدراو نیە لەڕووی پیشەییەوە بۆ دروستکردنی ئەو جۆرە پەیوەندیانە یاخود بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری، پاشان دەبێت مامۆستایان هاندەر نەبن بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری کچانی خوێندکار لەقۆناغی ئامادەییدا چجای ئەوەی خۆیان هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکەن. ئەگەر مامۆستایان بەپێچەوانەوە ڕەفتار بکەن دواجار متمانەی خۆیان لەلای خوێندکاران و قوتابیان لەدەستدەدەن، ئەمە جگە لەوەی ئەم ڕەفتارانە بە لادان لە پەیامە پەروەردییەکەی مامۆستایان دادەنرێت.

ئەگەرچی لەڕووی یاساییەوە هەر کچێک تەمەنی (١٦) ساڵ تێپەڕێنێت دەتوانێت هاوسەرگیری بکات بەڕەزامەندی سەرپەرشتیارەکەی بەپێی ئەو هەمواركردنە تازەیەی بەسەر یاسای باری کەسێتیدا هاتووە (کە پێشتر تەمەنی ١٥ ساڵ دانرابوو)، بەڵام نابێت و ناکرێت مامۆستایان، هەڵگرانی پەیامی پەروەردە و پێگەیاندن، مەشخەڵ هەڵگرانی ڕێگە و تونێلە تاریکەکانی نێو کۆمەڵگە، بەخراپ کەڵک لەو یاسایە وەربگرن و خۆیان ئەنجامدەری ئەو ستەمە بن کە لەکچانی هەرزەکار دەکرێت.

ئەگەرچی بەڕای من هێشتا ئەو یاسایەی باری کەسێتی لەجێی خۆیدا نیە و پێویستە سەقفی تەمەن بۆ هاوسەرگیری بەرزتر بکرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی پەروەردە کە بەڕێنمایی هاوسەرگیری نێوان مامۆستا و خوێندکار قەدەغە بکات و هەموو سەرپێچکارێک لە پیشەی مامۆستایی دوور بخاتەوە.

و: سۆران ئەمینی

# منداڵان لە رۆژدا پێویستیان بە یەک کاتژمێر وەرزش هەیە

بەگوێرەی لێکۆڵینەوە نوێیەکان منداڵان بۆ تەندروستی لەشیان لە رۆژدا پێویستیان بەیەك کاتژمێر وەرزش کردن هەیە.بەسەرنجدان بەوەی کە لە ئێستادا رێژەی قەڵەوی لە منداڵان بەشێوەیەکی بەرچاو چۆتەسەرێ، ئەنجامدانی هەندێك لە چالاکیە وەرزشیەکان بۆیان مەترسیداربێ.لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ دایك و باوکەکان، دکتۆرەکان، بەرپرسانی بنکە تەندروستیەکان و قوتابخانەکان بایەخێکی تایبەتی بە وەرزش بدەن.

چاوەدێرانی بواری تەندروستی لەو باوەڕەدان کە قەڵەوی لە منداڵاندا کێشەیەکی سەرەکیە،ئەگەر ئەمڕۆ بۆ ئەنجامدانی چالاکیە وەرزشیەکان و جوڵە وەرزشیەکانی منداڵان خەمێك نەخۆین،۲۰-۳۰ ساڵی دیکە دەبێ چاوەڕێی دیاردەی قەڵەوی بەشێوەیەکی ترسناك بین.

پێنج خولەك لە رۆژدا:

بەشێك لە پزیشکان پێیان وایە کە منداڵانی ۸-۱۱ ساڵان بەشێوەی مام ناوەندی پێنج خولەك چالاکی وەرزشی مام ناوەند تا قورس لەنێو چالاکیەکانی رۆژانەی خۆیاندا ئەنجام دەدەن، تەنانەت لێکۆڵینەوەکان لە ئەمریکا پیشان دەدەن کە منداڵان بەشێوی نێوەنجی کەمتر لە ۲۵ خولەك چالاکی وەرزشیان لە هەفتەیەکدا لە نێو بەرنامە فێرکارییەکانی خۆیاندا هەیە.هەروەك دەزانین گەورەکان رۆژانە پێویستیان بە ۳۰ خولەك چالاکی وەرزشی مام ناوەند و قورس هەیە تاوەکوو تووشی نەخۆشیەکانی دڵ و هەناو نەبن،یان بۆ کۆنترۆڵ کردنی کێش پێویستە یەك کاتژمێر وەرزش بکەن،بەلام بۆ منداڵان زانیاریەکی ورد لەبەر دەست دانیە. تەنانەت لەو کۆنفرانسانەی کە لەو دواییانەدا بۆ زانینی پێویستی منداڵان بە وەرزش بەرێوەچوونە،وتویانە کە پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو بوارەوە بکرێ.شایانی باسە هەموو لێکۆڵەرەوان لەو بروایەدان کە کەمبونەوەی چالاکیە وەرزشیەکان لەنێو بەرنامە فێرکارییەکانی قوتابخانە کێشەیەکی گەورەیە.پێویستە قوتابخانە بایەخێکی تایبەتی بە چالاکیە وەرزشیەکان بدا و خولی تایبەتی بۆ وەرزش بکاتەوە، تاوەکوو منداڵان زیاتر هۆگری وەرزش کردن بن.بەتایبەتی منداڵان لە کاتی قۆناغی سەرەتایی پێویستیان بە جوڵەی زیاترە و بەتەواوی ناسروشتیە و دروست نیە کە منداڵێك لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا لە رۆژدا بێ جوڵەبێ و وزەی خۆی خاڵی نەکاتەوە.تەنانەت پسپۆرانی بواری پزیشکی لەسەر ئەو بروایەن کە چالاکیە وەرزشیەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵان لە وانەکانیشیاندا بەهۆشتر و سەرکەوتوتربن.هەربۆیە دەبێ چالاکی وەرزشی لە یەکەم ساڵی قوتابخانەوە تا پۆلی دوازدە بەردەوام بێ.هەرچەندە لەزۆر شوێنی ئەو جیهانەدا بەهۆی کێشەی ئابووری و سیاسیەوە زۆر وڵات هەن ناتوانن ئەو کارە بکەن، ئەگەر هەشبێ یا بەرنامەی دروست یا ئیمکاناتی پێویست نیە تا بەباشی بەرێوەی ببەن.



بەڵام دایك و باوکان لێرەدا ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شانە، دەبێ بۆ تەندروستی و لەشێکی ساغ بۆ منداڵەکەیان هەموو هەوڵێك بدەن، پێویستە رۆژانە لەگەڵ منداڵەکەیان وەرزش بکەن، بەلانی کەمەوە لەرۆژدا نیو کاتژمێر لە کاتی خۆیان بۆ وەرزش کردن لەگەڵ منداڵەکەیان تەرخان بکەن.

گەلاوێژ میهفەر

# خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و فەیسبووک، مەترسیەک بۆ سەر خێزان




بەجێگەی سود وەرگرتن و باش بەکارهێنانیان رۆژانە لەرێگەی موبایل یا فەیسبوکەوە خەڵکی بێزار دەکرێ و بەهۆی ناروونی و نەناسینی کەسەکەوەش ناتوانرێ سکاڵا تۆماربکرێ و تاوانبارەکە بدۆزرێتەوە.ئێستا ئەوە وەك دیاردەیەکی لێهاتووەو لەو بارەوە دادوەری دادگای کەتن لە کۆیەش ئەو کێشەیەی پشت راست کردەوەو دەڵێ هەرچەندە یاسا هەیە کەچی ئەو تاوانە ئەنجام دەدرێ،بەلام ئەوەش مانای ئەوەنیە کە یاساش مەبەستی خۆی نەپێکابێت. بەرێوەبەری نوسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی کۆیەش داوا دەکا حکومەت زەخت بخاتە سەر کۆمپانیاکانی موبایل و کۆنترۆڵیان بکاو بەتایبەتی نەمانی سیم کارتی علوج کە بە ئاسان و هەرزان دەست دەکەوێ.

تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندی کردن بۆ خزمەتی مرۆڤ داهێنراون، کەچی زۆر کەس بە خراپی بەکاری دێنن و مەترسی بۆ ژیانی هاولاتیان دروست دەکەن.

ئارێز حوسێن کە لە دادگا چاوم پێی کەوت ووتی کەسێك ماوەیەکی زۆر بە موبایل بێزاری دەکردم، باوکم و دەزگیرانەکەم وایان دەزانی کە من دەیناسم و خۆشم دەوێ. زۆرجار هەر لەخۆیەوە نامەی دەنارد و شتی وای دەگووت کە ئەوان وایان دەزانی راستەو من پەیوەنیدم لەگەڵیدا هەیە. ژیانی لێ تاڵ کردبووم. ئارێز کە ئەوەندە بێزاربو هەوڵێکی زۆری دابوو تا کەسەکەی دۆزییەوەو لە دادگا سکالای لەسەر تۆمار کرد. هەر چەند دواتر بەهۆی بنەماڵەییەوە پێك هاتبوون بەڵام دادگا برِی یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار غەرامەی کرد.

ئاشتی خوێندکاری بەشی ئینگلیزی فەکەلتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و پەروەردەی زانکۆی کۆیە ووتی لەو ماوەیەدا کەسێك بەناوی منەوە فەیسبوکێکی دروست کردبوو وێنەی من و ژمارەی مۆبایلەکەمی دانابوو، تێیدا نووسیبوو کە من لەش فرۆشەکەی زانکۆم. نەمزانی کێیە بۆیە نەمتوانی لە دادگا سکاڵا بکەم.لەماڵەوە کێشەی زۆری بۆ پەیداکردم، بەهۆی ئەوەوە نەمتوانی لە تاقیکردنەوەکاندا بەشداری بکەم.

حاکم سەباح قادر دادوەری دادگای کەتن لە کۆیە سەبارەت بەمە دەڵێت هەرچەند کارەکە بە تاوان دانراوەو سزاشی بۆ دیاری کراوەو ئەنجامدەرانی تاوانەکە بە تاوانبار ناسێنراوە بەلام چەند شتێك پاڵنەرن بۆو تاوانە وەکوو هۆکاری کۆمەلایەتی، ئابووری تەنانەت سیاسی و دەروونیش. ئەو دادورە ئاماژە بەوەش دەکا کە هەرچەندە یاسا هەیە بەڵام ئەو تاوانە هەر ئەنجام

دەدرێت.بەڵام بەو مانایەش نیە کە یاسا مەبەستی خۆی نەپێکابێ. هەروەها ووتیشی ئەو تاوانە بەردەوام شێوازی نوێ وەردەگرێ کە لەسەرەتای پەیدابوونی ئامێرەکانی پێوەندی بەتایبەتی موبایل سەری هەڵداوە چ بەشێوەی پێوەندی گرتن یا وێنەگرتن یا دیمەنی ڤیدیۆیی. ناوبراو ووتیشی لە ئێستادا شێوازێکی تری وەرگرتووە کە بریتن لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئینتەرنێت بۆ مەبەستی هەرەشەکردن یا جنێودان یا ناوزراندن بڵاوکردنەوەی ترس یا بڵاوکردنەوەی وێنە و دیمەنی ڤیدیۆیی، بەپێچەوانەی خورەوشتی کۆمەڵگا. بۆیە پێویستە یاساش و کارمەندانی لێکۆڵینەوەش لەگەڵ پێشکەوتنی جۆری تاوان،بەرو پێش بچن بەتایبەت لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە تاوانە ئەلیکترۆنیانە کەلە رێگەی هێڵی ئینتەرنێت یاخود تەنانەت هێندێکیان لەرێگەوەی مۆبایلەوە، زۆر بەئەستەم دەتوانرێ خاوەنەکانیان بدۆزرێنەوە.ئەوەش هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی یاسای ژمارە شەشی ساڵی ۲۰۰۸ مەرامەکانی خۆی نەپێکێ.

دانا حاجی عبدللە بەرێوەبەری نوسینگەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی کۆیە هۆی ئەو کێشانە دەگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئامرازانە بە خێرایی هاتنە ناومان ئامادەکاری بۆ نەکرابوو،بۆیەش حکومەتی درکی بەوە کرد و یاسایەکی بۆ خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پێوەندییەکان دەرکرد.ئەو ووتیشی ئەو کێشەیە لە ولاتانی پێشکەوتووشدا هەیەن بەلام فەرهەنگی ولاتەکەی ئێمە جیاوازە، زۆرجار کێشەی گەورەی لێ کەوتۆتەوە، بەزۆریش مەترسیە بۆ سەر ژنان.تاکی ئێمە بەبەردەوامی توندوتیژی بەرامبەر دەکرێ بەڵام هەستی پێ ناکا. بەرێوەبەری نوسینگەی بەرنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان خۆشحاڵی خۆی بەوە دەربرِی کە ئێستا خەڵکی پەنا بۆ یاسا دەبا. ئەوەش دەری دەخا کە تاك وشیار بۆتەوە.ووتیشی لە سنووری قەزایی کۆیە ۱٦٥ کەیسمان هەبووە کە ۱٥۰ کێشەی کۆمەلایەتی بوون.کە بەزۆری کێشەی مۆبایلن و ئێستاش فەیسبوکیش هەیە. بەرێوەبەری نوسینگە داوا دەکا حکومەت زەخت بخاتە سەر کۆمپانیاکانی موبایل و کۆنترۆڵیان بکاو بەتایبەتی نەمانی سیم کارتی علوج کە بە ئاسان و هەرزان دەست دەکەوێ.

دانا حاجی ئاماژەی بەوە دا ئەگەر بمانەوێ رزگارمان بێ لەو کێشانە دەبێ لە ماڵەکانی خۆمانەوە دەست پێ بکەین و دواتریش قوتابخانە. ئێمە وەك نوسینگە هاتین لە قوتابخانەی ناوەندییەوە دەستمان پێکرد،بەبەردەوامی لەرێگەی کەسی شارەزاوە کۆرمان بۆ دەگرتن.تەنیا لە هەفتەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ۱٦ سمینارمان گرت کە ۲۱۸۳ کەس تێیدا بەشداربوون.

هەر سەبارەت بەو کێشەیە فەرمان سیروان مەولود توێژەری دەروونی ووتی ئەو کێشانە هۆکاریان زۆرە، لێك تێنەگەیشتنی خێزانەکان یەکێکە لە هۆکارەکان، زۆرجار کە کەسێك بە هەڵە تەلەفۆن دەکا یا لە فەیسبوك وێنەیەك دادەنێ، ئیتر بنەماڵەکان یەکسەر منداڵەکەیان تاوانبار دەکەن لە حاڵێکدا کە بێ تاوانەو توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە. بە بروای ئەو توێژەرە دایك و باوکەکان ئاگایان لە منداڵەکەیان نیە، هەروەها لێپرسینەوە نیە لەنێو خێزاندا،هەندێکجار دایکی شتی بۆ دەپۆشێ. باوك بەیانی دەچێتەدەر تا شەو ناگەرێتەوە، شەویش هیلاکە و تورەیە، کات بۆ لێپرسینەوە ناکا. بۆ نموونە لە خوێندنگەیەك دوو کچی تازە پێگەیشتوو شەریان بوو لەسەر ئەوەی کامیان لە فەیسبوك هاورێیان زۆرتربێ. لەوانەیە هەر دواتر ئەو کچانە بەو هۆیەوە کێشەیان بۆ دروست ببێ

فەرمان سیروان پێی وایە زۆربەی ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بەو کارە رۆشنبیریان نیە. لەو باوەرەدایە کە لە خوێندنگاکاندا توێژەرەکان بەباشی بەئەرکی خۆیان هەڵناستن، لە چاو ئەو ناوەی کە هەیانە، هەروەها لەو ولاتەدا شڵەژانی دەروونی زۆر زۆرە.

سەبارەت بە سزای ئەو جۆرە تاوانانە کە لە رێگای مۆبایل و فەیسوکەوە ئەنجام دەدرێن بەرێز حاکم سەباح ووتی هەر کەس ئامێرەکانی پێوەندی کردن خراپ بەکاربهێنێ بەپێی مادەی ۲ لە یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ۲۰۰۸ سزا دەدرێ، بە بەندکردن کە لە شەش مانگ کەمتر و لە ٥ساڵ زیاتر نەبێ، یا غەرامە دەکرێ بە بری ۱ملیۆن دینار کەمتر و ٥ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.بەڵام ئەگەر تەنیا تاوانەکەی بێزارکردن بێ ئەوا سزاکەی سووکترە.

لە وەڵامی ئەوەی کە ئایا کەسێك جارێك تاوانی کردبێت و سزا درابێ جارێکی دیکە هاتۆتەوە دادگا، دادوەری دادگای کەتن لە کۆیە ووتی دووبارە کردنەوەی تاوان پێوەرێکی تایبەتی نیە، بەڵام یاسای سزادانی عێراقی بواری سزای لەسەر ئەو تاوانبارە توندتر کردوە کە دووبارە تاوان ئەنجام دەدەنەوە،ئێمە لە دادگاکاندا زۆر کەسمان بینیوە بۆ جارێکی دیکەش تاوانی هاوشێوە یا

و: سۆران ئەمینی

# وەرزش و شەکرە



بەشێوەیەکی گشتی وەرزش شەکری خوێن دێنێتە خوارێ، چونکە لەکاتی وەرزش کردندا ئەنسۆلین چالاکتر دەبێ.بەڵام لە کەسانێکدا کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە، کەمبونەوەی بێ ئەژماری شەکری خوێن لەوانەیە مەترسیداربێ.بۆ ئەوەی شەکری خوێن جێگیربێ، کەسانی تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە لەکاتی وەرزش کردندا دەبێت گرینگی بەو چەند خاڵە بدەن:

- بەر لەوەی دەست بە وەرزشکردن بکەن و دوای تەواو بوونی وەرزش کردنیش باشتر وایە بزانن رێژەی شەکری خوێنتان چەندە.
- ئەگەر ویستتان وەرزشێکی قورس بکەن، دەبێت لەپێشدا نانتان خواردبێ.
- لەگەڵ دکتۆرەکان لەبارەی رێکخستنی ئەنسۆلین و لێدانی دەرزی شەکرەکەتان، لەکاتی وەرزشکردندا راوێژبکەن.
- نابێ دەرزی ئەنسۆلین لەو بەشە لە ئەندامەکانی لەشتانی بدەن کە لە کاتی وەرزشکردندا زۆر بەکاریان دێنن، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەنسۆلین بە خێراییەکی زۆرتر لەلەشدا بڵاوبێتەوە.بۆ نموونە ئەگەر دەتانهەوێ رابکەن، بە جێگای ران ، ئەنسۆلین لە سکتان بدەن.

سوغرا قازی

# بیرەوەرییەکی سەردەمی منداڵی

پاش لە نێوبردنی کۆماری کوردستان بە پیلانی نێودەوڵەتیو ڕێککەوتنەکانی نێوان زلهێزەکانی براوەی شەڕی دووهەمی جیهانی و هێرشی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر کۆماری کوردستان و بێوەفایی ژمارەیەك کەس و لایەنی کورد بەرانبەر بە کۆمار و کوردستان. دەست تێکەڵکردنیان لەگەڵ ڕێژیمی حەمە ڕەزاشا و ئاسانکاری بۆ کردن لە داگیرکردنەوەی کوردستان و لە داردانی پێشەوا «قازی محەممەد»دا، زۆر بابەت و باسی پێوەندیدار بە لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە کەوتە سەر زار و زمانی خەڵك و بەرانبەر بە قارەمانێتی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆمار لە لایەك و ئەرتەش و خیانەتکارانی کورد لە لایەکی دیکەوە بە شێوەی شیعر و لاواندنەوە و پێ هەڵگوتن بە دڵسۆزان و نیشتمانپەروەران و گاڵتەکردن بە ئەرتەش و خیانەتکاران بونە باوو سینگ بە سینگ و زمان بە زمان لە نێو خەڵکی ئۆگری ئازادی و کۆماردیتووی کوردستاندا دەگوترانەوە. دایکان و باوکان لە کوڕی بنەماڵە و شەونشینی یەکانیاندا بە زمانێکی سادە و ساکار بەتایبەتی ڕۆڵەکان و جگەرگۆشەکانیان لەگەڵ ڕووداوەکانی



سەردەمی کۆمار ئاشنا دەکرد کە ئەوە خۆی خزمەتێکی بەرچاو بوو تا هەم ئەو رووداوانە لە بیر نەکرێن و هەم منداڵان و مێرمنداڵانی کورد لە ئامانجەکانی کۆمار و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و هەڵوێستی بوێرانەی تێکۆشەرانی کورد و بە پێچەوانەیش خیانەتی ژمارەیەك کوردی بێ باوەڕ ئاشنا بکەن.

ئەو باس و بابەتانە لە بنەماڵەی ئێمەدا بە هۆی خزمایەتیمان لەگەڵ بنەماڵەی قازی و ئەو کۆسپانەی لە کورد و لە بنەماڵەی قازی کەوتبوون، زۆر برەو باوی هەبوو.

بەداخەوە لەو بارەوە بە هۆی فەوتی باوکەمان هەر چەند لەو بارەوە وەك بێ نازی لە قسە و باسەکانی باوك بێبەش بووین بەڵام بە خۆشییەوە دایکمان «نوسرەت خانم» میللی کە خێزانی «میرزا برایمی قازی» باوکم بوو و لە سەردەمی کۆماردا لە ریزی ژنانی هەڵسوڕدا بوو نەیهێشت ئەو کەمییەمان پێوە دیار بێ و بەردەوام لە کۆمار و پێشەوا و حیزب و تێکۆشانی ژنان و ژیان و بەسەرهاتی ئەمانە بۆمان دەدوا و ئێمەش بە ئیشتیا و تامەزرۆییەوە دەمان بیست و بە حەزێکی تایبەتییەوە وەرمان دەگرت. هەر ئەوەش هەوێنی ئەو هەستە بوو کە لە مێرمنداڵی و لاویدا لەگەڵ نیشتمانپەروەری و لە دڵدا مانەوەی خۆشەویستی نیشتمان و دەوری مێژووی کۆمار تێکەڵاوی کردوین.

ئێستاش زۆربەی ئەو باسانەی دایکم بۆی دەکردم لە مێشکمدا وا جێگیر بووە کە پاش زیاتر لە ٦٠ ساڵ لە بیرماون و لەگەڵیان دەژیم بەتایبەت کە پاش هاوسەرگیریشم لە بنەماڵەی هاوسەرەکەشمدا ئەو باس و بابەتانە هەر باو بوون. هەر بۆیەش شۆڕشی گەلانی ئێران و بە دوای ئەویش هێرشی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستان بە دڵفرەوانی و بە حەزەوە وێڕای هاوسەرەکەم ریگای ئەو رێبازەم گرتەبەر کە باس و بابەتەکانی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی لە مێشکمدا جێگایان کرد بووە و ئێستا ئیدی بە کردەوە هەنگاوم بۆ ناوە.

لەم رۆژانەی دواییدا باس لە شەهید «حامیدی مازوجی» هاتەگۆڕ کە لە سەردەمی کۆماردا، چ دەورێکی لە کاروباری نیزامی و سیاسیدا هەبوو و پاش لە سێدارەدانی «پێشەوا و حەمە حوسین خان و ئەبوقاسم سەدری قازی» ئەویش لە رۆژی ۱۳۲٤/۱/۱۷ یانی حەوتویەك دواتر لەگەڵ «عەبدوڵڵای روشەنفکر، رەسوڵ نەقدیان و محەممەد نازمی» لە دار درا باسی ئەو رۆژە لەو تێکۆشەرە بیری منداڵی هەڵی گرتم و ئەو چەن دێڕەم کە لە پێوەندی لەگەڵ ناوبراو، یانی «حامید مازوجی»دا لە دایکم بیستبوو بیر کەوتەوە کە لە کاتی لە سێدارەدانی ووتبووی.

ئەگەر دەمزانی کە دونیا وایە
دەبەرم دەکرد بەرگی گەدایە
لە سێدارەم دەن لە چوارچرایە
خۆ من زیاتر نیم لە پێشەوایە

ئەو کوپلە شێعرە هەم وەفاداری بە پێشەوا نیشان دەدا و هەم رەنگە ئەگەر من لە دایکم نەبیستبایە لە بیرم چووباوە. لێرەدا مەبەستم لە نوسینی ئەم بابەتە ئەوەیە کە گرینگی دایك و باوکانی دڵسۆز لە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیان بۆ رۆڵەکانیان دەر بخەم و ئەوەی لە نووسین نەهاتوون بە گووتن و دووپاتکردنەوەیان بینە نوسین.

هیوادارم هەموو دایك و باوکێکی کورد ئەو ئەرکە لە پێناو نیشتمان و کوردپەروەریدا بەرانبەر بە منداڵان و مێرمنداڵان بە جێ بێنن و ئەو بیرەوەریانە زیاتر بژێندرێنەوە.

شەهلا شەریفی

ژنانی کورد وەکوو نیوەی کۆمەڵگای کوردستان، شان بە شانی پیاوان لە هەموو قۆناغە دژوارەکانی خەباتی مافویستی و رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بەشداربوون و نرخیان داوە. هەزاران ژنی کورد هەبوون و هەن کە لە قۆناغە ئاستەم و دژوارەکانی خەبات رووبەڕووی هەموو ناخۆشییەکان بون و لەگەڵ هاورێ و هاسەرانیان لە خەباتی ئازادیخوازانەدا بەشدار بوون. ئەم زنجیرە دیمانە لەگەڵ ژنانی شۆڕش، دەڵاقەیەکە بۆ ناسینی ئەو ئازار و ناخۆشییانەی ژنان کە لەنێو شۆڕشداً رووبەڕوویان بۆتەوە و بە هیواداربوون بە ئازاد بوونی نیشتیمانە داگیرکراوەکەیان لە هیچ فیداکاری و ئەمەگناسییەک دریێغیان نەکردووە. لەم ژمارەی گۆڤارەکەمان هەڤپەیڤینمان لەگەڵ یەکێک لەو ژنە تێکۆشەرانەی کورد خاتوو مەلیحە محەممەدی پێک هیناوە.

# ژیاننامەی مەلیحە محەممەدی



- خاتوو مەلیحە محەممەدی لە کۆی و لە چ سالێك لە دایك بووی، تکایە خۆت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژنان بناسێنە؟

- لە ساڵی ١٣٥٦، لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی مامۆستایان لە دایك بووم، بنەماڵەکەم دەمێکە لە کوردستانی باشور نیشتەجێ بوون بۆیە منیش هەر لەوێ لە دایك بووم، چونکە بە هۆی ئەوەی باوکم لە زەمانی کۆماری کوردستان پێشمەرگەی شۆرشی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بووە هەتا ئەو شۆڕشە بەداخەوە لە بەر چەند هۆکارێك شکستی هێنا کە باوکم بۆمان دەگێڕێتەوە هەتا ئاوی ئاراس لەگەڵ هاوڕێکانی پێکەوە بوون بەڵام بە هۆی ئەو شکستەوە چۆتە شاری مهاباد و چەند شارێکی تری کوردستانی رۆژهەڵات.

- چۆن لەگەڵ مێردەکەت ئاشنا بووی و چەند ساڵە مێردت کردووە؟

- لەگەڵ مێردەکەم (قادر سۆهرابی) ناسراو بە مامە قالە تاژانی خەڵکی ناوچەی بانەیە ژیانی

هاوسەریم پێکهێنا کە شوکر بۆ خوای گەورە ژیانمان زۆر باشە.

ـ بنەماڵەکەت لەگەڵ پێکهێنانی ژیانی هاوبەشت لەگەڵ مامە قالە رازی بوون؟

ـ بنەماڵەکەم رازی بوون چونکە ئێمە بۆ یەکتر گونجاو بووین، هەردووکمان رازی بووین هەر بۆیە بنەماڵەکەشم رازی بوون چونکە بنەماڵەی من لەو بنەماڵە فکر کۆنانە نەبوون و هیچکات کچمان بە زۆر ژیانی هاوسەری‌یان پێك نەهێناوە.

ـ چەند منداڵت هەیە؟

ـ لە ژیانی هاوسەریماندا سێ منداڵمان هەیە، دوو کوڕ و کچێك بە ناوەکانی پێشەنگ کلاس ۹یە، چرۆ کلاسی ۱۱یە و کاری هونەریش دەکات، پەیام کلاسی ٦ی سەرەتاییە بە خۆشحاڵیەوە ماوەی ۲۱ ساڵە بەیەکەوە ژیان دەبەینە سەر.

ـ چەند ساڵە ئەندامی یەکیەتیی ژنانی؟

ـ لە ساڵی ۱۳۷۳وە ئەندامی یەکیەتی ژنانم، بەڵام ئەو کاتە کۆمیتە هەبوو و ئێمە لە کۆمیتەی بانە بووین، بەو شێوەیەی ئێستا نەبوو ئەندامەتی، چونکە بە حوکمی ئەوەی کومیتەکان لە دەوری دەفتەرەوە دوور بوون هەتا ماوەیەك کارتی ئەندامەتیشمان نەبوو چونکە ماڵی ئێمە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی‌تریشدا لە سازمانی خەباتەوە هاتینە ناو ریزەکانی حیزب.

ـ تا چەند کلاس دەرست خویندووە؟

ـ بەڵێ من بە منداڵی هەتا کلاسی چوارەمی سەرەتایی خوێندومە، چونکە ئە سەردەمە وا بوو، دەیان گوت بتوانێ بنوسێ و بخوێنێتەوە زۆرە، بەڵام بە خۆشحاڵیەوە لە کلاسی پێنجەمی سەرەتاییەوە لە ئازادی لە خوار شاری کۆیەوە درێژەم بە خوێندن داوەتەوە هەتا ئێستاش کە کلاسی (۱۰) ئامادەیی لە شاری کۆیە هەر بەردەوامم و بە هیوام هەتا بۆم بکرێ و لە توانامدا هەبێت درێژە دەدەم. جێی خۆیەتی کە سوپاسی مێردەکەم و منداڵەکانم بکەم کە هاوکاری من دەکەن لە کاروباری ماڵدا کە من بتوانم بچمە مەدرەسە.

ـ ئایا دەتوانی لە بواری ژیان و بەسەرهاتی خۆت، بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژنان باس بکەی؟

ـ بەڵێ وەکوو ژنێك بە خەم ماڵ و منداڵی خۆمەوە



بووم و ماوەی ٦ ساڵ نانەوایی حیزب بووم بە تەنها ئەو کاتە کوڕەکەمان پێشەنگ لە ئێران لە لای ماڵی باپیرەی بوو، ئەو دوو منداڵەی دیکەشم لە لام بوون، چرۆم کلاسی دوو بوو، پەیامیش ٥ مانگە





بوو، دەبوو منداڵەکانیش پەروەردە بکەم و ماڵیش بەرێوەبەرم و نانەواییش بکەم. لە هەمانکاتدا دەچوومە یەکیەتیی ژنان لە کتێبخانەی یەکیەتیی ژنان مانگی چەند کتێبێکم دەهێنا دەمخوێندەوە، لە بەر ئەوەی زۆرم حەز لە موتالەعە بوو کتێبەکانیش ئەوەی لە بیرم بێت ئەوانە بوون یادداشت، ژن، ژیان، خەبات، ئافرەتانی کورد لە تورکیە، فەرهەنگی منداڵ، یاخی بوونی ئافرەت، خاتوو کلاوەر، لە هۆنراوەی کوردیدا، چیرۆکی هۆنەری کوردی. کاتێك کۆمیتەکان لە شارەکانی کوردستانی باشور بوون هەموو ژنەکان پێکەوە کە پێشمەرگە دەچونەوە بۆ مەنتەقە موکێت و پەتوەکانمان بۆ دەشۆردن هەتا دەهاتنەوە لە مەنتەقە، مەنتەقە بوون قادریش لە مەنتەقە بوو، ئەو کاتە دوو منداڵم لە لا بوون دۆست و هاوڕێی قادر دەهاتن لێیان دەپرسیم چیت لازمە؟ کارێکت هەیە؟ لە خزمەتداین، منیش زۆر بە گەرمی سوپاسم دەکردن و رێزم لێ دەگرتن بەڵام لە هەمانکاتدا یەك دیناریشمان نەبوو، بەڵام ئەوە بۆ من زۆر جێگای خۆشحاڵی بوو کە نەمدەهێشت هیچ کەسێك بە نەبوونیمان بزانێت هەر لە هەمانکاتدا کە پێشمەرگە دەچوونەوە بۆ مەنتەقە سەوزی وشککردن، روب، مرەبا، سەوزی خۆرشت هەموو ژنەکان دروستمان دەکرد بۆ کومیتەکان.

ئێستاش هاوکاریی مێردەکەم دەکەم کە فروشگایەکمان هەیە، هەر دووکمان هاوکاری یەکتری دەکەین بۆ بژێوی منداڵەکانمان و پێکەوە بەڕێوەی دەبەین و لەگەڵ کاری حیزبی و رێکخراوەیی کاری فروشگاکەش دەکەین.

- خۆشترینو تاڵترین بیرەوەریت چییە؟

- بیرەوەری زۆرم هەیە بەڵام بەداخەوە هەمیشە بیرەوەری تاڵم زیاتر هەیە کاتێك کە پێشمەرگە لە

جاری وا هەبوو ٣ تا ٤ مانگییان پێدەچوو، جارێك خەسووم دایكی قادر هاتبوو بۆ سەردانمان، قادر لە مەنتەقە بوو، وەسایلی زۆری بۆ هێنا بووین، هەر وەكوو هەموو جارەكانی دیكە كە هەر لێرەوە جێی خۆیەتی سوپاسیان بكەم كە هەمیشە هاوكارمان بوون. لە دێهات بە قەیسی نانە قەیسی دروست دەكەن، خەسووم زۆری بۆ هێنا بووین منیش پوڵم پێویست بوو چونكە دوو منداڵەكە و خۆم پوڵمان نەبوو. لە شوێنێك بوین بە ناوی (تانجەرۆ) كە لە خوار پردی عەربەت لە سلێمانیە ئێمەی حیزبی دێموكرات و ئاوارەكانی كەركوكی لێ نیشتەجێ بووین، فرۆشگایەكی ئەو ئاوارەیانەی لێ بوو، خاوەن فروشگاكە ناوی كاك سامی بوو منیش چووم بۆ لای و پێم وت هێندێ قەیسیمان بۆ هاتووە لازمم نیە بۆم دەفرۆشی؟ دوایش هێندێك لە پۆڵەكەت دەدەمێ وتی باشە بیهێنە قەیسیەكەم كرد بە پارچە پارچەی بچوك و بۆی فرۆشتم ئەوكات دینار هەبوو بایی (٦٢) دینار بوو لە خۆشیانا حاڵم نەبوو دەمگوت لە خوا بەزیاد بێت موحتاجی دەستی كەس نەبووین لە هەمووی خۆشتر كە بە ئێواران لەگەڵ ژنەكانی دراوسێمان دادەنیشتین منداڵەكانیان لەو فروشگایە نانە قەیسیان كری بوو، ژنەكانیش نەیان دەزانی جەریان چیە لە كوێوە ئەو قەیسیە هاتووە، یەكێ لەو ژنانە دادە سۆهیلای شەهید مەنسوری رەشە هەورامی بوو، دەیگوت: «تامی ئەو قەیسیە هەر لە تامی قەیسی ئێران دەچێت».

لەگەڵ ئەو نەداری و موشكیلاتانە بواری ئەمنییەتیی ئەوكات زۆر خراپ بوو، ئێمە ماوەیەك لە سلێمانی بووین، چەند جارێك دەهاتن بۆ تیرۆركردنی قادری مێردم، جاری وا هەبوو ئەو لە مەنتەقە بوو شەوانە سەعات ٩ لە دەرگا دەدرا، دەمگوت كێیە دەیان گوت بیكەوە خۆمانین نامان ناسی، یان دەترسی؟ منیش دەمگوت نەخێر ناترسم، بەڵام من لەگەڵ دوو منداڵم چیتان دەوێ ئێوە كێن؟ ئەوانیش هەر دووبارە دەیان گوت دەرگا بكەوە. هەتا شەوێك میوانمان هەبوو لە دەرگا درا ئەو شەوە قادر تازە لە مەنتەقە هاتبووەوە، منیش بۆم باس كردبوو پێشتر، هەر دەرگاكەم كردەوە قادریش یەكسەر لولەی تفەنگەكەی هێنایە سەرسەریان، زمانیان تێك چوو، قادر وتی ئێوە كێن و چیتان دەوێ جارێكی تر نەین بەم دەرگایەدا، سێ كەس بوون كاتێك رۆیشتن وتیان برا بە خوا ئەمە گیای دەمی ئێمە نیە زۆر ئازایە یەكێكیان بە ئەوانەی تری دەگوت گوێمان لێ بوو.

- خاتوو مەلیحە رۆڵی جەنابت لە ناو یەكیەتیی ژناندا چۆن بووە؟

- بەڵی رۆڵی من لە ناو یەكیەتی ژناندا هەمیشە ئەندامێكی زۆر چالاك بووم هەر بۆیە بە مشاویر هەڵبژێردرام لە یەكیەتی ژناندا دواتر بە هۆی سەركەوتنم لە كارەكانمدا هەڵبژێردراوی كۆنگرەم دوبارە واتە دوو دەورە ئەندامی بەڕێوەبەری یەكیەتی ژنانم.

- پەیامی جەنابت بۆ ژنانی ئێران چییە؟

- پەیامی من بۆ ژنانی كوردستانی ئێران هەمیشە ئەوەیە كە هیچكات زوڵم و ستەم قبوڵ نەكەن لە كۆماری ئیسلامی بە گشتی و كۆمەڵگا بەتایبەتی، چونكە ستەمی دەوڵەت وای كردووە كە تەئسیری لە سەر كۆمەڵگاكەشمان هەبێت بۆ زوڵمكردن لە میللەتی كورد بە گشتی و ژنان بەتایبەتی، چونكە ژنانی كوردستان دو جار بونەتە قوربانی، جارێك قوربانی نەتەوەیی جارێك قوربانی كۆمەڵگا، هیوادارم ژنان هەتا بۆیان دەكرێ خۆیان پێ بگەیەنن و زانیاری خۆیان زیاتر بكەن، ئیدامە بە خوێندن بدەن هیچ تەمەن و كات درەنگ نیە بۆ خوێندن.

- خاتوو مەلیحە وەكوو دوایین پرسیار گەورەترین ئاواتت چییە؟

- گەورەترین ئاواتم وەكوو كوردێكی كوردستانی، ئازادی كوردستانە كە ئینشائەڵلا بەم زوانە ئەو رۆژە دەبینین بە چاوی خۆمانەوە، چونكە من وەك ئەندامێكی یەكیەتیی ژنان زۆر گەشبینم كە زاڵمان تەمەنیان كورتە بە نۆبەش بێت نۆرەی كۆماری ئیسلامیە.

لە كۆتاییشدا زۆر سوپاسی گۆڤاری ژنان دەكەم بۆ ئەو بەسەركردنەوەیە هیوادارم سەركەوتوو بن، مەرگ و نەمان بۆ رێژیمی كۆنەپەرست، سەركەوتن بۆ ژنانی یەكسانیخوازی كوردستان.

سۆیلا مورتەزەوی




ئێمە بڕوامان بە نەگۆڕی ئەو ڕاستیانە هەیە کە هەموو بە یەکسانی خوڵقاون، پەروەردگار کۆمەڵە مافێکی جێگیری پێبەخشیون کە دەستەبەرداری ناکرێت لە نێوانیاندا، ژیان، ئازادی، و بەدەستهێنانی بەختەوەری (تۆماس جیفرسۆن).

ماف شتێکە بە پێویست زانراوە کە هەموو مرۆڤێك دەستەبەری بکات ئەوە ڕەوایی بوونە سرووشتیە، زۆر لەوە زیاترە کە تەنیا داوایەك یا حەزێك بێت، هەروەها لە نێوان مافەکانی مرۆڤ و ئەو مافانەی کە دەوڵەت دانیان پێدا دەنێت جیاوازی هەیە کە بە مافە ئەرێنی یا یاسایەکان ناسراون، ئەوانەی کە بۆی هەیە مافی ڕەوشتی بن یا نەبن.

یەکێك لە گرینگترین ئامانجەکانی بزاڤی مافەکانی مرۆڤ هەوڵدانە تاکۆ ئەو مافانە بخەنە خانەیەك کە لە ڕووی یاساییەوە دانپێداو بن، ئەوانە مافی سەرجەم مرۆڤایەتین بە بێ لە بەر چاو گرتنی نەتەوە، ئایین، ڕەگەز، جێندەر،ئەتنیك یان هەستی ڕەگەزی. ئەو مافانەی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان دانیان پێدانراوە، بریتین لە مافی ژنان، (نابێ بکوژری، ئەشکەنجە بدرێ، یا ئەندامێکی لەشی لە کار بخرێ) هەروەها ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی موڵکداری بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوا، و ئازادی هاتووچۆ و ئازادی ئایین.

کۆیلایەتی، ئەشکەنجەدان، گرتنی هەرمەکی، هەموویان دژ بە مافەکانی مرۆڤن باشترین هۆکار بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو مافانە، ئەوەیە کە وەکو کۆتوبەند دابنرێن بە سەر دەوڵەتەوە، دەوڵەت لە سنووری خۆیدا دەست لە مافی تاکەکان وەرنادات و ڕۆڵی دەوڵەت دڵنیا بوونە کە ئەو مافانە لە ناو یاساکانیدا پارێزراو دەبن تاکوو ببنە مافی یاسایی؟

بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ پابەند بوونێکیش دروست دەکات لە لایەن هەموانەوە، کە دەست لە مافی خەڵکانی دیکە وەرنەدرێ، ئەوەشیان بنەمای وەك هەڵسوکەوتە لەگەڵ یەکتر. هەر مافی مرۆڤ دەبێ سێ مەرجی تێدا بێت، یەکەم دەبێت جیهانی بێت و مافێکە بۆ هەر مرۆڤێك لە هەر کات و سەردەمێکدا، هەروەها نابێ مافی تایبەتی تەنیا بۆ کەسانێك هەبێت. دووەم: دەبێ ڕەها بێت و نابێ لە سەر هەندێ بایەخ و بەها کە پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتی و بە یاسایەوە سنوور بەند بکرێن، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە هەندێ لە مافەکانی مرۆڤ لە هەمبەر یەکتردا ناکۆك و ناتەبا بن. لەوانەیە ئەو مافانە کوت و بەند بکرێن بۆ نموونە، ئەو تاوانبارەی کە کەسێك دەکوژێ و لە ژیان بێبەشی دەکات، دەکرێت ئازادییەکەی لێ بسێندرێتەوە بەوەی چەند ساڵێك لە زینداندا ژیان بە سەر ببات. سێهەم: قابیلی مامەڵە پێکردن نییە، بە هیچ شێوەیەك نابێ ئەو مافانە دەستەبەرداری ببین بۆ نموونە، ناکرێ مرۆڤێك خۆی بەدەست کۆیلایەتییەوە بدات.

شەهلا یارحوسێنی

# خەونەکانم پڕن لە نیگاکانی تۆ ...

خەونەکانم پڕن لە نیگاکانی تۆ!
لە قوڵای دڵ و ڕۆحمدا لێم پرسیت بۆ کوێ ئۆغر دەکەیت؟ بۆ کام مەملەکەتی تەنیایی دەڕۆیت؟
تۆ ئیتر کەسێکی سەر بە ئەم دەڤەرە پڕ وەیشومە نیت تۆ!
پرسیار لە دوای پرسیار بە بێ وەڵام!
ئەم جارەیان لێم پرسی تۆ خەریکی چیت؟
بە ڕووخسارێکی پەرێشان حاڵییەوە، گوتی:
من ئیتر سەر بە ئەم جیهانە نیم!
من، ئیتر هەوارگەی سۆزو شەیداییم بۆ جیهانی بێدەنگی گواستەوە. من ئیتر لێرە نیم!
تۆ دەزانی کاتێک ئەم نامۆییەم بۆ ئەدرکێنی، نازانی چیم بەسەر دێ؟ نازانی! نا!
نا نا .. هیچ نیە، ئەمە سەفەرە سەفەر، سەفەرێکە پڕ لە تاریکی قووڵ و بێگەرانەوە!
تکام لێ کردی بۆ ئاخر جار گوێت لێ بگرم و دواین قسەی خۆت و دواین رازی دڵت لام بە جێ بێڵی، بەڵام تۆ زۆر بە پەلە بووی بۆ سەفەری تاریکستان!
ئەوەی بۆت گوترا بە گوێمدا چرپاندو گوتت، هەناسەم بنەخشێنە بە نەفەس، گوێ لە ترپەی دڵم رادێرە!
تۆ گوتت دڵی من ئیتر زەنگەکانی هیچ سودی نیە.
تۆ پێت گوتم من دەڕۆم من دەڕۆم، و ناگەڕێمەوە، تۆ هێدی هێدی لەم مانگە نامۆیەدا خۆت کۆکردەوەو شەفەقت لێ کردم بە تاریکی!.
بەڵام هەرگیز ناتوانم باوەڕ بە ڕۆیشتنێکی ئاوا دوور بکەم.
بۆیە هەمیشە خەونەکانی من پڕن لە نیگاکانی تۆ، هەر لا ئەکەمەوە تۆ ئەبینم، هەر زایەڵەیەک دێ دەنگی ئاشنای تۆیە، تۆ هەمیشە ئاشنایت،
تۆ ئەڵێی ناگەڕێمەوە، گەڕانەوە مەحاڵە، ئەی ئەمن چ بکەم تۆ هەمیشە نزیکتری لە جاران! ئەی تۆ نازانی نیگاکانت لە مەحاڵ ئەڕوێ!

دەریا عەلی

# بەرائەت

بەیانی بوو..!
لەگەڵ خەیاڵە سەرشێتەکان
خەریک بوو بڕیاری وونبووی
ئەبەدی خۆم بدەم،
لەنێو مەرگەساتەکاندا
شەڕەگومان بوو..!
تەهلیلەی خەم
گریەو ناڵان بوو..!
دڵم لەترکزەی وەستان بوو..!
هەر لەو لەحزە سامناکەدا..،
کاتێک شریتی یادگاریەکان
کاسەی سەرمی دەهەژاند
خەم گەمارۆی دڵمی دا..!
لەپڕ تارماییت دەرکەوت و
بەیەک بزەی سەرلێوانت
بەرائەتت دا..!

دەریا عەلی

# تۆو شیعر

تۆ ئەستێرەی
شیعریش ئاسمانەو لەشەوانی بێداریا
باوەشی گەرمی عەشق و ژوانم بۆ ئەکاتەوەو

ئەمگرێتە خۆ..

تۆ گوڵێکی هەمیشە گەش
سوورو ئاڵ و پڕ عەترو بۆ
شیعریش لەعەشقی جوانی نیگای تۆ
شێتانە ئەدوێ ودێتە گۆ..

تۆ ئەو خەوە ئەرخەوانیەی
هەموو شەوێ ئەنرێشەی من
داگیر دەکەی..
شیعریش لەگەڵ ڕاچەنینی خەوەکانا
ژان دەیگرێ
چەم بێدار ئەبێ وفرمێسک ئەڕژێنێ
خواوەندی شیعریش هەردێ وبڵێسەی
وەگورتر دەبێ..
خەم دێتە میوان دڵەی پڕ لەژان
لەدایک ئەبێ کۆرپە شیعری جوان

شیعر ڕووبارەو..تۆش سەرچاوەکەی
شیعر خۆرەو..ئەتۆش تیشک
شیعر ڕۆحەو..ئەتۆش جەستەی
شیعر عاشقەو..ئەتۆش قیبلەگای
شیعر سینەو..تۆهەناسەی
شیعر مێژووەو..تۆش سەرەتاکەی

شیعر خەباتەو..ئەتۆش سەرکردەی
شیعر خاک و..تۆش وولاتەکەی
تۆو شیعر گیانە پەرستگای منن
ئێوە هەردووکتان مێژووی تەواوی
ژیانی منن..
نازانم بڵێم کامتان لەکامتان
لام ئازیزترن..
تۆو شیعر خوێن و دەماری منن
ئێوە هەردووکتان هیواو ئاواتی
دواڕۆژی منن..

شەهلا یارحوسێنی

# کەژێ ...

کاتێ لەگەڵ دەستەخوشکەکانی دا لە کۆڵان، لە ژێر دارتووەکەدا، لە پەنای حەسارە داڕووخاوەکەی کۆڵان، یەکیان دەگرت، بە قاقا بەرز و خەندە پچڕ پچڕەکانی ئەتناسییەوە. کچانی گەڕەک هەموو گوێیان هەڵخستبوو بۆ بەسەرهات و قسە خۆشەکانی، تەنانەت کچە وردیلە تازە پێگەیشتوەکانیش کە حەزیان لە گوێگرتنی بوو، دەوریان ئەدا و، لە ناو خۆڵەکەدا بەردێکی پانیان ئەهێنا و لەبەردەمیا دادەنیشتن. هەر حەکایەتێکی ئەگێرایەوە، وات دەزانی خۆی بەسەری هاتوە، کە پێکەینین بوایە دەتریقایەوە، زۆرجاریش بەدەم گێرانەوەوە، خەمێکی قووڵ دایدەگرت. هەمیشە ئەم خەمەم لە چاوەکانی، لە نیگای، تەنانەت لە پێکەنینەکانیدا دەبینی. زۆرجار هەر لە خۆیم گوێ لێ بوە کە دەیگوت:»بوە تا ئێستا لەوپەڕی خەم و دڵتەنگیدا پێبکەنی و قاقا بتریقێیتەوە». قسەی خۆش و گاڵتەئامێزی زۆر پێ بوو، کەس نەیدەزانی ئەم هەموو قسانە لە کوێ دێنێت، نە خوێندەواری هەبوو، نەوەک ئێستا تەلەفزیۆن و شتی وا هەبوو، دەیان حەکایەتی ساختەو درووستکراوی خۆیی هەبوو. کە حەکایەتێ تەواو دەبوو، دیسانەکە هاواریان لێ بەرزدەبووەوە...

هەموو بە یەک دەنگ »وەی تۆخوا دادە کەژاڵ گیان، بەسەرهاتێکی خۆشی ترمان بۆ بگێڕەوە...»

کەژاڵ، ئەو کچە رۆح سووک و پەپوولەییە، کە چاوە کاڵەکان و مامزی نیگای سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی ئەسیر دەکرد، بە هێمنی، بێ ئەوەی فەخر بکات بەسەر هیچ کامیانا، حەکایەتێکی تر، بە کەمێ دەسکارییەوە ئەگێڕایەوە. حەزی لە گێرانەوەی بەسەرهاتی برای باش و جوامێر هەبوو. هەموو هەستیان بەوە کردبوو کە زۆر دڵتەنگی ئەوەیە کە برایەکی نیە. پشت بەستن بە برا، وەک پشت بەستن بە چیا و شاخ وایە. برات هەبێ، کەس ناتوانێ سەر بکاتە سەرت و هەموو رۆژێ وەک گورگی هار دەمت بۆ داچەقێنێت. ئەو برای نەبوو چونکە لە کۆمەڵگایی ئێمەدا ئەگەر برایەکت نەبێت ئیتر زۆر کەس خۆی بە خاوەنت دەزانێت،تەماح دەخەنە سەرتو خۆیان بە حەقدار دەزانن! کەژاڵ کاتێک لە تەمەنێکی ناسکدا بوو، خزمێکی کەلە ڕەقی هەبوو، خاوەنی ژن و منداڵ بوو تەمەنی زۆر لە تەمەنی کەژاڵ گەورەتر، هیچ کات لە گەڵ عەقڵدا نەدەگونجا ئەم کچە بەستەزمانە ببێتە هاوسەری. وەک گورگێکی چڵێس، تەماحی بڕیبوە کەژاڵ. زۆر گێچەڵێ پێدەگێراو هەر کەس دەچووە داوای، هەڕەشەی دەنارده سەریو نەیدەهێشت بە مەرامی خۆی بگات.ساڵ هات و چوو، هەرگیز ملکچی قسەکانی ئەو نەبوو.

دەیگووت: «مەگەر لە خەودا تۆ من بیبینی وەک هاوسەری خۆت».

کاتێ ژیان بەردەوامە، زۆر بە سەختی کاتەکان بە ڕێدەکات و هەنسکە ساردەکانی ژیان کۆسپەکان گەورەتر دەکەنەوە. هەندێ جار، ئەستەمی رێگای ژیان وا دەکات بارگرانی سەدان ساڵە لە ناخدا کۆببنەوە. لە هەمووی گەورەتر، خەمی هەرە گەورەی هەژاری و دەسکورتی بوو. رۆژ لە دوای رۆژ ژیانی هەژاری وای کرد، هەنگاوێک هەڵگرێت لە گەڵ باوکی و شان بە شانی ئەو کار بکات. کارکردنی ژنان، ئەویش لە دەشت و دەر، هەزار قسەی بە شوێنەوە بوو. کار ؟ بەڵی کار!! چ کارێک ؟ نازانم!!کاتێک دەستی دایە کار کردن، بە بێ وچان کاری دەکردو بە کەمی پشوی دەدا، ئەو دەیگوت من ئەگەر دابنیشم، لە کارەکەم دوا دەکەوم و بۆ خزمەت کردنی بنەماڵەکەم دەبێت زیاتر خۆم ماندوو بکەم.بەهار و هاوین، لەگەڵ وەرزی سەوزەگیا، شان بە شانی باوکی پیری، دەچوو بۆ چیاکان بۆ هێنانی گژوگیا، وەک، کنگر، گنۆر، بەڕەزا، رێواس. هاوینان کاتێک کاتی پەموو بهاتایە، دەکەوتە رێ لە گەڵ باوکی و ژنانی گەڕەک.ئەوەندە خۆی لە گەڵ کار کردندا ڕاهێنا بوو هەرگیز نەیدازانی ماندوو بوون هەیە یان نا!چەندە پەمووی بهێنایە بەشی خۆی لێدادەناوهەڵی دەگرت. بۆ دۆشەک هەر جارەو بە ئەندازەی کیلۆیەکی دەهێڵایەوە بۆ خۆی. زۆر حەزی دەکرد شت بە دەستی خۆی دروست بکات بۆ ژیانی داهاتووی، چوونکە ئەو خولیای ماڵی جوان بوو،

هەمیشەش خەریک بوو، لەو پارەیە کە دەستی دەکەوت پۆشاکی جوان بۆ خۆی و خوشکەکانی دەکڕی..تەنانەت حەسار و سەربان و بەر پەنجەرەکەشی بە گوڵ دەرازاندەوە، دەسرەنگین بوو، بە گوڵەگەنم و پووش و پەڵاش، دەیان شتی ورد و تابلۆی سەرنجڕاکێشی بە ماڵدا هەڵدەواسی. ئەو ساڵە، یانی ئەو بەهارەی کە ئیترکەژاڵی وەک جاران نەدیتەوە، وەک جاران لە ژێر دارتووەکەدا کەس گوێی بۆ قسە خۆشەکانی نەدەگرت،خۆی ئامادە دەکرد بۆ کەژ و کێوو بۆ وەدستهێنانی بژێوی ژیان.ڕۆژێکی بەرە بەیان کە هێشتا خۆر هەڵنەهات بوو! هەموو تراکتورەکان ئەوندە دەنگی موتورەکەنیان بەرز بوو، ئەوەی لە شیرین خەو بوایە بە دەم دەنگی تراکتورەکان دائەچڵەکانو هەر چی کچ وژنی گەڕەک بوو دەهاتنە دەرەوەو بە پریاسکەی خواردنی کەژیانەوە خۆیان ئامادە دەکرد.

کەژاڵیش لە گەڵ باوکی بەو بەرە بەیانیە هاتنە دەرەوەو بە ئامادەیەکی باشەوە نزیک بونەوەو چاویان لە جێگاکان دەکرد بۆ ئەوەی شوێنی باشتریان هەبێت بۆدانیشتنینان، خۆیان هاوێشتە ناوگەڵابەی تراکتۆرەکەو شوێنی خۆیانیان کردەوەو بە ڕوویەکی زۆر خۆش هەردووکیان پێکەو دانیشتن.لەگەڵ ئەم بارو ئەوبار کردنی گەڵابەکە، جار جارێک سۆزەیەک گۆرانیشی بۆ دەکرد. باوکی بە دەم زەردەخەنەوە دەیگوت «:کە ژێ گیان، مەگەر ئەم گەڵابە شانەو شانت بکات و بەزمێ گۆرانیمان بۆ بلێیت».

گەڵابە لە دۆڵێکی دوور لە ئاوەدانی وەستا، هەموو دابەزین، بەرچاکیان هەڵدا و هەرکەس و بەلایەکا پەردەوازە بوون. کەژاڵ و باوکی روویان لە بەرزایی کرد، دوور کەوتنەوە. کەژاڵ پێی وا بوو هەتا بەرزتر بێتەوە لە چیاکان کۆلی باشتری دەست دەکەوێت. دەکەوتن بەسەر خەرمانەی گژ و گیادا. باوکی شانی دابوە سەر تاشەبەردێک و جگەرەکەی دائەگیرساند. کەژاڵ بێ ئاگا لە گورگە خەوتوەکان، لە گورگانەی کە نە قسە دەکەن، نە کەس پێیان دەزانێ، ئەوان نیشتمانی ئێمەیان پڕ کردوە لەو گورگە خەوتووانە. بست بە بستی ئەو وڵاتەی ئێمە مین و مینرێژ بوە. کەژاڵ کە خەریکی گیا کەندن بوو کە لە ناکاو لە تەپوو تۆزێکی خەس دا تلایەوە. کاس ببوو، خوێن هەموو لاشەی داگرتبوو، باوکی هێشتا جگەرەکەی دانەگیرسابوو، دڵی وەک پیاڵەیەک بەر بێتەوە، داچڵەکا.

کەژاڵ لە پڕدا هاوارێ هات و دەستی کرد بە گریانو بە دەنگێکی پڕ لە ئازارەوە گوتی فریام کەوە باوکەگیان، من بە سەر مینا کەوتووم.خێرا بە پەلە گەیشتە لای. وەک مەلێکی زامار، وەک کۆترێکی باڵشکاو کەوتبوو. باوکی لە ناو ترس و دڵەراوکێدا گرتی بە باوشەوە و بە دۆڵ و شیودا بەرەوخوار بوویەوە. بە دەم رێگاوە، «دەستی کرد بە هاوارو گوتی کەژێ گیان باوکەکەی باوکم بۆ پشتت شکاندم؟ بۆ لە من دوور کەوتیتەوە کچە نازادارەکەم ؟ ئای تۆخوا رۆڵەگیان، پشت و وەجاخم تۆ بووی کچم..»

کەژاڵ کە لە تاو ئازارا هۆشی بە خۆیەوە نەمابوو، سۆزی باوکی بە دڵ گوێ لێ بوو، دەستی ئاڵاندبوە ملی باوکی، خوێن بە ریشی چەرموویا ئەهاتە خوارەوە، حەزی ئەکرد گوێی لە دەنگی بێت، تاسا بوو. دەنگی بەرزی تەقینەوەکەی لە مێشکدا تاسابوو. تەنانەت ئاگای لە هات و هاواری دەستەخوشکەکانی و ژنانی گەڕەک نەمابوو. خەڵکی هەموو بە هاوار و باوکەڕۆ بەربوونەوە. گەڵابەکەیان هێنایە خوارەوە و بەرەو ئاوایی گەڕانەوە. هەر کەسەوە بانگی یەکتری دەکرد، بەرە بەرە هەموویان لە دەوری یەک کۆبونەوە.ساڵ هات و چوو. کەژاڵ لە کەژ کەوت، لاقێکی لە دەست دا. لە دوایی چەند ساڵێک بە سەر ئەو رووداوەکە بە سەری هات بوو قەت بیری لەوە نەکردەوە ژیانی هاوسەری پێک بێنێت. چارەنووس کوڕێکی گەنج باوەشی بە خەم و ئازارەکانیدا کرد و ژیانی هاوسەرییان پێک هێنا. سۆرانیش چارەنووسی وەک کەژاڵ بەو ئازارەوە تلایەوە.ئەم چیرۆکە بیست ساڵە لە ناخمدا هەموو رۆژێ سەوز ئەبێت، حەز ئەکات ببێت بە گوڵێکی کێوی، یان بە سوورە هەڵاڵەیەک، پاش وەرزی ئازار و خەم، لە بەرپێی کەژێ دا سەوز بێتەوە. وەک کەژێ دەیگوت: «باوکەگیان، حەز ئەکەم ببم بە پەلکە رێواسێک، نا نا حەز ئەکەم ببم بە بارانێک ببارێم بەسەر ئەم شاخ و دۆڵا، بۆ ئەوەی ژیان لێرە نەوەستێ، هەژارەکان شوێنێکیان هەبێت بۆ مانەوە». باوکیشی بە زەردەخەنەیەک، دەیگوت» کەژێ، تۆ کەژاڵی ئەم کەژەی، کەژ بێ کەژاڵ نابێ کچم».

۰۵,۰٦,۲۰۱۳

نۆرویژ

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی خوێندکاری کورد

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان
ژنان، لاوان و خوێندکارانی دەروەستی کورد
بەشدارانی بەرێز

ئەورۆ لێرەدا لە دەوری یەك کۆبوینەتەوە تاکوو ڕێز بگرین لە یەکێك لە شوێندانەترین و گرینگترین توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان کە ئەویش خوێندکارانی کوردن. ئەو توێژەی لە مەکۆی زانست و بیر و ئەندیشەی مودێرن و سەردەمیانەوە هەوڵ بۆ نەهێشتنی نادادپەروەرییەکانی و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سەربەست و بەختەوەر دەدات.

ئەورۆ ١٢ی بانەمەر ڕۆژی خوێندکاری کورد ، ڕۆژی ڕێزگرتنە لە خەبات و گیانفیدایی هێمای خەباتی خوێندکاری کورد کە شەهیدی خۆیندکار کاك سمایلی شەریف زادە لە لوتکەی خۆی دا دەبینێتەوە.

شەهید سمایلی شەریفزادە کە وێرای باقی هاوڕێیانەی توانیان لە یەکێك لە هەستیارترین قۆناغەکانی خەبات و بەرخودانی بزاڤی نەتەوەیی - دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان بەرێبەری حیزبی دیموکرات، تێکۆشانی بێ وێنەی خۆیان لە خزمەت بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەمان ەکار بێنن. ئەو خەباتەش لە لایەك بە چەکی زانست و عیلمەوە و لە لایەکی دیکە بە چەکی شەرەف و پێشمەرگایەتیەوە، نیشانی دا کە ڕۆڵەی نیشتمانیەروەری کورد لە هەردەرفەت ساتەوەختێکدا دەتوانێت، پارێزگاری لە خاك و نیشتمانەکەی بکات.

لە ١٢ی بانەمەردا ڕێزدەگرین لە سەرجەم ئەو خوێندکارانەی کە بۆ ساتێکیش بیر و هزر و قەلەمەکانیان بۆ بەرەوپێشچوونی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەمان بەکار هێنابێ.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید سمایل شەریفزادە و هەموو خوێندکارانی شەهیدی نەتەوەکەمان

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٢

# پەیامی سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ سێهەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات

بەرێزان ئەندامانی یەکیەتیی ژنان!

نوێنەرانی بەشدار لە سێهەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات!

میوانانی هێژا!

بە بۆنەی بەستنی سێهەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، گەرمترین و دۆستانەترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی یەکیەتی ژنان لە دەرەوەی وڵات و نوێنەرانی سێهەمین کۆنفرانس، هەروەها لە هەموو ژنانی شۆڕشگێڕو ئازادیخوازی کوردستان بە تایبەت لەو شێرە ژنانە دەکەم کە کچو کوڕەکانیان بە بیری دیفاع لە ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری و نیشتمانپەروەری راهێناوە.

خوشکو برایانی بەڕێز!

ئێوە لە نزیکەوە ئاگادارن کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتدا کە بایەخە ئینسانییەکان ڕێزیان لێدەگیرێ، ژنان توانیویانە خۆیان لە لووتکەی پێشکەوتن و سەرکەوتن نزیک بکەن. ئێستا بە دەیان ژن لە پلەی سەرۆکایەتی وڵاتان، سەرۆکی پارلەمان، سەرۆکی وەزیران و بەرپرسانی ئۆرگانە گرینگەکان دان و بە هەزاران ژن لە بواری زانستیدا بەرزترین شانازییان تۆمار کردووە.

لە رەوشێکدا کە گۆڕانکارییە نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان بەگشتی لە بەرژەوەندیی کورد و خەباتە رەواکەیدا دەچنە پێش و ئاسۆی خەبات و سەرکەوتن لە هەموو کاتێك روونتر دێتە بەرچاو، ئێمە بە لەبەر چاو گرتنی مێژووی پڕ لە شانازیی دامەزرانی ڕێکخراوەکەمان لە سێبەری ئاڵای کوردستاندا کە یەکێك لە دەسکەوتە بە نرخەکانی کۆماری کوردستان بە ئەژمار دێت، دەبێ هەوڵ بدەین قورسایی ئەرکی پیرۆزمان لەبیر نەچێت و بە هەر شێوەیەکی گونجاو لەم ڕێگایەدا هەنگاو هەڵێنین. بە تایبەت لەم پێوەندییەدا ئەرکی ئەندامانی یەکیەتی ژنان لە دەرەوەی وڵات زۆر گرینگە. ئێوە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان، ڕێکخراوەکانی پشتیوانی لە مافی مروڤ و مافی ژنان و سەدان شوێنی بریاردەر و گرینگ، زمانی ئەو ژنانەن کە لە ناو خۆی وڵات بە هۆی بەرتەسك بوونی کەش و هەوای دەربڕینی بیروڕا بێ‌دەنگن و ناتوانن دەنگی خۆیان بە دنیا بگەینن، نموونەی هەرە گرینگی دەستکەوت و ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامانی یەکیەتی ژنان لە دەرەوەی وڵات، ئەندامەتی لە ژنانی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیستە کە نوێنەری یەکیەتیی ژنان لە ڕێگای ئەم تریبۆنەوە دەنگی ژنی کوردی کوردستانی ئێران بڵاودەکاتەوە.

هیوادارم نموونەی وەك «ماهشەرەفخانی ئەردەڵان»، «قەدەم خەیر» ،»خانزادی سۆران» ، «عادلەخانی جاف»، «حەپسەخانی نەقیب»و «لەیلا قاسم» زۆر بێت و ژن و کچی کورد بە ئیلهام وەرگرتن لە رەوشتی بەرزی ئەوان، بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان وەك ژن و هەروەها بە گەلەکەیان خزمەت بکەن.

دیسان پیرۆزباییتان پێ دەڵێم و هیوادارم لەم کۆنفرانسەدا، بە دانانی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ داهاتوو، بتوانن لە کارەکانتان سەرکەوتن وەدەست بێنن و ڕێکخراوەکەمان بە ئامانجە پیرۆزەکانی نزیکتر بکەن.

سوپاس و پێزانین بۆ ئەو هەمموو دڵسۆزی و دڵنیگەرانی و هەوڵدانەی بەردەوامی ئەندامان و کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات

بە هیوای کۆنفرانسێکی سەرکەوتوو و پڕدەستکەوت

سەرکەوتن بۆ هەموو ژنانی ئازادیخواز و مافویستی کورد

ئیلهام چایچی
بەرپرسی گشتیی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# پەیامی یەکیەتیەکانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ۱۰ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان

نەتەوەی ئازادیخوازی کورد

خەباتگێڕانی رێگای سەربەستی و سەربەرزی کوردستان

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە سالّی ۱۳۲٤هەتاویی وەك رێنێسانسێکی سیاسی لە رۆژهەلاّتی ناڤین پێناسە دەکرێت و ناسین و لێکدانەوەی ئەو گۆڕانە و دەستنیشان کردنی فاکتەرگەلی یەکلاکەرەوە لە پێش بەرپابوونی ئەوکیانە نەتەوەیەی کورد، بەبێ ناسین جیهانبینی و ئەندێشەی پێشەوا قازی محەممەد، راڤەو ناسینێکی ناتەواوو مەبەستدارە کە راست سێمبۆلی کۆماری کوردستان خەوشدار دەکات.

ئێمە نامانهەوێ کە بە باس کردنی کەسایەتی پێشەوا قازی لە کۆی پرۆسەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە پارادوکسێك گرفتار بین کە بە چاوپۆشی لە رۆڵی قازی محەممەد لێی دەرباز ببین، بەڵکوو بەربلاّوی و کاریگەری هزری پێشەوا وەك ماکی سەرەکی فەلسەفەی سیاسی ئەو کۆمارە، وامان لێ دەکات کە رەگاژۆگەلی روانگەو بۆچوونەکانی لە هەموو لایەنەکانی وەدیار بخەین و لێی بدوێین.

ئەندێشەی سەوزی پێشەوا قازی لە بەستێنی سیاسی و کلتووریدا شیاوی وردبوونەوە و لێ فێربوونە. یەکەم: سیاسەت لە بۆچوونی قازی محەممەد لە واتایەکی خەڵکی و گشتی بوو. ئەو بە هەموو توانا و بە کردەوەش لە هەوڵی ئەودا بوو کە بیاڤی سیاسەت لە تەك بیاڤی گشتیدا تێکەڵ و خەڵك بەشداری چارەنووسی خۆیان و وڵاتەکەیان بکات. بۆ ئەو، تێگەیاندن و رەزامەندی خەڵك لە

کارو کردەوەی رۆژانەی خۆی و کۆماری کوردستان کە رەوایی سیاسی لە بەرەنجامەکانی ئەو شێوە هەلسووکەوتەیە، بەجێگەیاندنی ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی وڵاتە، ئەو فاکتەرەی کە هێشتا لە هزری رێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا نامۆیە.

دووهەم تایبەتمەندی شەهید قازی محەممەد، گرینگیدان بە لایەنی ئینسانی لە سیاسەتی درێژماوەدا بوو. ناوبراو کە لە بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و زانستخوازدا گەورە و پەروەردە ببوو، مرۆڤی بە چەقی سیاسەت و ئامانجی سیاسەت دەزانی و تاکی کومەڵگای بە بناغەی گوتاری نەتەوەیی لە قەڵەم دەدات. بۆیە هێمنی شاعیر ئەڵێ: زانا بوو، کوردپەروەر بوو. پێشەوا بوو، رابەر بوو. هەر کورد، نەبوو بەشەر بوو.خەمی خەڵکی لەبەر بوو.

رێبەرێك وەك شەهید قازی محەممەد تەنانەت مەرگیشی دەبێتە چرای رێگای داهاتوو بۆ رێبوارانی، مەرگێك کە لە مێژوودا هەبووەو بەلاّم زەمەنیان بڕیوەو لە لوتکەی هەرماندا گیرساونەتەوە، لە چەشنی مەرگی سوقرات و مەسیح. مەرگ بۆ قازی محەممەد یەکێ لە بژاردەکان بوو، مەرگێك کە لە رەورەوەی مێژوودا و لە ئێستادا دەبێ بە سەرمایە و هێمای مانەوە.

پێشوا سەلماندی کە رێبەر بوو، رەوابوو، هێمای نەتەوەو وڵات بوو. بازنەی هزری ئەو سنووری هەموو ئایدیۆلۆژیك و بەرژەوەندیەکی تەسکی قەتیسکراو بە سیاسەتی کاتی و ساتی بەزاند. نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکاندا دەبێ لە لوتکەی بەیەك گەیشتنی زەمەن و مێژوودا، کاتی مەرگی پێشوا سوێندی وەفاداری بە رێباز و رێگای شەهیدان نوێ بکەنەوە و درێژە بە بیروباوەڕێك بدەن کە ئامانجی هەموو کوردێکە.

لە شێست و شەشەمین ساڵوەگەڕی شەهیدانی چوارچرادا، پێشەوا قازی محەممەد، حەمە حوسێنخانی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی پەیمانی ئەمەگداری و وەفا نوێ دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە مەبەست و ئامانجی پێشەوا قازی لە خەباتی کوردانەماندا بەردەوام بین.

یەکیەتیەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

دەی خاکەلێوەی ساڵی ۱۳۹۲ هەتاوی

# بەشداریی هەیئەتی یەکیەتی ژنان، لە ڕێورەسمی کردنەوەی کۆنگرەی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات

ڕۆژی شەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٣ی زایینی، لە شاری سلێمانی لە هۆتێل (های کرێست) ڕێورەسمی کردنەوەی یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات لە ژێر ناوی «مافی گەشە سەندنی دۆخی ژنانی کورد، دەروازەیەك بۆ چونە نێو پەرەپێدانی هاوسەنگی و سەقامگیر بوون» بەڕێوەچوو، کە چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان تێدا بەشدار بوون.

شایانی باسە هەیئەتی یەکیەتی ژنان بە سەرپەرەستیی خاتوو هێرۆ جەلدیانی، جێگر سکرتێری یەکیەتی ژنان بریتی بوو لە مەحبوبە ئیبتکار، کەنێرە مێهفەر و مونیرە کانی‌سیرانی، ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان کە لە لایەن یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و بە هاوڕێیەتی بەڕێز ناهید حوسێنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشداریان کردبوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە خولەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی گیان بەختکراوانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان لە لایەن هەیئەتی ئامادەکاری ڕێورەسمەکە بەخێرهاتنی میوانان کرا. پاشان تابلۆیەکی هونەری هەڵپەرکێ لە لایەن کۆڕی هونەری کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکە لە ڕێورەسمەکەدا ڕیپۆرتاژێك لەسەر کارو چالاکیەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات بە شێوەی داتاشۆ پێشکەشی ئامادەبوان کرا. دواتر پەیامێك لە لایەن بەڕێز عەبدولای موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە بەستنی یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات پێشکەشی بەشدار بووان کرا کە بەرێزیان تێیدا ئاماژە بە پێگە و ڕۆڵی ژنی کورد لە ناسینی دەرەکی و ناوخۆیی و خەباتی بێوچانی ژنی کورد لە قۆناغە سەختەکانی خەبات لە شاخ و خەباتی مەدەنی و فەرهەنگی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و مان و ئازادی‌یەکانی ژنانی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و هەروەها جەختی لەسەر یەکریزی و تەبایی و یەکگرتوویی و هاوخەباتی بزوتنەوە و ڕێکخراوەکانی ژنان کرد بۆ دابین بوونی ماف و ئازادیەکانیان.

بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکە بە دەنگی بەسۆزی هونەرمەندی کورد

نەجمەدینی غولامی، ڕازاوەتر کرا.

پاشان کورتە فیلمێك لەسەر ڕۆڵ و ئەرکی ژنان بە شێوەی داتاشۆ نمایش کرا، دواتر لە لایەن کەژاڵ حاجی میرزایی شیعرێك بەم بۆنەوە پێشکەش کرا. بەشی دووهەمی ڕێورەسمەکە چەند پارچە مۆسیقا بوو کە لە لایەن گروپی «ڕیتمی کوردی» پێشکەش کرا و ڕێورەسمەکەیان ڕازاوەتر کرد. پاشان پانێلێك لەسەر چەند بابەتی تایبەت بە ژنان لە لایەن بەڕێزان بێهزاد خۆشحاڵی، ناهید حوسێنی و ناهید بەهمەنی بە شێوەی شەفاهی و سورەیا فەلاح بە شێوەی داتاشۆ پێشکەش کرا.

پاشان پەیامی لاوانی ڕۆژهەڵات و خوێندەوارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرا.

برگەی کۆتایی ڕێورەسمەکە بەخشینی خەڵات بەو ژنە تێکۆشەرانە بوون کە لە گشت بوارەکاندا

له پێناو دەستەبەر بوونی ماف و ئازادی‌یەکانی ژنان خەباتیان کردووە و لەو پێناوە تووشی ئازار و گرتن و دورخستن و ئێعدام هاتوون. شایانی باسە کە بەرێزان هێرۆ جەڵدیانی، نەسرین حەداد، رووناك سەفارزادە، زێنەب جەلالیان، رۆژین شەریفی و چەندین بەرێزی دیکە لە لایەن کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات خەڵاتیان پێ بەخشرا. رێورەسمەکە کاتژمێر ١ی نیوەرۆ کۆتایی پێ هات.





# بەشداریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران «کۆمیتەی ئامریکا» لە یادی ٣٧ ساڵەی شۆڕشی گولان



لە لایەن لقی ٧ی پارتی دێموکراتی کوردستان لە ئامریکا، بە بۆنەی یادی ٣٧ ساڵەی شۆڕشی گوڵانی مەزنەوە، سەیرانێکی بۆ کوردستانیان لە دەڤەری واشینگتۆن ڕێکخرابوو کە کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە ئامریکا لە سەر بانگهێشتی پارتی دێموکراتی کوردستان بەشدارییان لەم بۆنەیەدا کرد. لە درێژەی ئەم بەرنامەیەدا لەگەل کۆمەڵێك کەسایەتی و میوانی بەشدار لە بۆنەکەدا، لێدوان کرا کە لە لایەن یەکیەتی ژنان، بەرێز مەحبوبە حوسێنی لێدوانی لەگەڵ کرا.

---

# بەشداریی یەکیەتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبونەوەیەکی بەرفراوانی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی فینلاند



ڕێکەوتی ٢٠١٣/٦/٨، لە شاری ئۆڤاسکۆلا، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بۆ ڕێکخراوە مەدەنیەکانی نێوەراستی وڵاتی فینلاند، لە لایەن سەنتەری گلۆریاوە بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەدا پاش باس و گفتوگۆی ڕێکخراوەکان و هێنانە بەرباسی پرسگەلی جیا لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانیان لە درێژەی ئەو باسانەدا وۆرک‌شۆپێک بەڕێوەچوو. لە ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە و باسەکانی داهەموو، ڕێکخراوەکانی بەشدار کە زیاتر لە ٢٠ ڕێکخراوەی مەدەنیی بوون، لەسەر هاوکاری و پێکهێنانی سیمیناری هاوبەش کە هۆی نزیکبوونەوەی ڕێکخراوەکان لە یەکتر بێ، پێداگریان کردەوە.

# بەشداریی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە خولێکی پەروەردەی خێزانی

رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٠١٣/٥/٣٠ی زایینی، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەرێز مونیرە کانی سیرانی، ئەندامی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنان،لە خولێکی پەروەردەی خێزانی کە لە لایەن رێکخراوی نوێکار بۆ بەرێز مامۆستا سیروان عەبدوڵسەمەد، لە هۆلی نەجیبە خان رێکخرابوو، بەشداریان کرد.

باسەکەی بەرێز سیروان عەبدوڵسەمەد لەسەر ئەو بابەتانە بوو کە زامنی هۆشیاری و بەختیاری خێزانین لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری دا، بەرێزیان لەو بوارەوە زانیاری زۆر بە سوودیان پێشکەش بە بەشداربووانی خولەکە کرد.

جێگای ئاماژەیە هەیئەتی بەشدار لەم خولە بریتی بوون لە بەرێز شادی محەممەدزادە، ئەندامی بەرێوەبەریی کۆمیتەی یایان و هەروەها بەرێزان شنە درودگەر و شیرین حەبیبی لە ئەندامانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

خولەکە کاتژمێر ٧:٣٠ی پاش نیوەرۆ کۆتایی پێ هات.





# کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە جیێژنیکان، سەیرانێکیان بەڕێوە برد

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران «کۆمیتەی جێژنیکان»، بە مەبەستی گەشت و گوزار، بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لەم کۆمیتەیەدا سەیرانێکیان ڕێك خست. ئەم گەشتە کە بە هاوکاری و هاورێیەتیی بەڕێزان تارا تە حوسێن، ئەندام پارلمانی کوردستان، رابیعە محەممەد ئەندام پارلمانی دەوری پێشوو و گەلاوێژ ساڵح کادری یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان لە مەلبەندی ۳، لە کەش و هەوایەکی دۆستانە بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بەڕێوە چوو، ۱۰ کاتژمێری خایەند.







# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانی منداڵان بە هاوکاریی یەکیەتی ژنان لە ناوەندی ١ی کوردستان

لەناوەندی ١ی کوردستان ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانی منداڵان بەئامادە بوونی منداڵانی کادر و پێشمەرگە و بنەماڵە بەڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە لە لایەن بەشی ئاموزشی ناوەندی یەك و کۆمیتەی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی یەك بەرێوە چوو، سەرەتا پەیامی منداڵانی ناوەندی یەکی کوردستان بە بۆنەی یەکی ژوئەنەوە لەلایەن ئاژوان پیرانی خوێندرایەوە و دواتر سرودێك لەژێر ناوی «ژیلەمۆ» لەلایەن کوڕی منداڵانەوە پێشکەش کرا.

شانۆی «هاوڕێیەتی» بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بوو کە لەلایەن گرووپی شانۆی منداڵانەوە پێشکەش بەئامادە بوان کرا.

دواتر گرووپی هەڵپەرکێی «هەڵاڵە» چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێیان نمایش کرد و پاشان شانۆیەکی تر لەژێر ناوی ڕێکلام پیشانی بەشداران درا.

لەبڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا دوو سروودی «ئاڵا» و «نیشتمان» لەلایەن منداڵان خوێندرانەوە.

چیرۆکە شانۆی باپیرە لەبەشێکی دیکەی مەڕاسمەکەدا نمایش کرا و هەروەها چەندین کێبڕکێی لە ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێوە چوو.

بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ دابەش کردنی خەڵات کە لە لایەن یەکیەتی ژنانەوا پێشکەشی منداڵان کرا.





# کەمپەینی پشتیوانی لەژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەشاری سلێمانی ئاکسیونێکی ناڕەزایەتی دەربڕینان بەڕێوە برد



کەمپەینی پشتیوانی لەژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بە حوکمی دادگای مەریوان، بە بەشداری شاندێکی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکی لەشاری سلێمانی بەڕێوە برد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٥ی بانەمەڕ ئەو کۆبوونەوەیە بە بەشداری نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ئێران و کۆمەڵێك لەچالاکانی مافەکانی ژنان لەپارکی ئازادی شاری سلێمانی، بەمەبەستی مەحکووم کردنی بڕیاری دادگای شاری مەریوان و هاوکاتیش پشتیوانی لەژنانی مەریوان، بەڕێوە چوو.

لەسەرەتادا پەیامی کەمپەینی پشتیوانی لەژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن «هەڵاڵە محەممەدی» چالاکی ژنانەوە خوێندرایەوە و دواتر کورتە شیعرێك پێشکەش کرا.

لەبڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا پەیامی ڕێکخراوی ئەمریکایی CPT بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرا و هەروەها فریبا محەممەدی چالاکی مافەکانی ژنان بەو بۆنەوە پەیامێکی پێشکەش بەبەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد.



لەدرێژەی کۆبوونەوەکەدا چەند پارچە شێعر لەلایەن «بانوو» و جەلال هانیسیەوە خوێندرایەوە و هەروەها خاتوو «کوێستان» پەیامێکی لەپێوەندیی مەحکووم کردنی بڕیاری دادگا پێشکەش کرد و دواتر پەیامی شاجوانی کوردستان «شێنێ عەزیز» کە بۆ کۆبوونەوەکە ناردرابوو خوێندرایەوە و دوابەدوای ئەویش برگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکە خوێندنەوەی پەیامی «مینا ئەحەدی» چالاکی ژنان بوو.

هەروەها چەندین ڕێکخراوی ژنان لەو کۆبوونەوەیەدا پەیامیان پێشکەش کرد کە بریتین بوون لە:

- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن ڕووناك فەتحی ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوەیەوە خوێندرایەوە
- ڕێکخراوی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان
- ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد
- ڕێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان (نینا)
- ژنانی ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە
- کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنانی کوردستانی ئێران

## سەرۆکی پۆلیسی ئێران داوای لێبوردنی لە ژنانی کورد کرد

لە دوای گەڕاندنی پیاوێکی تاوانبار بە لیباسی کوردیی ژنانە لە شاری مەیوان و، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی ژنانی کورد لە مەریوان و چەند شاری دیکەی کوردستان لە ئێران و هەرێمی کوردستان و، هەروەها لە دوای وەڕێخستنی کەمپەینێك لە ناڕەزایەتی بەو هەوڵەی کۆماری ئیسلامی، سەرۆکی پۆلیسی کۆماری ئیسلامی ئێران باسی لە تەوبیخی ئەنجامدەرانی ئەو سووکایەتییە کرد و جارێکی دیکە داوای لێبوردنی لە ژنانی کورد کرد.

لە دوای سووکایەتی کۆماری ئیسلامی بە ژنانی کورد، پیاوانی کورد لە هەوڵێکی بێ پێشینەدا بە لەبەرکردنی لیباسی ژنانەی کوردی، ناڕەزایەتیان بەو هەوڵەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

هەر لەم پەیوەندەشدا، لە دوای پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان بەو هەوڵەی هێزی ئینتیزامی لە مەریوان، دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢٣ی گوڵان، ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدەم، لە کۆبوونەوەیەکدا بە ڕەسمی داوای لێبوردنی لە ژنانی کورد کرد.

کۆماری ئیسلامی ماوەیەك لەمەوپێش لە شاری مەریوان لیباسی ژنانەی کردبووە بەر پیاوێکی تاوانبار و بە ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا گێڕابووی، ئەم هەوڵەش ناڕەزایەتی بەربڵاوی لە ناوخۆی و دەرەوە لێکەوتەوە و چالاکان، سووکایەتی کردنی کۆماری ئیسلامییان بە ژنانی کورد و کولتوری کوردی مەحکووم کرد.

# بەشداریی یەکیەتی ژنان لە کۆبوونەوەی وەرزانەی ڕێکخراوی پەنابەرەکان لە فینلاند



ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٢٠١٣/٥/٢٣ شاندێکی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە فینلاند، لە کۆبوونەوەی وەرزانەی ڕێکخراوی پەناهەندەکان لە شاری تامپێرێ بەشداریی کرد.

ناوەرۆکی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە چۆنیەتی باشترکردنی زەمینەی یارمەتیکردنی پەناهەندەکان لە کاتی پێشهاتنی هەرجۆرە کێشەیەک لەمەڕ شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە، هەروەها ئەنجامدانی کاری هاوبەش بۆ باشترکردنی ڕەوشی نیشتەجێبوونی ڕەوەندە جیاجیاکان لە ناوچەی پیرکانما.

# چوارەمین کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی گشتی یەکیەتی ژنان بەڕێوەچوو



سەرلەبەیانیی رۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٧ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی بە بەشداریی زۆرینەی ئەندامانی بەڕێوەبەری، چوارەمین کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی گشتی یەکیەتی ژنان بەڕێوەچوو.

کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٩ی بەیانی بە خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

بەرپرسی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز ئیلهام چایچی ڕاپۆرتێك لەسەر بارودۆخی گشتی وڵاتی ئێران و چوار پارچەی کوردستان پێشکەش بە بەشداربووانی کرد. بەڕێز چایچی لە باسەکەی ئاماژە بە بارودۆخی خراپی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئێران کرد و گوتی: «لە ئێران پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و رەوتی دەستبەسەرکردن، بەندیخانە و ئێعدام و ئەشکەنجە هەروا بەردەوامە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی گوشاری ئابووری کە ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی خەڵکەکە شوێندانەریی هەیە، بەرەبەرە حەرەکەتە نارەزایەتییەکان شکل دەگرن و لە کارخانەکان و بازارەکان دەنگی ئێعتراز بە هۆی شێوەی نادروستی بەڕێوەبردنی وڵات بەرز بووە». لە درێژەی ڕاپۆرتی پێشکەش کراو باس لەسەر بارودۆخی ئێستای ژنانی کوردستانی ئێران کرا. بەڕێز چایچی گوتی: «یەکەم هەنگاوەکانی دروست بوونی بزوتنەوەیەکی تایبەت بە ژنانی کوردستانی ئێران بەرێ بەرێ هەڵدەگیرێ، حوکمی دادگای دەزگای قەزاییی لە شاری مەریوان و ئاکامی ئەم حوکمە نادروستە کە بوو بە هۆی دروست بوونی نارەزایەتی لەنێو ژن و پیاو لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، بوو بە هۆی یەکگرتوویيەکی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا».

پاشان بە پێی بەرنامەی دیاری کراو ئەندامانی بەڕێوەبەری لەسەر چەندین بابەتی جیاواز ئاڵۆگۆڕی بیروڕایان کرد و بڕیاری پێویستیان دا.

چوارەمین کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی گشتی کاتژێر ٣ی پاش نیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

# سمینارێک بە مەبەستی تاوتۆکردنی بارودۆخی ژنانی ڕۆژهەڵات لە لایەن ئەنجومەنی زێد بەڕێوەچوو





ئەمجەدی و فەریدە ئەمجەدی لە ئەندامانی یەکیەتی ژنان (کۆمیتەی هەولێر) کە لەم سمینارەدا بەشداریان کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٥ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە سالۆنی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان (هەولێر) بە مەبەستی تاوتۆکردنی بارودۆخی ژنانی ڕۆژهەڵات، سمینارێك لە لایەن ئەنجومەنی زێد لە ژێر ناوی «ئاورێك لە مێژوو و تێڕامانێك لە بارودۆخی ئێستای ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات، بە سەرپەرەستی بەڕێز محەممەدساڵح قادری و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی بەڕێز ئێلهام چاپچی، بەڕێوەچوو.

لەم سمینارەدا، بەڕێزان لەیلا قادری، پەروانە محەممەدزادە، دوکتور فریدون ڕەحمانی و لەیلا کەریمی هەوڵیان دا هەرکامیان لە بوارێك باسی بارودۆخی ئێستای ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن.

شایانی باسە هەیئەتی یەکیەتی ژنان بریتی بوون لە بەڕێزان منیرە کانی سیرانی و کەنێرە مێهفەر ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنان و هەروەها بەڕێزن زارا عەزیزی، سومەیە

# سەردانی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان ئەنجومەنی قەزای کۆیە، لە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران



سەر لە بەیانی رۆژی دووشەممە، ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی، هەیئەتێك لە یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان ئەنجومەنی قەزای کۆیە، بە سەرپەرەستیی بەرپرسی ئەنجومەن، خاتوو نەشمیل عەلی، سەردانی یەکیەتیی ژنانیان کرد.

هەیئەتەکە لە لایەن هەیئەتێکی یەکیەتی ژنان بە سەرپەرستیی بەرێز ئێلهام چایچی بەرپرسی یەکیەیتی ژنان، بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا.

بە دوای باس و گفتوگۆ لەسەر کار و چالاکیەکانی هەردوو رێکخراو، لەسەر گرینگیی کاری هاوبەش لە نێوان رێکخراوەکانی کوردستانی عێراق و ئێران و هەروەها گرینگیی پێوەندیەکی بەردەوام لە نێوان رێکخراوەکان بۆ بەدواداچوون لەسەر کێشەی ژنی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێداگری کرا.

شایانی باسە هەیئەتی میزبان بریتی بوون لە بەرێز هێرۆ جەڵدیانی جێگری سکرتێر و بەرێزان مونیرە کانی سیرانی و مەلێحە محەممەدی ئەندامانی بەرێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

# سێهەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ دەرەوەی وڵات، لە وڵاتی نورویژ بەڕێوەچوو



رۆژی شەممە ڕێکەوتی ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی، سێیەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ دەرەوەی وڵات، لە وڵاتی نورویژ بەڕێوەچوو

لە سەرەتای ئەم کۆنفرانسەدا بەشداران بە تێکرای دەنگ، کۆنفرانسەکەیان لەژێر ناوی «خاتوو مینا قازی» خێزانی پێشەوا قازی محەممەد و یەکەم سکرتێری گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ناوزێر کرد.

پاشان کۆنفرانسەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان، دەستی بە کارەکانی کرد.

پاشان پەیامی بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، لەلایەن بەڕێز «مەنسوور عەزیزی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە خوێندرایەوە و دواتریش پەیامی بەڕێز «نەسرین قاسملوو»، ئەندامی ئیفتیخاریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.

دوابەدوای ئەوەش پەیامی بەڕێز «ئیلهام چایچی» بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی سێیەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵاتدا خاتوو سەکینە جەوانمەرد، چەند وتەیەکی سەبارەت بە مێژووی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان و بەربەستەکانی سەر ڕێگای خەباتی ئەو ڕێکخراوەیە پێشکەش کرد و دوابەدوای ئەوەش هەرکام لە بەڕێزان شکووفە قوبادی، گوڵاڵە کەمانگەر، شنۆ میهفەر و پەخشان ئەحمەدی لەسەر شێوازی کاری نوێی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان لەسەر پرسە سیاسییەکان بۆ بەشداران دوان.

دواتر بەڕێز «پەروانە حەیدەری» ڕاپۆرتی «ئینترناسیۆنال سوسیالیستی ژنان»ی پێشکەش کرد.

پاشان لە بەشی دووهەمی کۆنفرانسدا ڕاپۆرتی کار و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات پێشکەش کرا و هەر کام لە بەشداران ڕەخنە وپێشنیاری خۆیان خستە روو و لە بەشی کۆتایی و لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی نوێدا، بەڕێز «شەهین بەهمەن سوڵتانی» وەکوو بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات هەڵبژێردرا.

لە کۆتایی ئەو کۆنفرانسەدا بە پێشکەش کردنی چەپکە گوڵ، ڕێز لە کۆمیتەی پێشووی یەکیەتیی ژنان ـ دەرەوەی وڵات، گیرا.

# ڕاپۆرتی کۆنفرانسی یەکیەتی ژنان لە سوئێد

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨ی مەی ٢٠١٣ یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران وڵاتی سوئێد حەوتەیەمین کۆفڕانسی خۆی لە شاری ڤێستڕۆس بە بەشداری نوێنەرانی ژنان لە شارەکانی سوئێد پێک هێنا کە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و وەستانی چەند سات بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

کۆنفڕاس بە وتەیەکی خاتوو شکۆفە قوبادی بە فەرمی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد کە لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەری یەکێتی ژنانەوە بۆ کۆنفڕانس بانگ هێشت کرابوو.

بەڕێز مەستەفا زارعی بەرپرسی کومیتەی گشتی حدکا لە سوئێد لەو کۆنفرنسەدا پەیامی کومیتەی پێشکیش کرد و وێڕای پیرۆزبایی،پشتیوانی و هاوکاری کومیتەی حیزبی بۆ یەکێتی ژنان دووبارە کردوە.

لە بەشێکی دیکە دا بەڕێز حامید درودی پەیامی کومیتەی یەکێتی کوردان لە وڵاتی سوئێدی پێشکێش بەکۆنفڕانسی یەکێتی ژنانی کرد.

هاوکات پەیامی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات لە لایەن خاتوو مەستوورە سوڵتانیەوە پێشکیش بە کۆنفڕانس کرا.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنفڕانس ڕاپۆرتی کار و چالاکی نێوان دو کۆنفڕانسی یەکێتی ژنان لە لایەن خاتوو نیشتیمان مینایی خوێندرایەوە و دوای شرۆڤەکردن لە لایەن بەشدارانی کۆنفڕانسەوە دەنگی متمانەی پێدرا.

شایانی ئاماژە کردنە کە ژنان بە بەشداری چالاکانە لە باسەکان دا کۆنفڕانسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

بڕگەی کۆتایی کۆنفڕانس تەرخان کرا بوو بۆ نوێ کردنەوەی کومیتەی بەڕێوەبەری یەکێتی ژنان کە تێیدا کۆمەڵێک لە نوێنەرانی بەشدار خۆیان بو بەڕێوەبەری پاڵاوت و لە ئاکامدا لە پڕۆسەیەکی ئازاد و دێموکڕاتیکدا ٧ کەس وەک ئەندامی ئەسڵی و کەسێک وەک جێگر دەنگی متمانەیان وەدەست هێنا.

کۆنفڕانس دوای زیاتر لە ٦ کاتژمێر کاری بەردەوام لە کاتژمێر ٥ی پاشنیوەڕۆ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران/ کومیتەی سوئێد



# پێکهێنانی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی، بۆ کۆمیتەکانی قەڵادزێ و ژاراوە لە لایەن هەیئەتێکی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ۱۰ی بانەمەری ۱۳۹۲ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان بە سەرپەرەستی هێرۆ جەڵدیانی جێگری سکرتێری یەکیەتیی ژنان و محبووبە ئیبتکار ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و مەنیجە مەلا مینە و زینب عەسری ئەندامانی چالاکی یەکیەتیی ژنان سەردانی کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنان لە قەڵادزێ و ژاراوێ کرد.
سەرەتای کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی قەلادزێ، بەڕێز جەڵدیانی باسێکی لە سەر باروودۆخی ئێستای بزووتنەوەی ژنان لە ئێران وکوردستان و ئەو دوایین ڕووداواەکانی شاری مەریوان کە تاوانبارێکیان بە جل و بەرگی ژنانەوە هێنایە سەر شەقام و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئێران پێشکەش بە بەشدار بووان کرد. لە کۆتایی باسەکاندا بەشدار بووان پرسیار و ڕاوبۆچوونی خۆیانیان دەر بری کە وڵامیان درایەوە.
باسی دووهەمی کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ بەشی تەشکیلات کە لە لایەن محبوبە ئیبتکار بەرپرسی ئەو بەشە بەڕێوە چوو. لەم بەشەدا هەڵبژاردنی سەر لە نۆی ئەندامانی کۆمیتەی قەڵادزی و کارو چالاکیی کومیتەی پێشوو خرانە بەر باس و لێدوان، لە کۆتاییدا ئەندامانی کۆمیتە لە لایەن ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوە هەڵبژێردران.
دوانێوەڕۆی هەمان ڕۆژ سەعاتی ۲/۳۰ پاشنیوەڕۆ لە کۆمیتەی ژاراوێ کۆبوونەوە بۆ ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بەڕێوە چوو، سەرەتای کۆبوونەوەکە لە لایەن بەرپرسی هەیئەت بەڕێز هێرۆ جەڵدیانی دەستی پێکرد کە باسێك بوو لە سەر وەزعییەتی ژنان لە ئێرانو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئێران و هەروەها باسێکی لە سەر ئەرك و ڕۆڵی ئەندامانی یەکیەتی ژنان سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە نێو خوی ئێران روو دەدەن پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.





# پێکهێنانی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی، بۆ کۆمیتەکانی کەمپی کاوە و هەولێر، لە لایەن هەیئەتێکی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان

ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٧ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان بە سەرپەرەستی هێرو جەڵدیانی و هاوڕێیەتی محبووبە ئیبتکارو مەلیحە محەممەدی و ڕۆژین بەهرامی، ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان، سەردانی کۆمیتەکانی کەمپی کاوە و هەولێریان کرد.

سەرەتاکۆبوونەوەکە لە لایەن خاتوو هێرو جەڵدیانییەوە دەستی پیٚکرد، بەڕێزیان باسێك لە سەر هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئێران و بەشی ژنان لەو هەڵبژاردنانە و دەسکەوتەکانی پێشووی ژنان لەو ڕێژیمە و هەروەها باسێکی لە سەر بارودۆخی ئێستای بزوتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستان و هەروەها ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات و باسێکی لە سەر کارو چالاکی یەکیەتی ژنان و ئەرکی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.

تەوەری دووهەمی کۆبوونەوەکە بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتی چالاکیی ئەو کومیتەیە و هەڵبژاردنی سەر لە نوێ ئەندامانی ئەو کومیتە تەرخان کرا. لە کۆتایی کۆبوونەوەکە بەشدار بووان باسێکیان لە وەزعیەت و کێشەکانی ئەو کومیتەیە کرد کە وڵامیان درایەوە.

دوانیوەرۆی هەمان رۆژ سەعات ٣ی پاشنیوەرۆ کۆبوونەوە بۆ ئەندامانی یەکیەتی ژنان لە هەولێر گیرا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە لە لایەن خاتوو هێرو جەڵدیانی دەستی پێکرد کە باسێکی لە سەر هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئێران و دەسکەوتەکانی ژنان لەو هەڵبژاردنانە و رووداوەکانی ٢٦ی خاکەلێوە لە شاری مەریوان و ئەرکی ئەندامانی یەکیەتی ژنان سەبارەت بەو رووداوانە و بارودۆخی ئێستای بزووتنەوەکانی ژنان لە ئێران و کوردستان، هەروەها بارودۆخی ژنان لە دەرەوی وڵات، پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.

بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکە تەرخان کرا بۆ بەشی تەشکیلات کە هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی یەك ساڵی رابردووی ئەو کومیتەیە بکات و هەڵبژاردنی سەر لە نوێ ئەندامانی ئەو کومیتەیە بوو کە هەڵبژاردنەکە لە کەش و هەوایەکی ئازاددا لە لایەن ئەندامانەوە بەرێوە چوو و ئەندامانی نوێ بۆ ئەو کۆمیتەیە هەڵبژێردران.



# وڵامێک بۆ محەممەد عەباسی، سەرۆکی وەزارەتی وەرزش و لاوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# وەرزشی ژنانی ئێرانی، ئەو سەرمایانەی پەراوێز دەخرێن!

رەحیم ئەحمەدی پوور

هێندیَ‌جار ئەوەندە قسەت پێیە بۆ وتن کە نازانی لە کوێوە دەست پێبکەیت. وشەکان یەك لە دوای یەك لە مێشکدا ریز دەبن بۆ ئەوەی بتوانی راستگۆیانەو بێ پێچو پەنا باسی ئەو شتانە بکەیت کە لەمێژە لە بیرت دا کەڵەکە بوون. ئەو قسانەی کە رەنگە زۆر کەس بە تۆزلێنیشتووی دابنێنو بایەخێکی بۆ دانەنێن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە تۆیت کە دەبێ رۆحو بیری خۆت ئازاد بکەیت لەو قسانەی کە ئازارت ئەدەن. من نە کۆمەڵناسمو نە بەرگریکاری مافی مرۆڤ، تەنیا وەرزشکارمو ئەمەوێ ئۆباڵی خۆم سەبارەت بە کۆمەڵگای وەرزشیی وڵاتەکەم بەجێ بێنم. ئەمەوێ بە فیدراسیۆنە جیهانییەکان بڵێم کە ئەمرۆکە لە کۆمەڵگای وەرزشیی ئێران چ دەگوزەرێ!و لە کۆتاییدا

ئەمهەوێ بە هەمووان بڵێم بۆچی وەرزشی ئێمە نەتەوە ئێرانییەکان دیلی باوەڕە پوواوەکانی بەرپرسانی سیاسیو نیزامی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووە؟

ئەزموونی زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتداریی رێژیمی ئاخووندی ئاوا پیشان دەدات کە هەرکاتێ باسو توێژینەوەو بێبەش بوونی وەرزشی ژنانی ئێران لە کۆڕو کۆمەڵە وەرزشیو کۆمەڵایەتییەکاندا دێتە ئاراوە، لەپڕ بابەتی حیجابی ئیسلامی، کاڵو کرچیی ئەزموونی وەرزشی ژنانو لە کۆتاییشدا گرفتی بوودجەی پێویست دەکەوێتە بەرباس. بەڵام ئەم گرفتە بنەڕەتییانە تەنیا بۆ چەند رۆژێك دەبنە باسی ناوەندە هەواڵگرییە گشتییەکانو سەرلەنوێ بێبەشی دەستەویەخەی کۆمەڵگای وەرزشی ژنان دەبێتەوە.

لەبیرمان نەچێ لە کۆی ٧٠ میلیۆن حەشیمەتی ئێران لە ئێستادا، رێژەی ٤٠ میلیۆنی حەشیمەتەکەی ژنان پێکی دێنن. لە ئۆلەمپیکی ٢٠٠٨ی پێکەن، وڵاتانێك وەکوو چین، ئامریکا، روسیە، بریتانیا، ئاڵمان، ئۆسترالیا، کۆرەی باشووو ژاپۆن بە ریز پلەی یەکەم تا هەشتەمیان بەدەست هێناو ئەم دەستکەوتە گرنگە وەرزشییە لەسای بەهادانانو سەرنجدان بە وەرزشی ژنان بووە، چونکە لەم وڵاتانەدا وەرزشو فیدراسیۆنەکانی ژنان لە پیاوان جیا نەکراوەتەوە. ئێستاش ئەگەر بە روانینێکی ورد، دڵسۆزانەو کارناسانە، سەیری ئاستەنگەکانی بەردەم وەرزشی ژنانی ژێر ستەمی نەتەوەکانی وڵاتەکەمان بکەین، بە باشی لەم خاڵانەی خوارەوە تێدەگەین. بوودجەی ساڵانەی وەرزشی ژنانی ئێران ٢٠٠ میلیۆن تمەنە کە ئەگەر ئەم پارەیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان ٤٠ میلیۆن ژندا دابەش بکەین، هەرکامیان بڕی پێنج تمەنیان بەر دەکەوێ کە بەو بڕە پارەیە تەنانەت جووتێك گۆرەوی وەرزشی پێ ناکڕدرێت. لە ئێران پتر لە ٧٠ فیدراسیۆنی وەرزشی



نێونەتەوەیی‌و چالاك بوونیان هەیە، بەڵام بەرپرسی کام یەك لەم فیدراسیۆنانە ژنێکی ئێرانی بووە؟

لە کۆی ٥٧ ڕۆژنامە، هەفتەنامەو گۆڤاری وەرزشی کە لە ئێستادا ڕێگە بە بڵاوکردنەوەیان دەدرێ، بۆچی تەنیا یەك گۆڤار بە ناوی «شێرە ژنان»، کە تایبەتە بە وەرزشی ژنانی حیجابدار، بڵاو دەبێتەوەو ژنانی وەرزش دۆست تەنیا بۆیان هەیە چالاکیە وەرزشیەکانی خۆیان بڵاو بکەنەوەو هیچ کەس بۆی نیە ڕەخنە لە پێکهاتەی دەوڵەتی‌و پۆلیسیی زاڵ بە سەر وەرزشی وڵاتەکەماندا بگرێت. ئایا دەکرێ هەر بەم ئاسانییە ٤٠ میلیۆن ژن لە سەردەمی بەجیهانیی بووندا پەراوێز بخرێن‌و لە یاد بکرێن؟ ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێ، بەها نەدانە بە توێژێك کە لە ئەگەری سەرنجدان پێیان دەتوانن داهاتووی وەرزشی ئێمەی ئێرانی بنیات بنێن، چونکە لە سەر بنەمای یاسای نوێی فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکان، هەموو فیدراسیۆنەکان دەبێ ڕێز لە یاساکانی بەرابەری مافی ژن‌و پیاو بگرن‌و بە کردەوە جێبەجێی بکەن.

ئێستا ژنانی وەرزشوان‌و وەرزش دۆستی وڵاتەکەمان‌و تەنانەت فیدراسیۆنە جیهانییەکان بە باشی تێگەیشتوون کە ئیجباری بوونی حیجابی ئیسلامی، کرچ‌و کاڵیی ئەزموونی وەرزشی ژنان‌و نەبوونی بوودجەی پێویست بە مەبەستی پەرەپێدانی زانستی ڕۆژی وەرزشی، تەنیا دروشمێکی ڕێگر بووە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ جڤاتە وەرزشییەکان. ژنانی بەتواناو لەبیرکراوی نەتەوەکانی ئێران بە هەموو ئاستەنگەکانی سەر ڕێگایان، هەمیشە لە گۆڕەپانە وەرزشییە نێونەتەوەییەکاندا سەلماندوویانە کە لە بوارەکانی، تیرهاوێژی، شەترەنج، تێکواندۆ، شاخەوانی، جۆدۆ، لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، کاراتەو فووتساڵ هەرگیز هیچیان لە پیاوان لەو بوارانەدا کەمتر نەبووە.

بەڵام ئاخوندەکان بۆ ئەوەی لە لایەن فێدراسیۆنە جیهانیەکانەوە نەکەونە ژێر پرسیار، لە ئێران بۆ وەرزشی ژنان، لەبری فێدراسیۆن لە وشەی ئەنجومەنی وەرزش بۆ پاکانە کردن بۆ خۆیان کەڵك وەردەگرن. ئێستا بە خۆشیەوە ئەم ئەنجومەنانە بە گوشاری یاسا نوێیەکان لە ڕەوتی مافی بەرابەریی ژنان‌و پیاوان خەریکن لە فیدراسیۆنەکاندا دەتوێندرێنەوە. گرفتەکە لێرەدایە کە ئاخوندەکان هەرگیز دەرس لە مێژووی وەرزش وەرناگرن چونکە بە بەراورد تێدەگەین کە ئێمە، نەتەوە ئێرانییەکان لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینییەوەو لە کاتی بەڕێوەچوونی کێبەرکێکانی ئۆلەمپیکی لەندەنەوە هەتا ئەمڕۆکە لە هەموو ئۆلەمپیکەکاندا تەنیا ١٠ مێداڵی زێڕمان دەست کەوتووە. بەڵام بۆ نموونە ژاپۆن لە هەمان ساڵەوە تا ئێستا ١٢٣ مێداڵی زێڕو تەنانەت وڵاتی کێنیای هەژار بە ١٧ مێداڵی زێڕو ئێتیۆپی هەژارتر لەو، بە ١٤ مێداڵی زێڕ لە سەرووی ئێمەی ئێرانیەوەن کە خاوەنی ٥ هەزار ساڵ کولتوورو شارستانیەت‌و مێژووی دوورو درێژین‌و ئەم ڕووداوانەش لە کاتێکدان کە ئێمە گەنجانی شیاوی زۆرمان هەیە. دەسکەوتی زۆرمان هەیە لە هەناردەی نەوتی ئێران بۆ دەرەوە. ئێمە خاوەن کەش‌و هەوای چوار وەرزین کە بۆ چالاکیی وەرزشی گونجاوە. ئێمە ١٨یەمین وڵاتی پڕ حەشیمەتی دنیاین. کەواتە بۆچی وەرزشی ئێمە لە کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا تا ئەم ئاستە دابەزیوەو لاواز بووە؟

تۆ بڵێی ئاخوندە سەدە نێوەڕاستیەکان وڵامێکیان بۆ ئەم پرسیارە هەبێت؟



# داب و نەریتە کۆنەکان و کاریگەریان لە سەر وەرزشی ژنان

تریفە سابیر

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و درێژخایەندا، بە روونی ئەو راستیەم بۆ دەرکەوتووە کە بەر لە دانانی یاسا و هەڵبژاردن بۆ هەر بوارێکی وەرزشی، پێویستە جۆرێك کلتوور بنیات بنێین کە لەمپەرەکانی بەردەم گەشە و هەڵکشانی ئەو بوارە وەرزشییە هەموار بکەین. وەرزشی هەرێمی کوردستان لە مێژووی خۆیدا چەندین قۆناغی سەخت و دژواری تێپەر کردووە، بۆ نمونە، ژێر دەستەبوونی باشووری کوردستان تا ساڵی ۱۹۹۱، شەڕی نێوخۆ، دوو ئیدارەبوونی وەرزشی کوردستان هتد... بەڵام رووخانی رێژیمی بەعسی دیکتاتۆری و هاتنەدی هیوایەتێکی رزگاریخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ۲۰۰۳و هەروەها یەکگرتنەوەی ئەنجومەنی باڵای وەرزش و لێژنەی ئولەمپی کوردستان و بەڕێوەچوونی خولەکانی کوردستان لە زاخۆوە تا کەرکووکی خۆشەویست کارێکی مەزن بووە لە وەرزشی کوردستاندا. رووخانی رێژیمی بەعس لە لایەن هاوپەیمانانەوە دەکرێ بە لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی خەباتی لەبڕان نەهاتووی خەڵکی باشووری کوردستان بە مەبەستی گەیشتن بە مافە رەوا و بەرهەقی خۆمان بزانین چوونکە پێکهاتەی سیاسی عێراق تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی بوو و گەلی کورد لە پاش دەیان ساڵ خەبات و فیداکاری رۆڵەکانی خۆی، ئەو جارە جیا لە هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان کە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە، داکۆکی لەو شوێنە دابڕاوانە بکەین بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ سەر جوگرافیای هەرێمی کوردستان، هەر چەند لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی





سیاسی عێراقدا خاوەنی جۆرێك سیستمی فیدراڵیە، بەڵام دوژمنانی گەلی کورد و دراوسێکانمان هەمیشە لە هەوڵی لاوازکردن و تەنانەت رووخاندنی هەرێمی کوردستاندا بوونە، چونکە دراوسێکانمان ناتوانن ئیعتراف بە بوونی دەسەڵاتی سیاسی کوردەوە بکەن و لە لایەکی دیکەشەوە دوژمنایەتی ئەوان لەگەل کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستاندا ریشەیەکی مێژوویی هەیە، بەڵام کوردستانیان تەنیا و تەنیا لە ژێر سێبەری یەکریزی و یەکگرتوویدا دەتوانن بە مافە رەواکانی خۆیان بگەن. لە سەردەمی بەعسی دیکتاتۆریشدا وەرزشی ئافرەتان هیچ کات نەگەیشتە پێگەی راستەقینەی خۆی، بەڵام لە رابردوو و ئێستاشدا، وەرزشی ئافرەتان هەمیشە لە ژێر کاریگەریی داب و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگادا بووە، هەروەها دەکرێ باوەڕە ئاینییەکانیش بە هۆکارێکی دیکە بزانین بۆ ئەوەی ئافرەتانی وەرزشوان وەك پێویست نەیانتوانی بێنە نێو بواری وەرزشەوە. کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٦دا بنەماڵەی گەورەی وەرزشی کوردستان واتە لێژنەی ئولەمپی کوردستان و ئەنجومەنی باڵای وەرزش رێچەیەکی نوێیان لە رەوتی پەروەردەی زانستی و سەردەمیانەی وەرزشی کوردستان بە گشتی و ئافرەتان بەتایبەتی گرتەبەر، ئێستا ئافرەتان بە حەزی خۆیان و شان بە شانی خوێندکارانی کوڕ لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا، زانستەکانی رۆژی وەرزش فێر دەبن.

بەڵام بەداخەوە لە هەندێ شوێندا، ئاسەواری داب و نەریتە کۆنەکان هەروا وەکوو لەمپەرێکی سەرەکی بەرۆکی وەرزشی ئافرەتانیان گرتووە کە من وەك خۆم ٣ لایەن بۆ نەهێشتنی ئەو دۆخە بە بەرپرسیار دەزانم، سەرەتا ئافرەتانی روناکبیر و وەرزشدۆست، پاشان راگەیاندنی وەرزش و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، ئەگەر رۆژێك ئێمە بتوانین کۆدەنگێکی هاوبەش لە نێوان ئەو ٣ لایەنەدا دروست بکەین پێم وایە دەتوانین بەشێك لە گرفتە وەرزشیەکانمان چارەسەر بکەین. کۆمەڵگای وەرزشی ئافرەتان لە سەر ئاستی باشووری کوردستان و هەموو جیهاندا شیاوی رێز گرتنن، چوونکە ئافرەتان ناچارن بە بەردەوامی لە دوو جۆرە گۆڕەپاندا ململانێ بکەن، لە رووی وەرزشییەوە بە شێوەی یاسایی لە هەر بوارێکی وەرزشیدا لە بەرامبەر رکابەرەکانیان یاری بکەن، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ شەڕ لەگەڵ داب و نەریتە کۆنەکان بکەن و هەوڵ بدەن مافە وەرزشییەکانی خۆیان لە نێو یانە و یەکیەتیە نێودەوڵەتییەکانی وەرزشیدا جێگیر بکەن. ئەگەر بە وردی بڕوانینە مێژووی وەرزشی ئافرەتان لە هەرێم و وڵاتانی دنیا ئەو راستییەمان بەروونی بۆ دەردەکەوێت هەر کاتێك دەرەتانێکی وەرزشی بۆ ئافرەتان هاتبێتە پێش، ئافرەتان بە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرزی هونەری بوون و تواناکانی خۆیان بە کۆمەڵگا سەلماندووە.

ڕەحیم ئەحمەدیپوور

# یادێک لە پاڵەوانێکی نێودەوڵەتیی کورد



ئێستا ١٠ ساڵ بەسەر کارەساتە دڵتەزێنی بەرزاییەکانی «کاشێر برۆمی» وڵاتی پاکستاندا تێدەپەڕێ. کاتێك هەڵبژاردەی شاخەوانیی ئێران بە مەبەستی خستنە ژێرپێی لووتکەی چیای «کاشێر برۆم» لە ساڵی ٢٠٠٣دا چوونە وڵاتی پاکستان، محەممەد هەورازی کورد و دیارترین شاخەوانی مێژووی یەکیەتیی نێودەوڵەتی شاخەوانیی جیهان بەهۆی ڕنۆی بەفر لە بەرزاییەکانی «کاشێر برۆم»دا هەڵدێرا و پاش ٥ ڕۆژ کاری بەردەوام یاریزانەکانی هەڵبژاردەی شاخەوانی ئێران توانییان ناوبراو بگەیننە نەخۆشخانەی شەفای پاکستان بە مەبەستی چارەسەری. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە زانییان هەورازی کورد تووشی پێکان بووە لە ناردنی فڕۆکەی تایبەت بە چالاکییەکانی هەڵبژاردەی شاخەوانی ئێران خۆیان بوارد تا ناوبراو ماوەی ٥ ڕۆژ لەژێر بەفر و بۆراندا بێت و ئەفسانەی شاخەوانی جیهان پاش ٢٠ ڕۆژ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٩/٦ بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە کۆمەڵگای شاخەوانیی کوردستان و جیهان کرد.

محەممەد هەوراز لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٩ی شاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ناوبراو سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە نەغەدە تەواو دەکات و پاشان بەهۆی هۆگریی لە ڕادەبەدەری بۆ وەرزش لە زانکۆی ورمێدا بڕوانامەی لیسانسی پەروەردەی وەرزش وەردەگرێ و لەنێو ٧ میلیارد مرۆڤی سەرگۆی زەویدا، یەك لەو دەگمەن مرۆڤانە دەبێت لە ساڵی ١٩٩٨ لووتکەی ئێڤێرێست (یان سەربانی دنیا) بە بەرزایی ٨٨٨٤ میترو بەبێ کەڵك وەرگرتن لە کەپسوولی ئۆکسیژێن دەخاتە ژێر پێ و ناوی خۆی و کورد لە مێژوودا بە گەورەیی تۆمار دەکات. هەر لەو کاتەشدا سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب بۆ هاوڕێی خۆشەویستی خۆی مۆقبێل هونەرپەژووە، کە ئەویش یاریزانێکی ناوداری هەڵبژاردەی شاخەوانیی ئێران بوو دەخوێنێ و بەهۆی ئەم کارەیەوە دەکەوێتە بەر ڕق و قینی نامرۆڤانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی.

هەوراز لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٣دا بە بڕینی چەندین لووتکەی سەرووی ٨٠٠٠ میتری ٥ میدالیای زێڕو زێو لەسەر ئاستی ئاسیاو جیهاندا دەستەبەر دەکات. ناوبراو یەکەم شاخەوانی ئێران بوو کە بڕوانامەی ڕاهێنەری نێودەوڵەتی لە ئەکادیمیای وڵاتی فەڕانسە وەرگرتبوو بۆیە هەمیشە خۆبەخشانە شاخەوانانی کوردی لە شارە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە زانستەکانی چەندین ساڵەی خۆی بێبەش نەدەکرد.

ئێستا لە دەیەمین ساڵیادی کۆچی ناوەختی هەورازدا جارێکی دیکە یاد و ڕابردووی پڕ لە سەروەری بەرز دەنرخێنین. بە داخەوە کورد کوژانی کۆماری ئیسلامی نەیانهێشت ناوبراو زیاتر لە ٣٤ ساڵ بژیت تا بەهۆی سەرکەوتنەکانیەوە زیاتر کورد بە دنیا بناسێنێ. ناوبراو لە ١٢ لووتکەی سەرووی ٨٠٠٠ میتری لەسەر ئاستی دنیادا توانی ٨ لووتکە بخاتە ژێر پێ و نێوی کوردستانیان لە کتێبی پێوانەکانی جیهان (گینێس)دا تۆمار بکات.

نێوو یادی هەوراز بەرزو پیرۆز بێت و ئاڵای کوردستان هەمیشە شەکاوە بێت.

# ناوەندی توێژینەوەی وەرزشیی ئامریکا، رێز لە رۆژنامەنووسانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێت



رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە ئەنجامی شەشەمین کۆنفرانسی بە دواداچوونی ناوەندی توێژینەوەی وەرزشی RFG، لە شاری بۆستۆنی ئامریکا، سێ رۆژنامەنووسی وەرزشی ئەندام لەو ناوەندەدا براوەی خەڵاتی داکۆکی لە مافە وەرزشییەکانی کۆمەڵگای وەرزشیی ئێران بوون. ١. سارا دێهکوردی بۆ داکۆکی لە مافە وەرزشییەکانی لاوانی ئێران ٢. رەحیم ئەحمەدی بۆ جاری دووهەم بۆ داکۆکی لە مافە وەرزشییەکانی ژنانی ئێران ٣. شادان موکریانی بۆ داکۆکی لە مافە وەرزشیەکانی منداڵان.

جێگای ئاماژەیە بەرێز رەحیم ئەحمەدی بەرێوەبەریی بەشی وەرزشیی گۆڤاری ژنانە کە لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەردەچێ.



# Reformên bingehîn yên kultûrî û civakî di jiyana jinan de



Perî RaŞîdiyan

Ew nirx û normên ku di her civakekê de li nifşekêve bo nifşeke din tên veguhastin, bandoreke mezin li ser jiyana civakî û takekesiya merivan didanê. Di wê gotarê de hindik pirsên girêdayî bi kultûrê yê bên niqaş kirin û piştre emê bas li kultûr û pêdiviya guhartina kultûrê li civaka derdorê bakûra Rojhelata Kurdistanê bikin; bi xasmanî li vir ku kultûra îro di wê deverê de serderst e û heye, bandoreke gellek xirab li ser jinên kurd heye. Ji bo ku baştir ew mijara zelal bibe, ezê hewil bidim ku di naveroka gotarê de hindek pirsan bînim berbas û li gor şiyana xwe li dîv bersîva wan pirsan bigerim.

Armanca min di wê babetê de qet bêhurmetî kirin bi nirx û baweriyên kultûra me nine; lêbelê tinê bi ziman anîn û bas kirin li hindek urf û edetên kevneşop e ku bi salane di wê deverê de bandora xirab li ser malbat û jina kurd hebûye û heye.

Kultûr tê çi manayê?

Kultûr peyveke ku bi gellek awayan hatiye şirovekirin. Kultûr pirr yan jî hemû aliyên jiyanê bi xwe ve digire. Kultûr yanê ziman, urf û edet, cil û berg, xarin, govend, stran û muzîk û ...

Edward B. Taylor kultûrê wiha şirove dike: ”Kultûr hemû ew norm, zagon, urf û edet, şiyanê jiyanê, çand, hizr, bawerî, morala neteveyekê li xwe digre ku di nav civakê de jiyanê dike”.

Mirov kultûrê çêdike, ne ewa ku kultûr mirovan çêdike. Merivên her civakekê goreyî hizr û jîrbêjiya xwe nirx, sembol û norman diafirîne. Kultûra her kesê dide eyankirin ku ew mirov çi kesyetiyek heye, li kura re hatiye û bawerî bi çi heye.

Kultûra kevneşop çiye?

Her weke ku min bas kir, kultûra her civakê tevî civakeke din cuda ye, lê hindik norm û adet di navbera hindek civakan de hevpar in. Gellek caran ew civakên ku ol û mezhebên wan yek in, pirr xalên hevbeş hene. Bi xasmanî ew xalên ku li dijî jinan in, weko hev diçin. Hindik urf û edet di nav civakan de hene ku gellk kevn û paşkevtî ne. Dema ku ew urf û edet mirovan afirandin, mirov di kevneşupiyê de dijiyan û goreyî eqil û mentiqa wî demê hindik norm û sembol li ser mirovên civakê ferz dikirin.

Gellek tişitên ku mirov wek kultûr

diafirîne zaf caran li bin bandora tirs, bindestî, nezanî, rewşa xirab ya aborî û nexwendewariyê şêveyeke kevnesopane bi xwe ve digre. Mixabin ew kultûra kveneşop zêdetir li dijî jinan tê bikaranîn.

Di civaka me kurdan de wek mînak em dikarin îşare bi wan çend xalan bikin. Jin bi jinî, next wergirtin (istandin) û zewaca bi zorê (zoremilî). Hêşta jî di gellek herêmên Kurdistanê de keç yan xort dibe ligel kesekê li nava eşîrata xwe bizewice û zewaca dereveyî tixûbên eşeretê, nayê pejirandin û berevajî wê tevî cezayên giran rûbirû dibin. Gellek caran eşîret di civaka kurdan de bi çavên bîhanî li eşiretên din mêze dikin. Mirov di hember wan kiriyarên kevneşop de şaş dimîne û difikre ku gelo ew hinde girîngîdan bi eşiret yan tayîfe çi



qazancek xêncî zererê bo me kurdan hebûye/ yê hebe!?Filama bi navbange «Gele» ku hunerdendê navdar yê kurd, Yîlmas Gonay, gellek baş revşa jina kurd ku dibe qurbaniyê şerên navbera du eşîretan tine ser ikranê.

Kultûra serdemiyane (nûjen) çiye?

Em di demekê de dijîn ku globalîzasiyon (cîhanîbûn, globalizim) bandora xwe çêkiriye li ser hemû civakan. Duniya di dema guhartinan de ye û tixûbên navbera welatan hêdî hedî dirabin. Mirov gellek hêsan li welatekê koç dike bo welatek din. Globalîzm bandora xwe didane ser kultûra her civakekê û hêdî hêdî nirxên kevneşop li kultûran têne paqijkirin û nirxên merivane û pêşkevtî ciyê wan digrin. Tişta herî baş a globalîzmê ewa ye ku civakan li hev nêzîk dike. Lê em ji bîr nekin ku globalîzm dikare bandora xirab jî dane ser civakê. Hene ev urf û edetên ku gellek paşkevtî ne û li rêya globalîzmê de hatine nav civaka me.

Gellek civak bi xêra glabalîzmê guhartin li ser de hatine. Kultûra nûjen li civaka nûjen û pêşkevtî de tê afirandin û mirovên ku di nav civakeke pêşkevtî de dijîn, dibe ew izna hebin ku bi dilê xwe bijîn. Lê ew izna dibe heta wî qasî be ku nebe gef li

ser azadî û jiyana takekesên din ên civakê. Kultûra jûjen bêyî dêmokrasî û azadiya tekekesî û dadperweriya civakî çênabe. Eger em temaşayê civakên modern bikin, dibînin ku ew mirov, jin û mêr wek insanênin kamil û xwadî biryar di nav civakê de bi hev re dijîn û xwediyê mafên wek hev in.

Hebûna hemû cure saziyên sivîl di nav civaka pêşkevtî de têne dîtin.

Erka giran a li ser milên saziyên sivîl hişarkirina merivên civakê û belavkirina zaniyariyên pêwîst e di nava civakê de.

Bakûrê Rojhalata Kurdistanê de kîjan nirxên kultûrî yên kevin dibin sedemê paşkevtina jinan?

Her wek ku min di destpêka nivîsarê de bas kir, ez dixawzim di wê gotarê de gellek bala xwe bidim bakurê Rojhelata Kurdistanê. Ez bixwe jî keça wê herêmê me û min ji nêzîk ve êşa kultûra kevneşop li ser laşê xwe kişandiye.

Li ber ewê ku civaka me hertim di bin destê dagirkerên Kurdistanê de bûye, kurdan derfeta pêşkevtinê çi nebûye. Kurdên wê deverê jî her wek kurdên deverên din, ne tinê li xwendin bi zimanê biyanî, lê heta ji xwendin û mafê perwerdeyiyê bi zimanê dayîka xwe jî hatine bêpar kirin.

Hikûmetên navendî hertim cehdkirine ku kurdan ji siyaset, zanist û peşkevtinê dûr rabigrin û wan di nezaniyê de bihêlin.

Dijmin ne tenê bi hemû awayekê cehd dike ku kultûra kevneşop di nava kurdan de bihêle, bi xwe jî dixebite ku hindek nirxên sivik û nemirovane di nava civakê bi cih bike. Di meha Nisana îsal de dadgeha bajarê Merîwanê ji bo ku gunehkarekê (gunehkar bi goreyî baweriya rêjîmê) ceza bike, cilên pîroz ên jinan jiber kirin û di nava bajar de gerandin heta ku ji kesên din re bibe ibret û şîret. Gelo ew yek nayê wê manayê ku dagirkerên Kurdistanê çend nezan û hov in û kurd bo xwe rizgar kirin li kultûra kevneşop di pêş de dibe xwe li zilm û desthilatdariya dagirkeran rizgar bikin!?

Nebûna xwendingehan di gunadan de û dûr kirina kurdan li bajêran du qat bûye egera wê hêndê ku di nav civaka me de hindik kultûr çêbibin ku ligel jîrbêjiya mirovên xwedî hizr û ronakbîr cur nayê, li hev nayê.

Eger em di warê dîrokî ve temaşeyî kultûra kevneşop di deverê de li hember jinan bikin, her wek çawan li Afrîqa û li gellek deverên din dewletên empralîstî û koloniyalîstî sîstima firotina mirovan çêkiribûn û mirov weko kole dihatne kirîn û firotandin, di çaxê hêrşa Ereban de bo ser Kurdistanê û dagirkirina xaka kurdan û paştî komkujiyên hovane, ewna jinên kurd bi xwe re dibirin û difrotin hev. Ewan dagirkeran jina kurd weko Carî bilêv dikirin. Hindik ew urf û edetên xirab ku îro rojê di nava kultûra me de cî ketine, ji ber rola nerêniya Ol bûye.

Gellek urf û edet di nav civaka me kurdan de hene ku pirr kevneşop in

û hewce ye bêne guhartin. Nimûna wan edetên kevneşop, kirîn û firotina keçan, bedelxwînê, jin be jinî, zewaca bi zorê û zewaca li nav eşiretê û li hemiyan xirabtir û malbaxtir çend jinî ye û ….

Kultûra kirîn û firotina keçan mixabin hertim di nav civaka me de nemaze li bakurê Rojhelata Kurdistanê hebûye. Bav û birayan hertim xwe xwediyê keçan hesibandine û wek aleva bazirganî bi wan re tevgeriyane. Em hemû dizanin ku di dema xwastina keçan de çawan nirx û behayê bo keçan diyarî dikin û next didin û distînin. Eger malbata zava pare çi nebe, ew li hev du nakin û malbata keçê li benda xwazginîke din dimînin. Ew yek eger çi îro rojê kêmtir bûye, lê hêşta bi yekcarî nehatiye ji holê rakirin.

Ew nirxên kevneşop çawan dê bêne guhartin û altirnatîva nû ya wan nirxan kîjan e?

Her wek hemû kes dizane, nehêlan û ji holê rakirina nirxên kevneşop karek hêsan nine. Di her civakê de nirxên wiha kevneşop hebûne yan jî hene. Çi civakek bê zanist û têkoşîna mirovên xwedî hizr û baweriyên jîrbêjî û merivane nehatine guhartin û pêşxistin. Li hemû civakên ku guhartin di nirxên kevneşop de hatine kirin, mirovan bo afirandina wan guhartinan mixabin ked û xwîn dane. Soqrat ji ber ewê ku dijî kultûra kevneşop a Yûnaniyan sekinî, hate kuştin.

Renosana ku li Ewrûpayê ji salên ۱۳۰۰ dest pê kir û heta çend sedsalan dom kir, mirov dikare ewê wek mînakek herî balkêş binav bbike ku çawan di hizr û bîra mirovên kevneşop de guhertin çêbû.

Rola jinan di wan guhartinan de çiye?

Em dizanin ku heta rijîma kevneşop ya komara Îslamî di Îranê de li ser desthilatê be û Kurdistana Rojhelat jî di bin destê wan de rizgar nebibe, ne tinê jina kurd belkî mêrên kurd jî derfeta azadî û pêşveçûnê nabin.

Lê erka her jineke kurde ku ji mafên xwe xwedî derkeve. Em dizanin ku kes mafê mirov du destî pêşkeş nake. Ji bo maf standinê divê ku mirov têbikoşe û hewildanan bike. Her wek min li jor bas kir, dunya bi lezgînî ver bi gorhertinê ve diçe. Kurltûrên civakan bandorê dikin ser herv. Jinên kurd li Bakurê Rojhelata Kurdistanê heta îro rojê xwediyê çi sazî û dezgehên sivîl nine. Lê li hindek bajarên din yên Rojhelata Kurdistan ê wek Merîwan, Sine û Mehabad mirov dikare ronahiyek li xebata jina bibîne.

Rêjeyek pirr kêm jin di nava hindek partiyên siyasî de hene. Lê mixabin qet hebûna wan bi berfirehî xuya nine. Di wan salên dawî de rê li keç û jinên kurd rê vebûye ku herin xwendingeh û dibistanan û hindek li wan karîne bi serkevtin xwendina xwe ya bilind jî bixwînin û xilas bikin û bibin xwediyê dîplomayên bilind. Lê mixabin mirov qet dengê bizav yan jî meşeke fêminîstî li bakûrê Rojhelata Kurdistanê û



nemaze li Urmiyê nabihîse. Jiyana normal bo pirraniya wan keçane ew aye ku bizewcê û gellek zêr û zîver (xişir) hebin.

Li derveyî welat jî mirov dikare bêje ku jinên kurd bi awayeke pêwîst di warê xebat ji bo mafê weheviyê de xwe pêşve nebirine. Gellek in ew jinên ku li derveyî welat dijîn, lê mixabin qet deng û rengê wan xûya nine. Dema wê hatiye ku keça kurd êdî li xewa giran şiyar be, xwe nas bike û bi hebûna xwe bihese. Pêdivî ye ji erkên civakê netirsin û rolê xwe di hemû warên civakê de bilîzin. Tirsiyan û revîn ji berpirsiyariya civakî du qat jinan paşde dihêle.

Mediya îro li her çar parçên Kurdistanê kêm yan zêde basa rewşa jinan dike. Pirsa jin weko hercar êdî tabû nine . Bala xwe bidin Bakurê Kurdistanê ku çawan jin û keçên kurd ji bo mafê wekheviyê derdikevne kolanan. Erka her jinek kurd e ku xwe pêşve bibe û ji bo mafê xwe têbikoşe.

Jina kurd ya wek Îran Xanima Mucered li bajarê Urmiyê, dikare bo me bibe mînakek gellek baş. Îran Xanim ji dijî kultûra kevneşop heta roja dawîya jiyana xwe xebitî.

Keç û jinên kurd li Bakurê Rejhelata Kurdistanê mixabin mirov dikare bêje ku ne tenê ji bo mafê xwe naxebitin, belkî li tundûtûjiya ku

dijber bi jinan tê kirin jî hindek caran destekê didin mêran.

Meseleyek din ku zêde girîng e û divê em baş bala xwe bidinê, meseleya xwe şewitandina jinan e. Mixabin em pirr caran guh lê dibin ku filan jin yan keçê agir berda laşê xwe û bi awayî dawî li jiyana xwe tîne.

Xweşewitandin bûye fênomênek di nav civaka me de. Kêne ku dibin hegera xweşewitandina jinan!? Gelo ma tinê sîstima mêrserdest e ku dibe sedemê wê yekê? Bi dîtina min, jin bi xwe jî sûçdar in. Dayik, xûşk, xesû, jintî, diş, hevî û cîran û kesên din yên derdor her yek bi bi awayekê xetaker in.

Mêr çawan dikarin hevkar bin bo guhartinên erênî yên kultûrî?

Civak pêkhatiye ji jin û mêran. Simon de Beanuvoir fêminîsta navdar a Fransî dibêje: "Ew hepsa ku mêran ji bo jinan pêkaniye, li dereca yekem de mêr bixwe di wê hepsê de dijîn.»

Eger em civakekê ava bikin ku jin têde bi serbestî û azadî bijîn, dibe ku mêr jî milên xwe hildin û beşdar bin di wê xebatê de.

Jin namûsa çi kesê nîne! Em gellek caran wê sloganê dibîzin û dibêjin. Gelo me ji naveroka wê sloganê baş fêm nekiriye yan jî em her wek totiyan diqîrînin, bêy ewê ku em bizanin ka em çi dibêjin!?

Bi dîtina min tinê rêya ewê ku hindik ew kultûra paşkevtî û kevneşop li Bakurê Rojhelatê Kurdistanê rabin, dibe ku mêr û jin yên kurd li xewa kûr şiyar bibin. Erka hemû kesê ye ku xwe pêşve bibe û zanyariyên xwe zêde bike û nû bibe di warê fikrî û kultûrî de. Ji ber ku pêşkevtina her civakekê li komkirina pêşkevtina takên wê civakê ve serçave digre.

Perwerda herî girîng ji malbtê ve destpê dike. Ez li ser wê bawerê me ku televizyon, rojname, gowar û bi lidarxistina kombûn û semînaran kêm yan zêde basa pirsa jinan di civaka kurdan de tê kirin. Ji aliyek din, hindek sazî û partiyên kurd jî goreyî bîr û baweriya xwe car û bar basa jina kurd dikin. Herwisa rêjeya xwendevanên keç roj bi roj zêde dibin. Mirov dikare ew tiştin ku min bas kirin wek mekanîzmekê ji bona hişyariya jin û mîran bi kar bîne.

Dem dema internet û teknolîjiyaya modern e û cîhan mîna gundeke biçûk lê hatiye. Bala xwe bidin ew bûyera ku li Merîwanê çêbû. Di demek gellek kêm de hemû dunya pêhesiya û mêrên kurd jî piştgiriya jinan kirin û bi hev re ew kiryara şermezar kirin. Divê liv û teevgerên civakî di pratîkê de bibin; ne tenê bi gotin be.

Ew mêren ku cil û bergîn jina li xaw kirin ciyê rêzgirtinê ne. Ewan mêran tabû şikandin. Ewan nîşan dan ku jin bûn ne soce, ne kêmasî ye û ne nemirovahî ye, belkî rûmet e.

*Cihgira Serokê Civakê ye.

# Jina azad, azadiya jinê

## Hinek raman jinê û azadiya wê li Iraq û Herêma Kurdistanê piştî Beesê




**Kurtiyek**

Ev nivîsar ligel hemû tirs û gumanên nivîskar ji her core şiroveyeke hizrî yên mêrserdestane, îdeolojî û siyasiyane bo naveroka wê, hewildan û rêzeramaneke berpirsiyarane ye ji pirsa jinê li Iraq û Herêma Kurdistanê ya piştî hilweşîna Bessê. Di destpêkê de wisa xuyadibe ku ti hêviyek ji bo jinê nayê dîtin, lê ev yek dûr ji armancên nivîskar e. Gotar ti hukm û dadweriyekê nade, lê di navbera berhemanîna pênase û şirovekirina felsefî bo pirsa jina azad û azadiya jinê û peywendiya navbera wan, rêyê ji bo xwendevan vedike heta bi xwe encam û wêneyeke taybet di vê derbarê de bidestve bixe. Ev gotar di demekê de tê holê ku nivîskar bi girngî çavdêriya asta bîrdozî (teorî), rastî û pratîkane ya pirs û rewşa jinê û azadiya wê li Iraq û Herêma Kurdistanê dike û berhemên qelem û rewşenbîrên jin bi giringî dixwîne ku li ser rewşa jinan xwedî derdikvin û berevaniyê dikin, lê nimûneya bo xwendevan bicîh dihêle ku rojane di vê derbarê de li mediya û çamepeniyan dibîne.

Beşa yekem: Jina azad

Têgiha jina azad, amaje ye bi peywendiya navbera jin û azadiyê bi wî awayê ku jinê karîbe azadiyê bike şêwaza jiyana xwe. Kesek dikare azadiyê bike şêwaza jinaya xwe, ku xwedî `xwe` (self) bi xwe be û ji vê xwedîbûnê, bikaribe jiyana xwe bi wî awayê derbas bikeû berdewam bike ku azad e û hez dike, lê li ser wê bingehê ku ev xwedîtiya jin bidestve tîne, bibe bingeha kesayetiya wê (Personality) û hem bi wê azadiyê jî ku bi xwe kiriye şeklê jiyanê, xizmet bi azadiyê bi awayekî giştî bike.

Bi vî awayî jina azad kesek e, çi di warê çêkirna kesayetiya xwe pêşengiyê dike û çi di bicîanîn

û afirandina azadiykê de ku sûd û feydeya w hye bo gişt kesên din. Loma jina azad, pêdivî ye destpêkê bi xwe hebe, xwediyê kesayetiya xwe bibe heta ku ev şexsiyet bibe keseke azad. Bêy hebûna kesatî û xwedîbûnê, azadî nagihîje hawara jinê. Azadî, hergav azadî ye bo xwedîbûn û kesayetiyekê ku nirx û bihayê li cem wê li serveyî hemû nirxên din bibe. Ji ber ku tenê ew kes ji jinan dikaribin azad bibin û azadî şêwaza jiyana wan bibe ku dikarin kesatiya xwe tenê ji ber xwe xwe ve, çê bikin neku bi sedema wê pêgeha ku heye, yan wê serwet û samana ku di ber destê wê dee ye û bi wê bedewiya ku heye û ew mêr ku pê re zewicî ye û ew bawerînameya ku bidestve aniye. Jina azad, nemerc e ku jineke xweşik, yan xwedî saman û di pêgeh û berbirsyariyeke bilind de û xwediya bawerînameya bilind be. Çi di deqên çîrok, destan, helbestan de û çi di dîrok û dema nihha de, nimûneyên wan jinan gellek in ku bedewbûna wan û desthilat û pêgha wan, çi kesayetî nedaye wan. Belkî xwedîbûna wa di biryar û kiiryarên wan de zêde berçav bûye. Ji ber vêna hergav behsa jina azad tê kirin, behsa jineke xwedî nasname û xwedîbûnê tê kirin û ev basa cewherî ya kesbûna wê pêk tîne û vedigire, ne taybetmendî û peywendiyên wê. Lewra pêwîst e destpêkê jin xwediyê xwe û kesatiya xwe bibe, heta bikaribe weke jina azad bê binavkirin. Bêy kesayetî, jin nikare nasname (Identity) hebe û kesekê jî ku nasnameya xwe nebe, nikare azad be, çunkî herdem nas pêşmercê azadiyê ye.

Gelo bê nasname, xwedîbûn û kesayetiyê, em dikarin azad bibin? Belê, lêbelê wê demê azadiyê wateyeke bi tevahî berevaj heye ji azadiyê bi maneya giştî ya wê. Ew wateya berevajî azadiyê ti tiştek nine ji xeynî xwe girêdayina jinê bi komek tiştan ve, ku ne tenê wê azad nakin, belkî astengan jî jê re pêk tînin û dibin berlêgir ku azadî bi wateya wê ya berfireh nas bike. Ji vir ve jineke azad, jinek nine ku ew tiştên dike ku dixwaze û dike: cilûberg xwekirin, bikaranîna seksiyane ya ceste û çûne çepera dijî mêran yan kesên nêr û dehan tiştên din. Helbeet her jineke azad, serbest e çi kincekê lixwe bnike û cesteyê xwe çawa bikr bîne û helwêstê li dijî sîstemên mîna bavserdestî û nêrserdestiyê bigire, lê tu gav azadî bi wateya wê ya berfireh

biçûk nabe di ast û radeya hez û xweziyan de. Her şereke jinê li dijî wan hêz û desthilatan ku rêgiriyê lê dikin bi dilxwaza xwe kincan ber bike û li gor dilê xwe tevbigere yan dijberiya mêran bike, yan di çepera vê partiyê û aliyê îdeolojî piştgiriyê ji xwe re bindest bixe, ji wî şerî biçûktr e ku dive bo azadiya xwe bike...

Jina azad,



keseke xwe ji van şerên biçûk û vir û wir rizgar kiriye û şer li ser mafên bingehîn dike. Jina azad, ne jina bê hevser e, ne jina rût û tazî ye, jinek nine ku elkolê vexwe û herdem serxweş û bêhiş bibe, ne jinek e di w demê de xwedî hevsere, her demê mêrekê bo sekskirin û cotbûnê hilbijêre. Evna ew têgih in bo azadiya jinê ku hêzên civakî yên kevneparêz û dijî jin bi sedema wan, dixwazin hemû tevgreke jinê li derveyî pîvan û çarçoveyên civakî, olî û eşîrî weke `serberedqyîbûn` û derktin ji urf û exlaq şirove bikin û bi van sedeman jinan bixin hundirê qefesa tawanan û wan

mijûl bikin heta ku nekarin ji azadiya xwe bifikirin. Loma, heta egr şerkirina jinê bona her yek ji van kiryaran, wekepêdiviyekê jî bo selimandina kesayetiya xwe bê şirovekirin, nabe mîna pêwîstiyekê ji bo azadiya jinê bê fêmkirin û nirxandin. Meyvexwarin, seks, xwe tazîkirin û cixarekêşan, ti yek nabin cihgirê azadiya jinê û nikarin qet role wê bilîzin û nabe jin hemû hêz û şiyaana xwe di vê rêyê de xesar bike û ji rêje û qasê wê hêz û vejenê kêm bike ku jê re pêdivî ye bona azadiyê.

Li vir em dikarin bibêjin: Jina azad jineke xwedî bîr û fikr e ji wan rewşan ku wisa kiriye şerê wê ligel cîhan, civak û mêr bibe şerkirin di asta vir û wir de, ne di asta giring a meydanê de. Şerê cilûberg, zêr û nîqaşkirin li ser meaşê malbatê, ti yek xwedîbûn û kesayetiyê bo jinê ewle û garantî nakin. Jina bîrmend û xwedî fikr, bîr ji qadên piştî şer nake, belkî di qada pêşîn a wa şeran de ye û ger serkevtin û aurbaniyek hebe, serkevtin û goriyê wê bi xwe ye. Jina azad, li destpêkê, hergav û bi berdewamî şer ji bo azadiyê dike, heta bikare di bin siya azadiyê de şer û xebatê bo wekhevî û kerametê bike û şer li dijî tundûtûjiyên siyasî, sembolîk, qanûnî, aborî, civakî, kultûrî û olî bimeşîne, ku hemû di demekê de û bi hev re berlêgir in di pêşiya azadiya jinê de.

Bûn bi jina azad, hewildane bona çêkirina kesayetiya jinê bi pêvajoyeke berpirsyariyê li heêber azadî û xwe azadkirin ji hemû qeyd û bendekê ku gef û metirsî ne bo ser azadiyê. Li vir jî, yekemîn hewlên jinê bo azadbûna xwe, bi hewildan bona azadî û di rêya azadiyê de derbas dibe. Jin ku azad nebe, tê wateya wê asteng hene di pêşberî azadiyê de. Lê gelo berlêgir kîjan in? gelo ew mêrên serhişk in ku tundûtûjiya malbatî berhem tînin, an ew Mele ne ku berdewam gefê ji ceste û hebûna jinê dixwen? An ew siyasetvan in ku berdewam pirsa jinê weke pêveka pirsên din temaşe dikin? An ew destthilatdarên nawêrin postên bilind bidin bi jinan? An jiyana materyalî ya civakê ku teslîmê sermayedariyeke kor û dirinde bûye û pêgeha jinan di civakê de pir tevlihev û xerab kiriye?

Dom dike….

BBC:

# “Jin li Herêma Kurdistanê ji ber kevneperestî û mêrserdestiyê xwe dişewitînin”



**Dr Mihemed Fathel :**

**``Her mehê ji ۲٥۰ heya ۳۰۰, hinek caran jî ٤۰۰ jin digihijin nexweşxaneyê, pirraniya wan jî ji ber hewldanên xwekuştinê tên.``**

Televizyona brîtanî BBC bi sernavê “Ji bo çi jin li Kurdistana Iraqê xwe dişewitînin?” reportajek weşand. Reportaj bi qêrînên êşên keçeke ciwan di nexweşxaneya Hewlêrê de despêdike. Ew qêrîn yên Meryem Nebîl (١٤ salî) in, ya ku agir berdabû canê xwe, piştî ku

malbata wê nameyên wê yên evîndarê, ku wê û evîndarê xwe ji hevdu re dişandin, kişif kiribûn.

Meryem bi dengekî lerizî û westiyayî ji ser textê nexweşan dibêje “Ez bi vê yekê pirr şermîn bûm, min nikarîbû ruyê xwe bidaya malbata xwe. Min ji wî xwest ku bi min re bizewice, lê ew yek nepijrand, min rabû agir berda bedena xwe”.



Kesên ku li cadeyê nêzîkî Meryemê bûn karîbûn agira di bedena wê de vemirînin û rêjeya şewitandina wê kêm bikin. Bijîşk Mihemed Fathel ji beşa şewatê ji BBC re ragihand ku her mehê ji ۲۵۰ heya ۳۰۰, hinek caran jî ٤۰۰ jin digihijin nexweşxaneyê, pirraniya wan jî ji ber hewldanên xwekuştinê tên. Suzan Arêf, rêvebira Rêxistina Bihêzkirina Jinan, jî bal kişand ser astengiyên civakî yên li pêşiya jinan: “Di çanda me de zewaca bi zorê yan jî zewaca di temenekî biçûk de hene, hin caran nahêlin ku jin xwendina xwe bidomînin, nemaze li gundan û di nav civakên biçûk de, her wisa nahêlin ku jin kar bikin, ji ber ku bawer dikin ku baştir e jin di malê de bimînin.

Peyamnerê BBC amaje bi wê yekê kir ku Herêma Kurdistanê di van salên dawîn de di warê aborî de bi pêş ketiye û bandoreke erênê li ser rewşa jinê kiriye lê civak hêj bi awayekî tund patriyarkal û kevneperest e: “Her kudiçe bêhtir jin derbasî zankoyan û bazara kar dibin lê hêj rêyeke dirêj li pêşiya wan heye, heta ku mafên wan di civakekê de ku tê de irfûadet pirr hêzdar in bi temamî bêne naskirin.”

# Jin û hilbijartinên serkomariyê li Îranê

**Raport : Îsmayîl Zûrmend**
**Ji Soranî : Daryûş Reşîdî**

JINAN – Kurdistanmedia: Her di destpêkê de ku rejîma Komara Îslamî ya Îranê hate ser kar, bi berdewamî cûdahî û zilm li jinê hatiye kirin û ev rejîma han bi awayên curbicur, jin ji birêvebirina karûbarên civakê bêpar kiriye.

Di demekê de gera ۱۱'ê ya hilbijartinên serkomariyê li Îranê birêve diçe ku nîva civakê wate jin, ji beşdariya li pêşbaziya hilbijartinê hatine bê parkirin.

Hewceyê gotinê ye di vê hilbijartinê de jin dikarin berbijêrê xwe hilbijêrin lê nikarin di vê hilbijartinê de bixwe berbijêrê posta serkomariyê bin.

Rejîma Îranê li her hilbijartineke serkomariyê de, bo vê ku nîşan bide, jin jî mafê vê heye ku berbijarê posta serkomariyê be, îznê didin navnivîsiyê bikin, lê piştre ji fîltera Konseya nobedar re derbas nabe, bi vî hêcetê ku jin e.

Niha pirsyar di vir de ye ku armanca rejîma Îranê ji navnivîsiya wan çî ye? Gelo naxwazin ev jinane bibin serkomar an sînaryoyekê birêve dibin?

Yek ji pirsên girîng ên beşdariya jinan li hilbijartina de vedigere bo "Rêcelê siyasî", ku di yasaya bingehîn de, weke yek ji sozên serkî bo berbijaran hetiye diyarîkirin.

Her di vê pêwendiyê de berdevkê şêvra çavedêriyê ragehand, Şevra Nobedar tu demekê "Rêcelê siyasî" bo van girîng nebûye ku wan piropagedane dikin.

Eva di demekê de ye ku li gor esla ۱۱۵'a a yasaya bingehîn a rejîma Îranê, serkomar dibe di nav "Recolê siyasî û olî" de berbijêr bike û peyva "Recol" tenê bo mêre bikar tê.

Îro jin ji piraniya postên bilind ên weke, serkomarî, nûnerayetî û dadwerî hatine bêparkirin û niha li bereberê hilbijartinên serkomariyê de dixwazin bi dana sozan,bala jinan bo aliyê xwe bikêşin û evan bibne ser sindûqên dengdanê.

Piştî derbasbûna ۳٤ salan ji temenê komara Îslamî derdikeve ku tenê heyamê hilbijartinan de jin dikevine berçavê desteladarên rejîma Îranê û piştî hilbijartinan ew tên jibîrkirin.

Karbidestên rejîma Îranê û li serweyî hemûyan rêberê Îranê, pirsa jin weke maldarî, dayîk û aşpêj mêze dike û gelek jî berçave.

Pere girtin û çûna serê ya tundutîjiyên weke avêtina têzavê bi ser dev û çavên jinan, û destdirêjiya bi kom bo ser jinan û kiçan ji aliyekê ve û çêkirina astengî û konterol kirina çalakiyên jinan li warê

siyasî û civakî ve û herweha Telaq, Mîrat, Jin nîva mêr, cudakirina cinsî, bêparbûn ji hindek riştê zanîgehê û.... hwd, ji aliyek din ve, li sîstema Komara Îslamiya Îranê de bi dijî jinan birêve diçin.

Ji jinan di hilbijartinan de, weke emrazek teblîxatî mifah tê wergirtin

Sozên karbidestên rejîmê tu carî li berjewendiya jinan de nebûye û ji wan kirina şêwaza berkirina cilûbergan danîne, lê di dema hilbijartinê de tu karek bi van nine û heta rasterast di civînan de beşdarî dikin û guh ji axavtina van digirin.

Ya balkêş ew e ku jin li Îranê de ji çûna bo yarîgehan ( bi awayê têkel û bi mêran re) hatine bê parkirin, lê dema ku hewcehî bi wan hebin, rê didin wan ku bi dilê xwe kar bikin, û li yarîgehan de



wek emrazekê mifah hatiye wergirtin.

Xomeynî rêberê pêşîn yê Îranê ne tenê tu baweriyek bi beşdariya jinan di berêvebirina civakê de nebûye, belkû li hewla evê de bû ku ji dengdanê jî bêpar bike û ji gelek tiştên din jî bêpar bike, lê bo evê ku meşru'yetê bi nîzama xwe bide bi van mafê dengdanê da.

Her çend ku jinan bi berdewamî li jêr çavdêriya ewlehiya rejîmê de bûne û "geşta îrşad" bi xasmanî bo konterol beşdariyê li civînên berbijaran de bikin.

Ya ku em dikarin li dawiyê de bêjin û eşkere ye jî, ew e ku ew şêweya mêzekirina ji jinê, li rastî de kêmdîtina jinê ye, û şikandina kerameta jinê ye û jinên Îranê divêt gellek çav vekirî û netirsane, rê nedin ku bibne kerestê destê deshilatdarên rejîma Îranê û pîlanên wan bikne bilqa ser avê.